هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ و
لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

ژمارە (١٧٥) ١٣ـ٧ـ١٩٧٣

نرخی (٢٠) فلسە

تەلەفون ٢٠٣٦٠

سەرکۆمار پیرۆزبایی لە سەرۆکی مەنگۆلیا کردووە

سەرکۆمار کاک احمدحسن بکر ئەم بروسکە پیرۆزباییەی بۆ سەرۆکی کۆماری گەلی مەنگولیا ناردووە :
بەرێز زامسرانکین سامبۆ سەرۆکی ئەنجومەنی سەروکایەتی کوماری گەلی مەنگولیا ـ ئۆلان باتور ٠
بەبۆنەی جەژنی نیشتمانی کوماری گەلی مەنگۆلیاوە ، لەجیاتی گەل و حکومەتی عیراق و بەناوی خۆمەوە جوانترین پیرۆزباییتان لێ ئەکەم ٠ هیوادارم گەلی مەنگولیا بەردەوام لە پێشکەوتندا بێت ٠

احمد حسن بکر
سەرکوماری عیراق

سەرۆک احمد حسن بکر نامەیەکی لەقازی ئیریانییەوە پێ گەیشتوە

پاش نیوەڕۆی چوارشەممەی رابوردوو دکتۆر حسن مکی جێگری سەرەکوەزیرانی کۆماری عەرەبی یەمەن لەگەڵ غالب علی جمیل جێگری وەزارەتی دەرەوە بەسەردان هاتن بۆ عیراق بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگەکانی تەموز ٠ دکتور حسن نامەیەکی لەقازی ئیریانییەوە هێناوە بۆ سەرۆک بکر ٠

ئا٠د٠ع

تەموز یادی سەرکەوتنی خەباتی یەکگرتووی گەلەکمانە

سیستەمی پێشکەوتنخوازی عیراق نەخشەکانی ئەمەریکای شێواندووە

بیروت : ١١ـ٧ـ ئا٠د٠ف : ئا٠د٠ع :ـ رۆژنامەی «فلسطین الثورە» ئۆرگانی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین وتویە ، مخابەراتی ناوەندی ئەمەریکا کە ئیستا بارەگاکەی لە تارانە ، « روخاندنی سیستەمی فەرمانڕەوای ئێستای عیراقی » کردوە بە ئامانجێکی سەرەکی خۆی ، وە دەزگای ناوبراو لە کونفرانسەکەی مانگی نیسانی رابوردوا کە لە ژێر پەردەی کونفرانسی دیپلوماسی یەکانی ئەمەریکا لە تاران گیرا ئەم بڕیارەی داوە ٠

ئنجا رۆژنامەکە پرسیاری کردوە بۆچی عیراق ئەمەریکای نارەحەت کردوەو لەوەلاما وتویە : نارەحەت بونی ئەمەریکا لەبەر چوار هۆی گرنگە کە ئەمانەن ٠

● عیراق بنکەو بەرەیەکە لەو بنکە سەرەکی یانەی کە بەچارەسەرکردنی خۆبەدەستەوە دەرانە قایل نابێ و یارمەتی شۆڕشی فەلەستین ئەدات ٠

● میللی کردنی پترۆلی عیراق رووداویکە کارێکی رزگاری خوازانە ئەکاتە سەر گەلانی ولاتانی تری خاوەن نەوت ٠

● عیراق بەربەرەکانی ئەو دەست درێژی یانە ئەکات کە ئێران ئەیانکاتە سەر ناوچەی خلیجی عەرەب هەروەها دیفاع لە عەرەبایەتی ناوچەکە ئەکات ٠

● عیراق لە مەیانی عەرەبی یا دەورێکی پێش ڕەوانە ئەگێڕێ و « لەبەرەی پشتگیری کردنی شورشی فەلەستین دا » بەشدارە ئینجا رۆژنامەکە بایەخی بەو دەستکەوتانە داوە کە شورشی ١٧ی تەموز لە مەیانی ناوخۆو عەرەبی یا بەدی هێناوە ٠

پاش نیوەڕۆی چوار شەممەی رابوردوو سەرکۆمار کاک احمداحمد حسن بکر لەبارەگاکەیانا لەکۆشکی جەمهوری پێشوازی کاک یاسر عرفاتی سەروکی لیژنەی بەریوەبردنی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی کردوە لەگەڵ ئەو وەفدەی لەگەڵیا بوە کاک عرفات دوای دیدەنی یەکە وتویە کەلە چاوپێکەوتنەکەدا دەربارەی شۆڕشی فەلەستین و باری ئێستای ناوچەی عەرەب گفتوگۆیان کردوە ، هەروەها سەرکۆمار پێی وتوە کە عیراق بە هەموو توانایەکیەوە پشتگیری گەل و شۆڕشی فەلەستین ئەکات ٠

لەلایەکی تریشەوە کاک شبلی عیسمی یاریدەدەری سکرتێری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و کاک علی غنام ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی چاویان بەکاک عرفات کەوتووە ٠ ئەوەی شایانی باسە کاک یاسرعرفات رۆژی ١١ـ٧ لەگەڵ وەفدیکا بەسەردان هات بۆ عیراق ٠ بڕیاریش وایە کە وەفدەکەی فەلەستین لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوەیی دا گفتوگۆ بکات ٠

پێک هێنانی وەزارەتێکی تازە لەشیلی

دکتور سلفادور ئەلیندی سەرۆکی شیلی رۆژی ٧ ـ ٧ وەزارەتێکی تازەی پیک هێنا وەزارەتەکە لە ١٥ وەزیر پێک هاتوە حەوتیان تازەن و ئەوانی تریش لەوەزارەتەکەی پێشودا وەزیر بوون ٠

وەزارەتە تازەکە سێ وەزیری کۆمۆنیست و چواری سوشیالیستی و سێ رادیکالی تیایەو ئەوانی تریشی بەسەر پارتە چەپخوازەکانا دابەش کراون ٠

لەلایەکی تریشەوە شینخوائەڵی : فەرمانەدەی گشتی هێزی زەوی و فەرمانەدەی گشتی هێزی دەریاو فەرمانەدەی هێزی ئاسمانی شیلی بەیاننامەیەکیان دەرکردوە تیایا رایانگەیاندوە کەهێزی چەکداری شیلی پشتگیری حکومەتی یەکێتی گەل ئەکات بەسەرۆکایەتی دکتور سلفادور ئەلیندی ٠ ئەوەی شایانی باسە ماوەیەک لەمەوبەر هێزە کونەپەرست و بەکرێ گیراو راستخوازان ئاژاوەو هەراو هۆریایەکی زۆریان هەڵگیرساندوو چەند هێزێکی لەشکر ویستویانە کودەتایەک دژی سیستەمی دکتور ئەلیندی ساز بکەن ئەوە بوو هێزەکانی گەل و هێزی چەکدار کودەتا کۆنەپەرستەکەیان پووچەڵ کردەوە ٠

کوشتارێکی خوێناوی لە موزەمبیق

لەندەن : ئاژانسەکان : رۆژنامەی تایمز کە لە لەندەن دەرئەچێ لەژمارەی رۆژی ١٠ ـ ٧دا راپورتێکی بلاو کردۆتەوە تیایدا ئاشکرای کردوە کە سەربازەکانی ئیمپریالیزمی پورتوگال کوشتارێکی خوێناوی یان لەخەلکی مۆزەمبیق کردوە ، ئەو تاوانە چەپەلەش لەو کوشتارە ئەچێ کە هێزەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لەدێی ـ مای لای ـ لەخواروی فیتنامدا کردبویان ٠ راپۆرتەکە وتویە هێزەکانی گورگەپیرەی پورتوگال بەلای کەمەوە چوارسەد پیاوو ژن و منالی دێی ـ وربامو ـ یان کوشتوە ٠ هەروەها راپۆرتەکە ناوی ١٣٠ کەسی بلاو کردۆتەوە کە هێزەکانی ئیمپریالیزمی چەپەلی پورتوگال لەمانگی کانونی یەکەمی رابوردوا کوشتونی ٠ راپۆرتەکە لە کۆتایی دا وتویە : ئەو کوشتارە خوێناویەی ئەمجارە لەدوای زنجیرەیەک کوشتن و برینە کە هێزەکانی پورتوگال لەسالی ١٩٧١دا دژی گەلی قارەمانی موزەمبیق دەستیان داوەتی ٠

کاسترۆ : ئیمپریالیزم و نۆکەرانی لەئەمەریکای لاتین لەجموجۆڵی نەکەوتون

هاڤانا : ٧ـ٨ رویتەر :دوکتور فیدل کاسترۆ سکرتێری پارتی کومونیست و سەرەکوەزیرانی کوبا لە میهرەجانێکی لاوانا لە خلیجی (خناریر) لەخواروی کوبا وتارێکی خوێندەوە تیایدا بەتوندی نارەزایی خۆی دژی رێژیمە عەسکەری یەکەی ئورگوای دەربڕیوەو بەرێژیمێکی کۆنەپەرستی دیکتاتوری یانەی ناوبردووە ٠ کاسترۆ وتویە :ئەو کودەتایەی لە ئورگوایا سازکرا لەگەڵ ئەوکودەتا کۆنەپەرستانەیەی دژی حکومەتی دکتور سلفادۆر ئەلیندی شیلی رێکخرا ئەوە ساغ ئەکاتەوە کە تاوەکو ئێستا هێزەکانی ئیمپریالیزم لەئەمەریکای لاتین دا لەجموجۆڵی و چالاکی نەکەوتون ٠

لەکۆتاییدا سەرەک وەزیرانی کوبا بایەخی بەوخەباتەداوە کە گەلانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و خوارووی رۆژهەلاتی ئاسیاو ئەفەریقا دژی ئیمپریالیزم و کولونیالیزم و رەگەزپەرستی ئەیکەن و ستایشی تەقەللای پەنامای کردوە لە پێناوی دەستخستنەوەی کەنالی پەنامادا ٠

[×]

نیو ملیۆن کرێکاری ئۆرگوای مانیان گرتووە

مۆنتفیدیۆ : یونایتدپریس :وابوبە دوو هەفتە نیو ملیون کرێکاری ئورگوای مانیان گرتووەوە هەرچەندە سەرکومار هەرەشەی لەکرێکارە مانگرتوەکان کردبوو کە ئەگەر بێتو دەست لە مانگرتنەکەیان هەڵنەگرن ئەوا یەکە یەکە سزایان ئەداو بەهێزی لەشکرو پولیس بلاوەیان پێ ئەکات بەلام دەرکەوت کە ئەوهەڕەشەیەی ـ بوردابیری ـ هیچ سودێکی نەبوە٠ ئاژانسەکە ئەلی : ئیش وکاری فابریقەکانی نەوت پالاوتن بەیەکجارەکی پەکیان کەوتوە ٠ لەلایەکی تریشەوە پارتی یە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازو بزوتنەوە چەپخوازەکان بەیاننامەیەکیان دەرکردوە تیایدا نارەزایی و بێزاری خۆیان دەربڕیوە دژی ئەو سیاسەتە توندوتیژی و تۆقاندن و تێرۆرە رێژیمە عەسکەری یەکەی مونتفیدیو گرتویەتیە بەر ٠ وەبەیاننامەکە داوای کردوە کەسەر لە نوێ پەرلەمانیان دابمەزرێنرێتەوەو هیچی تر ئازادی یە دیموکراتی یەکان پێ شێل نەکرێن ٠٠٠

مەرسومێکی جەمهوری

بەپێی بەندی (١٩٠) وە بە دەلالەتی بەندی (١٥٦) لە یاسای سزادان دادگا تایبەتیەکەی تاوانبار ناظم گزارو تاقمەکەی لە روداوی ژمارە (٢)وە لە ریگەوتی ٨ـ٧ـ٩٧٣ بریاری لەناوبردنی دابوو بەسەر تاوانباران : عبدالخالق ابراهیم خلیل سامرایی و محمد فاضل و نەقیبی أمن داود حمید درەو نقیبی أمن لطیف رشید تمیمی و ناجی حسین دلیمی و ناصر فنجان سعودی و ملازم حسن ابراهیم مطیری و ملازم أمن محمد مطر حسین و ملازم أمن سعدی صادق نصیف و مفوضی أمن موفق ناجی صالح و مفوضی أمن اسماعیل محمد احمدو أمین عبدالله أمین کروی و فوءاد محمد حمید کە بە فوءاد أعور ناسراوەو مفوضی أمن عبدالهادی علی عبدالله ٠

لەبەرئەوە ، بەپێی حوکمەکانی برگە (ن) لەبەندی (٥٧)ی دەستوری وەختی بەم جۆرەی خوارەوە بریارمان دا :

١ ـ بریاری لەناوبردنی ئەم تاوانبارانەی خوارەوە جێ بەجێ ئەکریت محمد فاضل و نەقیبی أمن داود حمید درەو نەقیبی أمن رشید تمیمی و ناجی حسین دلیمی و ناصر فنجان سعودی و ملازم حسن ابراهیم المطیری و ملازم أمن مطر حسین و ملازم أمن سعدی صادق نصیف و مفوضی أمن موفق ناجی صالح و مفوضی أمن اسماعیل عبد محمد احمدو أمین عبدالله أمین کروی و فوءاد محمد حمید کە بە فوءاد الاعور ناسراوەو مفوضی أمن عبدالهادی علی عبدالله ٠

٢ ـ بریاری لەناوبردنی تاوانبار عبدالخالق ابراهیم خلیل سامرائی ئەگۆری بە بەندکردنی قورس هەتا هەتایە ئەو مەرسومە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە جێ بەجێ ئەکرێت لە بەغدا لە رۆژی ٧ی مانگی جمادی ئاخرەی سالی ١٣٩٣ کۆچی کە رێککەوتی رۆژی ٨ی مانگی تەمموزی سالی ١٩٧٣ نوسرا ٠

احمد حسن البکر
سەرەک کۆمار

وە هەر لەو شەوەدا ئەو بریارە جێ بەجێ کرا کە دادگای تایبەتی دابوی بەسەر تاوانبارەکان ٠

کورتە هەواڵ

● بیروت : ١١ـ٧ رویتەر : سلطان بن عبدالعزیز وەزیری بەرگری سعودی داوای کردوە کە لەمەولا زیاتر هاوکاری لەگەڵ رێژیمی ئیراندا بکرێت ٠

● نیقوسیا : ئاژانسەکان : رۆژی ١١ـ٧ لەقبرص دەست کرا بە محاکەمەکردنی ٧ پێشمەرگەی فەلەستین بەتۆمەتی ئەوەی کە لە ٩ی مانگی نیسانی رابوردوا مالی بالیوزی ئیسرائیلیان لە نیقوسیا کاول کردوە ٠

● مۆسکۆ : تاس : رۆژی چوارشەممەی رابوردوو لە کۆشکی کرملین لە موسکۆ وتوویژی نێوان کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیێت و سەرکردەکانی ڤیێتنامی دیموکرات دەستی پێکرد ٠ لایەنی سۆڤیێت لەم گفتوگۆیانەدا لە لیونید بریجنێڤ و پودگۆرنی و کوسیگن و لایەنی ڤیێتنامیش لەلیدوان سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کارگەران و فام فان دونگ سەرەک وەزیران و چەندامێکی تر پێک هاتوە ٠

● هلسەنکی ١٢ـ٧ ئەدن : لە ١٨ تاوەکو ٢٢ی ئەیلول دکتور ئاهتی کاریا لاینین وەزیری دەرەوەی فلندە گەشتێک بە تەنزانیاو حەبەشەو زامبیاو گینیا نایجیریادا ئەکات ٠

قذافی گەرایەوە بۆ لیبیا

قاهیرە : ٩ـ٧ ئا٠د٠ ع : معمر قذافی سەرۆکی لیبیا دوای سەردانە ١٧ رۆژیەکەی میسر ، لە قاهیرەوە گەرایەوە بۆ لیبیا ٠ قذافی لە سەردانەکەیا لەگەڵ انور ساداتی سەرۆکی میسر دەربارەی یەکخستنی میسرو لیبیا وتوویژیان کردبوو ٠ بەلام تاوەکو ئێستا پاشەرۆژی ئەو یەکێتی یە نەزانراوە چی بەسەر دیت ٠

[×]

حەمە رەزاشا سەر لە ئەمەریکا ئەدات

واشنتۆن : ٩ـ٧ ئا٠د٠ع :کۆشکی سپی ئەمەریکا بلاوی کردوەوە کە حەمەرەزا شای ئێران و شاژن فرح پهلوی لە ٢٤ـ٢٧ی ئەم مانگە بەسەردان ئەچن بۆ ئەمەریکا ٠ ئەوەی شایانی باسە لەمانگی ئایاری پارا نیکسون و خێزانەکەی بەسەردان چووبوون بۆ ئێران و لەتاران لەگەڵ شا کوبوونەوە، وە شاو فرح پهلوی لەمانگی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٦٩دا سەریان لەئەمەریکا دابوو ٠ بەلام کوشکی سپی ئەمەریکا باسی ئامانجی ئەم سەردانەی شای تارانی نەکردووە ٠

تەموز و ئامانجە سەرەکی یەکانی ئەم قۆناغی گەلە تێکۆشەرەکەمان

لە بیرەوەری ئەمسالی هەردوو تەموزدا ئەرکی جێ بەجێ کردنی گەلێ مەسەلەی گرنگ روو بە رووی گەلەکەمان بە کوردوو عەرەب و کەمایەتی یەکانی یەوەو هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازو دیموکراتی خوازەکانی ولات ئەبێت ٠

هەموو ئەزانین کە ئەنجامی شۆڕشی ١٤ی تەموزی پیرۆز لە ناوبردنی رێژیمی پاشایەتی سەر بە ئیمپریالیزم و هەڵتەکاندنی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کۆمپرادور و جێ بەجێ کردنی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی بوو لە عیراقدا ، ئەو شۆڕشەی کە شۆڕشی ١٩٢٠و شۆڕش و راپەرینەکانی تری هەردوو گەلی کوردو عەرەب بوون بە بناغەو پایەی سەرکەوتنی ٠ هەروەها تەموزی ١٩٦٨یش هەر بۆ ئەوە هاتە کایەوە کەهەڵوێست و نوچەدانی شۆرشی تەموز لە ناوبەرێت و جەماوەری گەلەکەمان بەرەو جێ بەجێ کردنی ئاواتە نەتەوەیی و دیموکرتی یەکانی خێراتر لە جاران بەرەو پێش بروات و سەربەخۆیی سیاسی عیراق و سەربەخۆیی ئابوری لە هەموو گیروگرفت و کەلێنێک رزگار بکات ٠

بۆیە ئەرکی سەرەکی هێزە نیشتمان پەروەرە پێشکەوتنخوازەکانی ئەمڕۆی گەلەکەمان جارێ هەر لە سنوری شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی دایەو بەگژا چوونی ئیمپریالیزم و پتەوکردنی سەربەخۆیی ئابوری و پارێزگاری سەربەخۆیی سیاسی و لەناوبردنی پاشماوەی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری گەورەی سەر بە بێگانەو چاککردنی کشتوکاڵ و پیشەسازکردنی وڵات و پشت بەستن بە جەماوەری رەنجبەرانی وڵات بنچینەو پایەی هەرە گەورەی ئەم قۆناغە مێژوویەن ٠

ئاشکراشە کە لە پلەی وا ناسک و گرنگ داو لە نێو گۆڕانێکی بنچینەیی واداکە دۆست و دوژمنی ناوخۆو دەرەوە لە یەکتری جیا ئەکرێتەوە ئیمپریالیستەکان و رژێمە کۆنەپەرستەکانی دراوسێ و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆ ئەکەونە خۆکۆکردنەوەو پیلان دانان بۆ بەگژا چوونی پێشکەوتنی گەل و پاراستنی قازانجی خۆیان و دەستخستنەوەی دەسەڵات و نفوزی لەناوچوویان ٠

بۆیە خۆ ئامادەکردن بۆ پوچەڵ کردنەوەی چالاکی و پیلانی ئەم دوژمنانەو پتەوکردنی ریزە شۆڕشگێڕەکانی گەل و یەکگرتنی چینە رەنجبەرەکان و دۆستەکانیان ئەبنە ئامانجی سەرەکی هێزە پێشکەوتنخوازە نیشتمان پەروەرەکان ٠

ئەمە لە لایەک ، لەلایەکی تریشەوە خۆپاراستن لە چالاکی و هەوڵ و تەقەللای تێکدەرانەی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا ئەبێتە فرمانێکی هاوشان لەگەڵ ئەو فرمانانەی پێشوکە فەرامۆش کردنی هەر لایەکیان ئەوی تریان مایەپوچ و بێ بایەخ ئەکات ٠

هەمو ئەزانین کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بە ناوی دەستخستنی وزە (طاقة)ونەوتەوە بە ئاشکرا کەوتۆتە پیلان دانان دژی گەلانی رۆژهەلات بەگشتی و گەلانی عەرەب بە تایبەتی ، وە عیراق و یەمەنی دیموکرات و پێشمەرگەی فەلەستین و پێشمەرگەی زەفارو هەموو هێزە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکانی ئەم ناوچەیەی کردوە بە ئامانجی تیرە ژەهراوی یەکانی و بێوچان نەخشەی لەناو بردنیان بەهاوکاری کۆنەپەرستانی ناوچەی ئەکێشێت ٠ وە ئەوگیروگرفت و ناتەواوی یانەی کەوتونەتە ریزی بزوتنەوەپێشکەوتنخوازانەی ئەم گەلانەوە بوون بە هەوێنی جێ بەجێ کردنی ئەم پیلان و نەخشانە ٠

جا بۆ لەناوبردنی ئەم پیلان و نەخشانەی ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستانی ناو خۆو دەرەوە لە هەموو کاتێک پێویست ترە کە هێزە نیشتمان پەروەرە پێشکەوتن خوازەکانی وڵات ریزی خۆیان یەکخەن و ناکوکی بچوک لە پێناوی قازانجی گشتی دابخەنە لاوەو بە هاوکاری جەماوەری نیشتمان پەروەری گەل بێنە کۆڕی خەباتێکی شۆڕشگێڕی دلێرانەوە ٠ هەر چەندە ئەزانین ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بەهێزن بەلام دلنیاین کە گەلەکەمان لەوان بەهێزترەو هێزی شۆڕشگێڕان لە هێزی دوژمنان قایم ترە بۆیە هیواداریـن گەلە تێکۆشەرە فیداکارەکەمان لە بیرەوەری سالی داهاتودا هەموو پیلانەکانی ئیمپریالیزمی زیندەبەچال بکات و گەلی عیراق بە هەموو ئامانجە دیموکراتی یە شۆڕشگێڕەکانی بگات و گەلی کوردیش بە ئۆتونۆمی و جەماوەری رەنجبەرانی کوردو عەرەب و کەمایەتیەکان بە ئامانجە چینایەتی یە سەرەتاییەکان شادبن ٠

Institut kurde de paris

هەفتەی باسێك

كوشتارە خوێناوی یەكەی موزەمبیق نیشانەی لنگەفرتێی سەرەمەرگی ئیمپریالیزمی پورتوگالە

رۆژی سێ شەممەی رابوردوو رۆژنامـەی تایمزی لەندەنی راپۆرتێكی بلاوكردەوە تیایدا ئاشكرای كردوە كە سەربازەكانی ئیمپریالیزمی پورتوگـال لەمانگی كانونی یەكـــەمی رابوردوا - ٤٠٠ - ژن‌و پیـــاو منالی بێ گوناهی موزەمبیقیان لـەگوندی (ویریامو) سەربڕیوە بەبیانوی ئەوەی گوایە ئەمانە كۆمـــەك بـەپارتیزانانی بزوتنەوەی رزگاری‌خوازی موزەمبیق ئەكەن .

وەكو ئەیزانین گەلی موزەمبیق لە٢٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٤ـەوە بەسەركردایەتی بزوتنەوەی رزگاری‌هێنـــەری موزەمبیق دلێرانە چەكی لەرووی داگیركەران هەڵگرتوە شۆرشێكی چەكدارانەی دژی ئیمپریالیزمی پورتوگـال بەرپاكردوە ، وەلەماوەی ئەم‌نۆ ساڵەدا ، شان بەشانی گەلانی گینیا - بیساوو ئەنگۆلاو زیمبابوی‌و نامیبیاو خواروی ئەفەریقا لەزروفێكی گران‌و ناخۆشـــا درێژەی بەتێكۆشـان‌و خەباتی خۆی‌داوەو دلێرانە دەستی لەدوژمن وەشاندوەو زیانێكی گەورەی لێ‌داوە ... جگەلەمەش چەند ناوچەیەكی ولات‌و خاكەكەشی لەژێر چنـگی ئیمپریالیزم هانیوەتە دەرەوەو ئیستاكە لەلایەن دەزگاو رێكخراوەكانی شۆرشەوە بەرێوەئەچن . هەروەها رۆڵەكانی ئەم گەلانە لە پێنـــاوی ریشـــە هەڵكێشـــانی یەكجارەكی دەسەلاتی چەپەڵی ئیمپریالیزم‌و رەگەزپەرستی لەولاتەكەیانا وەلە پێناوی بەدی‌هێنانی ئازادی‌و سەربەخۆیی نیشتماندا لەهیچ جورە قوربانی دانێك سلیان نەكردۆتەوە . جگـە لەمەش خەباتی رەوای ئـەم گەلانە لەسەرانسەری دنیادا دەنگی‌داوەتەوەو گـەلانی تێكۆشەرو ئاشتی‌خوازی دنیاو رای‌گشتی‌و ولاتانی ئوردوگـای سوشیالیستی بەمادی‌و مەعنەوی پشتگیری‌یان لیـــوە كردون‌و دەنگی بێزاری‌و نارەزاییان بەرزكردۆتەوە دژی ئیمپریالیست‌و حوكمە نارەواكـەیان لەوناوچانەدا .

گەلی موزەمبیق كەئیمڕۆ رێگای راستەقینەی سەرفرازی خۆی دۆزیوەتـەوە ، رێگای شۆرشی چەكدارانە ، بەم رێگایە وەلامی دڕندەیی‌وتوندوتیژی‌و تیروری دوژمن بەتوندوتیژی شۆرشگێرانە ئەداتـەوە چونكـە بروایان بەوەهەیە كە سەربەستی لەلولەی تفەنگەوە هەڵئەقوڵی . بێ‌گومان ئەو تاوانە تازەیەی تورگە پیرەی كولونیـــالی پورتوگال ئەكەنە هۆی پتەوكردنی ریزەكـــانی خویان‌و پەلەكردن لەدەرپـەڕاندنی ئیمپریالیزم‌و نوكەرەكانیـان وە پشت بەستن بەناوەرۆكی تیوری ماركسیزمی - لینینزم و پشت بەخۆ بەستن‌و خۆراگرتن تاسەركەوتن بەسەر دوژمندا . ئیمە دڵنیاین لەوەی تەپاشە رۆژ هەر بۆ گەلی دلێری موزەمبیق ئەبێ . چونكە ئەو تاوانـــە چەپەڵەی ئەمجارەی پورتوگاڵ‌و تاوانەكانی لەمەوبەری‌وەكو تاوان‌و تەقلەكەی (مای‌لای) ڤیێتنـــام كە ئیمپریالیزمی ئەمەریكا سازی‌كردبوو نیشانەی لینگەفرتێی سەرەمەرگی ئیمپریالیستەكانە ، چونكەئەو پڕیشكە ئاگرەی گـــری بەرداوەتە دەشـــتی ولاتانی سێهەمی دنیا بەسـەد شێوە بەفرینـــە دانامركێتەوەو ئەوپەرەی مێژوش جارێـــكی‌تر بەرەو دواوە ناگێڕێتەوە ... چەندین گـەل‌و ولاتی بچوك بەخەباتی درێژخایەن دەوڵـەتی گەورەو دەست‌درێژكەریان بەچۆكاهێناوە ... ئازەمانێكی گەلی ڤیێتنام بەزاندنی ئیمپریالیزمی ئەمەریكـــا راستی ئەم وتەیە لـە هەموو گۆشەیەكی دنیا ساغ ئەكاتەوە .

- حمید -

خەباتی گەلێكی بچوكی شۆرشگێر دژی ئیمپریالیزم وكۆنەپەرستانی

- جوامێر -

لە ژمارە ١٧٢ی رۆژنامەی هاوكاری‌دا بەبۆنەی تێپەربوونی هەشت ساڵە بەسەر هەڵگیرسانی شۆرشی زەفاردا دەربارەی ئەو پیلانانە دواین كە ئیمپریالیزمی ئەمەریكاو ئینگلیز بەهاوكاری رژیمە كۆنەپەرستەكانی ناوچە دژی ئەم شۆرشـــەو هەموو بزوتنەوە شورشگێرانەكانی تری ناوچەكـــە سازی ئەكـــەن‌و بەگـــەرمی جێبەجێی ئەكەن ، وە باسی ئەوەشـــمان كردبو ، كـــە ئیمپریالیستە - ئەمەریكاییـــەكان بۆ ئـــەوەی زەمینە بۆ پەلاماردانی ناوچەی خەلیج خۆش بكـــەن بیانوی نەمانی پاشـــەكەوتی نەوتی خۆیانیان هێناوەتە كایـــەوەو زیاد لە پێویســـت گەورەیان كردوەو ئەیانەوێت بەم بیانوەوە گەلی ئەمەریكاییش وا تێ بگەیەنن كە ئەمەریكا بۆ ئەوەی خۆی لە كێشەی بێ نەوتی رزگار بكات ناچارە پەلاماری خەلیج بدات‌و نەوتی لێوە بهێنێت .

ئەمجارە باسی ئەوە ئەنووسین كە شۆرش چۆن لە زەفار بەرەو پێشەوە ئەڕوات‌و بەراستی گۆرینی بنچینەیی شۆرشگێرانە لە كۆمەڵگای زەفارو عومان‌دا بەدی دێنێت‌و ئەنجامەكان تا ئێستا چۆن بوون .

تاقی كردنەوە شۆرشگێرانەكەی گەلی عەرەب لە زەفـــارو خەلیج‌و شێوەو ریبـــازی شورشەكەیان‌و باری كۆمەڵایەتی ئەو گەلە بەلگەیەكی ئاشكران بۆ ئەو راستیەی كە شۆرشی راستەقینە هەر سەرئەكەوێت‌و گۆرینە بنچینەییەكان بـــەدی دێنێت ، سەرەرای دواكـــەوتویی‌و بێهێزی ئـــەو گـــەلە شۆرشگێرە ، بۆ نمونەیەكە كە شایەنی لێوردبونەوەو سەرنج لێدانە لە لایـــەن هەموو كەسانێكی نیشتمانپـــەروەرو رزگاری خوازەوە .

باس كردنی شۆرشی زەفار زۆر مەسەلەی شۆرشـــگێرانە دینێتەوە بیر ، وە ســـەرەرای ئەوەی شۆرشی زەفار روخساری تایبەتی خۆی هەیە ، بەڵام زوربەی ئەو مەسەلانە رێرەوی گشتی هەموو شۆرشگێرانن .

● مەسەلەی یەكەم ئەوەیە كە شۆرش ، بەشێكە لـــە پرۆسێسی گەشەكردنی مێژوویی وە شـۆرشی راســـتەقینە بەرەنگاربونی كۆمەڵە زروفێكی مێژوویی مەوزوعیـــە ، واتـە بەدەنگەوە چوونی پێویســـتیە كۆمەڵایەتیە پەلەكانە . وە لەبەر ئەمانەشە كـە دامركاندنەوەی شۆرشێكی راستەقینە كاریگی لە كردن نەهاتوە چونكە كاریكە بۆ راگرتنی میژوو كە ئەمەش دیارە لە كردن نایەت .

● هەرچەندە شـــۆرش بەدەنگەوە چوونێكی میژوویی پێویستیە مەوزوعیەكانە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سەركەوتنـــی ئەوایش كاریكی ئاسان نیەو بەماوەیەكی كورت نایەتەدی .

● شۆرش كـە بەدەنگەوە چوونی پێویستیە مەوزوعیەكانە لایەنێكی تریشی هەیە كـە گرنگیەكەی لە لایەنی یەكـــەم كەمتر نیە ، ئەویش لایـــەنی (زاتیە) ، بە پێك گەیشتن‌و لەگەڵ یەك گونجـاوی هەردو لایەنی مەوزوعی - كە زروفی گشتیە - وە لایەنی زاتی - كە بوون‌و لێوەشاوەیی پێشرەوە- رێرەوی بـــەرەو پێش‌چوونی شۆرش دەست‌نیشان ئەكات . چەند پێشرەو لێوەشـــاوەو هوشیاربێت‌و بە باشی لـــە زروفی مەوزوعی ئەو قۆناغـــە بگات ئەوەندە سـەركەوتنی شۆرش‌و بە ئەنجام گەیشتنی مســـۆگەر ئەبێت ، وە بە پیچەوانەشەوە ئەگەر «پیشرەو» نا هوشیارو بو دەڵــەو راراو شاتوسەواكەر بێت نەبێتــە تەكەرە لە ریگای شورشداو لە سەركەوتنی دوور ئەخاتەوە .

● شۆرش تا چەند ریشـــە قوڵ‌و میژوویی بێت ئەوەندەش پشت بەستو ئەبێت بەكۆمەڵانی تێكۆشەری خەلك‌و دەســـتە هوشیارە خاوەن بەرژەوەندیەكان لە شۆرشـــدا ، و هەروەهـا ئەوەندەش دوژمنـــەكانی بە توندی بەرەنگاری ئەبن‌و پیلان بۆ لە ناوبردنی دائەنێن .

● شـــۆرشی راستەقینە بەقوولی هەست‌بەوە ئەكات كە پێویستە پەیوەندی هاورێ- یانە لەگەڵ شۆرشەكانی ناوچە دراوســـێكانی‌و هینی هـەموو جیهاندا پتەو بكات ، ئەمانـــە چەند راستیەكن كـــە رێرەوی شۆرش دەرئەخـــەن‌و بـــەرەو سەركـەوتن ئەیبـــەن ، وە بێ گەیشتنی‌و پەیرەوكردنیـــان ئەركی سەرەكی سەرشـــانی رابەری شۆرشـــە ، وەلێرەدا بەتەواوی دەوری گرنگی رابەر دەرئەكـــەوێت ، وە ئەوەش ئاشكرا ئەبێت كە رابەرێكی وا بەئاسانی دروست نابێت‌و ئەو دەورە بە هەموو كەســـیك نابینرێت كە ناوی رابـەر لە خۆی بنێت بێ ئەوەی مەرجـە عیلمیەكانی رابەری تیدابێت .

رابەری شۆرشی زەفـــار لێهاتوانە رێرەوی شۆرشیان دەست نیشان كردوەو لەســەری ئەرۆن ، ئـەو بەرنامەی كر- دنەی بەرەی رزگاری هەبەری گەلی عومـان‌و خەلیجی عەرەب كەلە كۆنگرێسی یەكگرتندا كە لەكۆتایی ســالی ١٩٧١دا بەستر چەسپێنرا ، نیشانەی چاك تێگەیشـــتنی قوناغی شۆرش‌و دەست نیشان كردنی رێرەوەكەیەتی ، وەبەوردی مەسەلە بنچینەییەكانی سەر- كەوتنی شۆرشی روون كردۆتەوە ئەمە بێ گومان بربرەی پشتی بزوتنەوە شۆرشگێرانەكەو هۆی سەرەكی بەدەست هێنـــانی سەركەوتنەكانیەتی .



لەو بەرنامەیەدا ئەم مەسەلانەشی كراونەتەوەو بریار لەسەر پەیرەوكردنیان دراوە :

دوژمنەكانی گـــەل كێن‌و چینە نیشتمان پەروەرەكانی كامانەن

« ئەوەی ئێمە لەكۆمەڵگـای عومان‌و خەلیج‌وەك كۆمەڵگایەكی ژێردەستە (مستعمر) ونیمچە ژێردەســـتە لەهەندێ ناوچەیداو نیمچە دەرەبـــەگ ئەتوانین بڵێین كە دوژمنەكانی گەل‌و شۆرش لەم قۆناغـــەی ئێستادا ، ئیمپریالیستەكان‌و دەرەبەگـــەكان‌و هەمو بەكرێگیراوە خۆفرۆشـــەكانی ترن .

بورجوازیە كومپرادۆرەكـان دەستیان لەگەڵ ئیمپریالیست‌و دەرەبەگ تێكەڵ كردووە لەوەدا یارمەتیان ئەدەن كە دیكتاتوریەت و چەوساندنەوە بەسەر گەلدا بسەپێنن ، لەبەر ئەوە ئەمانەش لەریزی دوژمنـــانی گـــەل‌و شۆرشدان .

چینی كریكـــارو كۆمەڵانی فراوانی جوتیارە هەژارەكان كە بەشی هەرەزۆری گەل‌و ئەمان لە هـــەموو چین ودەســـتەیەك زیاتر دووچـــاری زوڵم‌و زۆری ئیمپریالیست‌و دەرەبەگـــەكان بونە ، لەبەرئەوە چینی كریكارو جوتیاران هـــەردوو گرنگ‌ترین هێزی شۆرش‌و بربرەی پشتی شۆرشن .

وردە بورجوازی شارەكان‌و ئەوانەی لەلادێ‌ئەمانیش لەلایەن دوژمنەكانی شۆرشەوە - كـە ئیمپریالیســـت‌و دەرەبـەگ‌و بورجوازی‌و كومپـــرادۆرن ئەچەوسێنرینەوە ، لەبەر ئەوە زوربـــەی بورجوازی بچوكیش بەهاوپەیمانی بنچینەیی شۆرش‌و چینی كریكارو جوتیارە هەژارەكان دائەنرێت » .

هەروەها لەبەرنامەكەدا باسی ئەوە كراوە كە چۆن بەریتانیایە ئیمپریالیســـتەكان‌و كۆنـــەپەرستانی عەرەب‌و هینی ئێران هەوڵ ئەدەن كـــە بەهـــەموو شێوەیەك رووی راســـتی ناكۆكیەكان بگۆرن‌و لە ناكۆكیەوە لەگەڵ ئیمپریالیزم‌و دوژمنە چینایەتیەكـــانەوە بیكەن بە ناكۆكیەكی شوفێنیانەی نێوان عەرەب‌و ئەوانەی نەتەوەكانی تر كە هاتون لەو ناوچەیەدا ئەژین‌و بەتایبەتی ئێرانیەكان ، بەڵام بێ گومان شۆرش بـەو چاوە سەیری مەسەلەكە ناكات بەپیچەوانەوە ، هەر چـــین‌و دەستەو كەسێك كە پشتیوانی شورش بكات‌و دژی ئیمپریالیزم‌و كۆنەپەرســـتان بێت شۆرش بـە دۆســـتی خۆی ئەزانێت باسەر بەهەر نەتەوەیەك ئەبێت ببێت .

دامەزراندن‌و فراوان كردنی بەرەی یەكگرتو

لەبەرامبـــەر ئەو هـەموو دوژمن‌و مەترسیانەی رووبەرووی شۆرش بونەتـەوە ، وە لەپێناوی سەركەوتن‌دا ئـەبێ گەل هوشیار بكرێتـــەوەو دژی ئیمپریالیزم‌و هاوپەیمـــانە كۆنەپەرستەكانی راپەرێنرێت . وە جگە لە دوژمنەكانی شۆرش كە دەرەبەگ‌و كومپرادۆرو خۆفرۆشەكانن جگە لەمانە هەموو چینەكانی تر تێكرا لەگـــەڵ شۆرشـــدان‌و بەرژەوەندیان بەشورشەوە بەســـتراوە ، لەبەرئەوە ئەبێ ئەمانە لەبەرەیەكی یەكگـــرتوی فراواندا كۆببنەوە .

« بەرەی یەكگرتو ، بەرەی پەیمانی نێوان هەموو چـــین‌و هێزە نیشتمانپەروەرەكـــانی ناوگەلە .

ئیمە چەند یەكگرتنی هەمو چینە نیشتمانپەروەرەكـــان‌و دامەزراندنی بەرەی یەكگرتوی گەلمان لەسەرانسەری ناوچەكەدا وەك مەرجێكی سەرەكەوتن لاگرنگـــە . ئەوەندەش مەسەلەی رابەرایەتی شۆرشگێرانەی چینمان وەك مەرجێكی بنچینەیی ئەوتۆ كـــەوازی لێنادیەی بۆ بەجێهێنـــانی ئەركەكانی بەرەی یەكگرتو وەبەدی‌هێنانی سەركەوتنی تەواو لاگرنگە .

شێوەكانی خـــەبات دژی ئیمپریالیـــزم‌و هاوپەیمـــانـــە كۆنەپەرستەكانی

« لەبەرامبـــەر هـــەردوو ئیمپریالیـــزمی ئینگلیـــزو ئەمەریكایی‌و هاوپەیمـــانە چینایەتیە كۆنەپەرستەكانیانا ، شۆرش لەعومـــان‌و خەلیجی

براونـــە ل ٧

بەیاننامەی پارتی یەكخەرەوەی شۆرشگێر لە كۆریای خواروو دەربارەی یەكخستنەوەی هەردوو بەشەكەی كۆریا

پیونگ یانگ ٧-٢ شینخوا : ئاژانسی دەنگوباســـی ناوەندی كوریا بلاوی كردەوە كە لە ٢٥ی مانگـــی حوزەیرانی رابوردوا پارتی یەكخەرەوەی شۆرشگێر لە كۆریای خوارو بەیاننامەیەكی دەركردوە تیایدا پشـــتگیری پێشنیازە پێنج خاڵیەكـــەی سەرۆك كیم ئیل سۆنگی كردوە سەبارەت بە یەكخســـتنەوەی هەردوو بەشی كوریا .

بەیاننـــامەكـــەی پارتی یەكخەرەوەی شـــۆرشگێر لە كـــۆریای خواروو وتویە : كۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕە- دایە كە ئەو پێشنیازە پێنـــج خاڵیە ئارەزوی راستەقینـــەی نەتەوەی كۆریا ئەخاتەروو . وەوتویە لە زروفی ئێســـتادا ، نەهێشتنی مەترسی رووبـەرووبونەوەی سوپایی نێوان خوارو وژوورو كارێكی پەلـــەیەو پێویستە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان خواروو وژوورو بـەرەو باشی بروات‌و ولات بەشێوەیەكی ئاشتیانە یەك بگرێتەوە .

هەروەها بەیاننامەكە ئەڵێت :«پارتی شۆرشگێری یەكخستنەوە بە توندی بەربەرەكانی سیاسەتی شەرخوازی‌و پیلانگێری ئەكات‌و لە پێناوی كێشانەوەی هێـــزە ئەمەریكاییەكان‌و كەم كردنەوەی « هیزەكانی دەوڵەتی »و خۆپرچەك كردن‌دا تێ ئەكۆشێت » وە ئەڵێت، كەوا پارتی یەكخەرەوەی شورشگێر ئەكەوێتە خەباتێكی لاسارانە لە پێناوی بەدی‌هێنانی هاوكاری لەنێوان هـــەردو پارچەی ولاتدا ، وە لە پێناوی ئەوەدا كـــە برایەتی بـــە كۆمەڵانی فراوانی خەلك لـــە بەشە جۆربەجۆرەكانی گـــەل لەم مەسەلە نیشتمانپەروەرانەیەدا چالاكانە بەشداربن .

بەیاننامەكە ئەڵێت : «ئەمرۆ هێزە بێگانە دەستدرێژكەرەكان لە كۆریای خواروو وە لـــوت‌تێژەنینی ناشـــەرعی ئیمپریالیستە ئەمەریكایی‌و ژاپۆنیەكان لە كاروباری كوریای خواروودا گەورەترین تەگەرەن لـــە رێی یەكخستنەوەی ولاتدا ، بۆیـــە پارتی یەكخەرەوەی شۆرشگێر داوای نەهێشـــتنی هەموو لوت‌تێژەنین‌و چالاكیەكی پیلانگێرانەی هیزە بیگانەكان ئەكات ، وە بە رزتر ئاڵای خەباتی دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریكـــایی‌و ژاپۆنی هەڵئەبڕێت لەپێنـــاوی ناچاركردنی هیزە دەســـتدرێژكەرەكانی ئەمەریكا كـــە خۆیان بكێشنەوەو « لیژنەی نەتەوەیە كگرتوەكان بۆ یەكخستنەوەی كۆریا » هەڵ بوەشێنرێتەوەو دەستدرێژی شەرخوازەكـــانی ژاپۆن تێك بشكێنرێت .

وە لـــە كۆتاییـــدا پارتی یەكخەرەوەی شورشگێر داوا لە هەموو ئەو رۆڵە نیشتمانپەروەرانەی گەل كە بەراستی بـە تەنگ چارەنوسی ولاتەوە دێن‌و شانازی بـە دوارۆژی نەتەوە- كەیانەوە ئەكەن ، بچنە ریزی خەباتی نیشـــتمانپەروەرانەی هەموو نەتەوەوە لەپێناوی بەدی‌هێنانی بروگرامە پێنج خاڵیەكە بۆ یەكخستنەوەی نیشـــتمان .

قەراردادی تازەی نەوت‌و خەیانەتێكی تری شای ئێران

وەرگێرانی : نامق

رۆژنامەی (باختر امروز) ئۆرگانی رێكخراوەكانی جەبهەی میللی ئێران لـــە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ژمارە ٤١ی خۆی دا وتارێكی لەسەر قەراردادی تازەی ئێران لەگەل كونسۆرسیۆمی نەوت نووسیوە . لەبەر گرنگی وتارەكە ، وا بەكوردی بلاوی دەكەینەوە .

لەوچەندمانگەی دواییدا ، مەسەلەی قـــەیرانی ئینێرژی (أزمة الطاقة) و ئەنجـــامە سیاسی‌و ئابووری‌و نیزامیەكانی هەموو مەسەلە گرنگەكـــانی دنیای لەباری ئەهمیـــەتەوە وەپاش خۆی داوە .

ئەوقەیرانـــە لە كۆنـــەوە پێش‌بینی دەكرا . لەلایەكـەوە زۆر لەمێژە كە نەوت گرنگترین سەرچاوەی ئینێرژی دنیـایە، تائێستا جێنشینی بۆ پەیدا نەكـــراوەو لەلایەكی‌ترەوە پەرەگرتنی هەوســـارپچڕاوی مەسرەفی ئینێرژی دنیـــا لەبەرامبەر سەرچاوەی نـەوتی رادەبۆدانراو (محـــدود) دا راوەستاو ... ولاتـــەكانی ئیمپریالیستی كە ئەورووداوەیان لەبەرچاو بوو ، لەبەر ماهیەتی رژێمی سەرمایەداری نەیانتوانی خۆی لەبەر رابگـــرن . ئوروپای رۆژئاوا ژاپۆن كـــە هەموو دڵۆپە نەوتێكی خۆیان لەدەرەوەڕا دێنن ، هێشـــتا ناچار بوون كە پەرەپێـــدانی سەنعەتی خۆیان زیاتر لەسـەر بناخەی سووتەمەنی نەوت بنیات بنێن . لەلایەكی ترەوە ولاتـــە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كـــە هەمیشە لافی ئەوەی ئەدەدا كە نیازی بە سەرچاوە نەوتیەكانی دنیا نیە ، بەرەبەرە چووە ناو ریزی ئەوانەی موحتاجی نەوت بوون ، بەچەشنیك ئێســـتا ئەمریكا زیاتر لە ٢٥ لەسەدی نـــەوتی مەسرەفی خۆی لـــە دەرەوەڕا دێنـــێ‌و وا چاوەڕوان دەكرێ كە هەتا ساڵی ١٩٨٥ ئەوانە ٦٥ لەسەد . رۆژەكانی دروست‌كردنی چەند لەنگەرگای تازە بۆ نەوت‌كێشە گەورەكانی چەندسەد هەزارتۆنی لەئەمەریكا سەرەتای مەســـەلەكە بوو .

قەیرانە دەســـتكردەكـــانی كەم‌بوونی نەوت لە ئەمریكـــا نیشانی دەدا كە نهێنیەكـــە خەریكـــە ئاشـــكرا دەبێ سەرمایەدارانی ئەمریكا دەیەوێ بڕوڕای گشتی بۆ ئامادە بكا . پاش ئەوە ، نیكسۆن وردەوردە جیرەی وارداتی نەوتی زیادكردو لەئاوریلی ١٩٧٣دا پێشنیازی بەكۆنگرەی ئەمریكا كرد كـــە مالیـــات‌و خەراجی نەوتیش هەڵبگیرێ . لەوكاتەدا گەورەترین قەراردادی ئابووری دنیا لەنێـــوان ئەمریكاو یەكێتی سۆڤێتی‌دا هاتە كۆڕ كە بە ٥٥ میلیـــارد دۆلار دادەنراو بۆ دەرهێنانی سەرچاوەكانی گازی یەكێتی سـۆڤێتی‌و بردنی بۆ ئەمریكا بوو ، بەوحاڵـــەش گوتیان كە ئـەو قەراردادە بۆ نیوەی رۆژئاوایی ئەمریكایـەو قەراردادێكی تری لەوبابـەتەش بۆ بەشی رۆژهەڵاتی ئەمریكـــا لەنێوان ئـــەو دوو ولاتـــەدا موتالای لەسەر دەكـــرێ . نیكســـۆن فاشیســـتی دژی كمونیستی یانكی بوو بە دەلالی پێوەندی دۆستایەتی لەگـــەل رۆژهەڵات‌و گۆتی مەســـەلەی ئینێرژی لەوە گرنگترە كـــە رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا سەرەرای هەمو ناكۆكیـــەك لەوبارەوە هاوكاری یەكتر نەكەن . ئەو قسەیەی نیكسۆن بەچـــاكی ئەهمیـــەتی نەوت لەبڕیارە سیاسیەكانی ئیمپریالیـــزم‌دا دەردەخا .

لەوبارەوە ئەهمیەتی‌مەڵبەندی نەوتەلانی خەلیج كە زیاتر لـە سەدی شـــەستی سەرچاوە نەوتیەكانی دنیای لێ‌هەڵكەوتوە زۆر ئاشكرایە . وەختێـــك چەرچیل دەیگوت « هەردڵۆپـە نەوتێك هێندەی دڵۆپە خوێنێك نرخی هەیە . » ئێمە هـــەر ئەوەندە دەڵێین كە ئەوخوێنـە خوێنی ئیمپریالیستـەكانەو مەڵبـــەندی خەلیجیش شـەمماریانە .

دراری نیە رادەبـــەدەری ئیمپریالیزمی ئینگلیزو بیرەوەری تێكشكانی ڤیێتنام بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریكاو دوكتـــرینی نیكســـۆن‌و لەلایەكی‌ترەوە سەركەوتنی گەلی ڤیێتنـــام پێویستی پاراستنی ئەوشادەمارە دەخاتە چوارچێوەیەكی دیاری كراوەوە كە ئەنجامەكـەی ئـەو چەكداركردنە بێ‌وێنەیە كـــە ئێستا لە مەڵبەندی خەلیـــج لەكۆڕێ دایە . كرینی زیاتر لە سێ‌میلیارد دۆلار چەك لەلایەن ئێرانەوە ، زیاتر لە ملیاردێك دۆلار چەك لەلایەن عەرەبستانی سعوودیەوە و زیاتر لـە ٦٠٠ میلیون دۆلار چەك لەلایـــەن كویتەوە ، تەنیا ســـەرەتای مەسەلەكەیە . تازەكردنـەوەی نیزامی ئێران بـۆ دامەزراندنی دەزگاو بنیاتی نیزامی پێویستی بە زۆر رەقەمی وا هەیەو ئەوە تەنیـــا خەرجی چەك‌كرینی ئەمساڵ بوو ، بۆ دوو ســـاڵی داهاتوو چاوەڕوان دەكرێ كـە ئێران بەقەدەر بودجەی نیزامی ١٧ ســـاڵی رابردوو خەرجی بودجەی نیزامی بكا ...

هەرچەند بەهاسانی دەتوانین تێ‌بگەین كـە هەمووی ئەوانـە ماهیەتی سەر بەئیمپریالیستی رژیمی ئێـــران‌و باقی كۆنە-

پروانە ل -٧-

institut kurde de paris

نامەیەک بۆ مامۆستا ئالانی

- ٣ -

ئەوەی بەلامەوە جێگـــای سەرسورمان بێت ئەوەیە کە مامۆستا دەڵێ : دوکتۆر «دانی نا بەوەدا کە زاراوەکـان لە داڕشتن و واتادا سەرکەوتوون بەلام لە هەمان کاتدا پەشیمان بۆوە بە چەند بەڵگەیەک کـە وەلامـم دانەوە» . بۆ ڕوونکردنەوەی تەواو دەبـێ سەر لەنوێ بڵێم : بەڵـێ مامۆســـتا کارەکـــەتان سەرکەوتووە ، بەلام کـاری سەرکەوتوو مەرج نی یە بـێ کەم و کورتی بێت . کـــەم و کورتیش نابێت بە هـــۆی کەمکردنەوەی نرخی ئـــەو فەرهەنگۆکەو نووســـەرانی بەڕێزی . کەم ڕێدەکەوێت شتێك لە زانستدا ، سروشتدا .. کەم و کورتی تێدا نەبـێ، خۆ بە نیسبەت لێکۆڵینـەوەی زمانی کوردییـــەوە نەبوونی کەم و کورتی جێگـــای سەرسورمانە نەك بوونی .

جا گەر پاش باســـکردنی ڕووە باشەکانی کارەکەتان لە کەم و کورتیەکانیش دوابـــم ئەمە نیشانەی پەشیمانی نی یە، بەڵکو نیشانەی ئەوەیە کـە تەنها یەك چەمکی لێکۆڵینەوەکەم نەگرتووە ، بەڵکو لە گشـــت سەرێکەوە بایەخـــم پێداوەو ئەمەش ڕاستترین و مەوزوعیـترین ڕێگای لێکۆڵینـــەوەو هەڵسەنگاندنەو قـــەت نابێت بەو نووسینانە قایل بین کـــە مەبەستیان تەنها دەرخستنی ڕووی باش یان ڕووی خراپـی بەرهەمی زانستییەو هـــەر لە بەر ئەوەشە کە من تەنهـــا چەمکێکی باسەکەم نەگرتووە . بەم بۆنەیەشەوە گلەییەکـــی بچووك لە مامۆستای بەڕێـــز دەکەم کە لە ووتارەکەیـــدا گەلێك لەو ڕایانەی کە مـــن دەربارەی فەرهەنگۆکـەیان داوم و ئەو بە ڕاســـتیان دەزانی فەرامۆشی کردوون و بە سەریانا تێپەڕیوە .

لە ووتارەکەمدا سـەبارەت بە ڕووی باشی فەرهەنگۆکەکە لەوە دوابووم کە بۆ هـەندی ووشەی عەرەبی لە بەرامبەریان چەند ووشەیەکی کوردییان نووسیوە ، کـــە ئەمەش دەوڵەمەندی زمانەکـــەمان و شـــارەزایی دانـــەرانی فەرهەنگۆکەکە نیشان دەدات . بۆ سەلماندنی ئەم باوەڕە چەند نموونەیەکم هێنابووەوە ، وەك :

بسیط ـ سادە ، ساکار

طیر ـ مەل ، باڵنـــدە ، پەلـەوەر

.... هتد .

لە وەلامی ئەم ڕایەی مـندا مامۆستا ئالانی نووسیویەتی : « من بە ڕای خۆم (هــــەر چەندە ئەندامێکی لیژنەکـەم) ئەم کارە بە عەیب دادەنێم لـە زمانی نووسیندا » .. هەروەها پاش چەند دێڕێك دەڵێ : لـەم چەرخە تیژڕەوەدا کەی بـاوی ئەوە ماوە بۆ شتێك هەگبەیەك ووشە بخەینە کار ..

بە نیسبەت گەلێك زاراوەوە ڕاکەی مامۆستا ڕاســـتە ، بـەلام بۆ ئەو ووشانەی کـە لە سەرەوە ناوم بردوون ڕاست نییە . ئەو جۆرە ووشـــانە کە Synonym یـــان پێدەڵێن لە بەشی زانســـتی ووشەـــدا Lexicology دا شوێنێکی تایبەتیان وەرگرتووەو لە هەموو زمانی نووسینی سەر زەمیندا هەن و جێگای شانازی و مایەی دەوڵەمەندی زمانـــن . لەبەرئەوە مامۆســـتا لـەو ڕەخنەیەیدا بە هەڵەدا چـــووەو زانستی زمان ڕەفزی دەکا ، چونکە ئەو بیرەی ئەو دەبێتـــە هۆی هەژارکردنی زمـــان لە کاتێکدا ئەمڕۆ لە هەمـــــوو جیهانـــدا ڕۆژی دەوڵـــە مەندکردنێتی و بە دەها دەزگای زانیاری وولاتە پێشکەوتووەکان هەموو کات و توانایان بۆ ئـەم مەبەستە تەرخان کردووە .

مامۆســـتا لە کۆتایـــی ووتارەکەیدا لە باس لایداوەو کەوتۆتە بیانوو ڕەخنەی ئەوە گرتووە کە ووتارەکەی مـــن بەناوی (د . ئەورەحمـــان حاجی مارف)ەوە بلاوکراوەتەوە بەلام بە مامۆستا دەڵێم ئەمـــە باسێکی کەیەو باوەڕیشـــی بێت کە بۆ ڕۆژنامەی ڕازاوەی « هاوکاری »م نووسیبوو (د . ئەورەحمـانی حاجی مارف) ، بەلام بڵێم چی کە لە چاپـــدا بووە بە (دوکتۆر ئەورەحمان حاجی مارف) . خۆ ئەگـــەر منیش بە دووای شـــتی وادا بگەڕێم ژمارەیەکی کەم هـــەڵە لە ووتارەکەیدا نادۆزمـــەوە ، لەوە دڵنیام زۆربەیان هەڵـەی چاپن ، جا دەبوو مامۆســـتا ڕەئوفیش لەوە دڵنیـــا بێت مینیش ئەوەندە دەزانم کـــە (دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف)م . بەڵامشم هــــەر ووتەکانی خۆین کە دەڵـــێ : « بەلام بێ بەلا بین هەر کـــە دەستمان دایە پێنووسەکەمان بەبێ ئەوەی باری کۆمەڵەکەمان هەڵسەنگێنین .. دەنووسین ، وابو وایەو ، وابکرێ » . جا کاکی خۆشەویست باش دەبوو کە باری چاپەمەنی کوردیش هەڵسەنگێنی و بزانی چەنـــد تەنگ و چەڵەمە هەیـــە لـــە ڕێگایدا . بۆ نموونە ووتارێکم دەربارەی قەناتی کوردو بـــۆ ڕۆژنامـــــەی نازداری «برایەتی»(٥) ناردبوو بێ گومان نووسیبووم (دوکتـــــۆر ئەورەحمان حاجی مارف) . ئەو ووتارەمیان بە سێ جـــــار بلاوکردەوەو هەر جارەی بـــە شێوەیەك ناوی خۆم و باوکمیان چاپ کردبوو : (١ ـ دوکتۆر ئەورەحمان حاجی مارف ٢ ـ د. عەبدورەحمان مـــارف ، ٣ ـ دوکتۆر ئەورەحمان مەلا مارف) ئەمەش نە خەتای منی تێدایە و نە شتێکە کە پەیوەندی بـــە باسەکەوە بێت ، وە ئـــەو خزمەتەی چاپەمەنی و ڕۆژنامـــە کوردییەکانمان دەیکەن شایانی ڕێزو تەقدیرە . هەروەها شکم نییە کە ڕێکەوتی واهیـــش لە چاپکردنی ووتارەکـــانی مامۆســـتادا ڕووی داوەو ئەمەش شتێکی وەها نییە کـە بەو شێوە توندە ڕەخنەی لـە سەربگیرێ .

دووا ووشەم ڕێزو تەقدیرە بۆ گشت ئەندامانی لیژنـــەی نووسینی فەرهەنگـــــۆکی « زاراوەی پارێزگای سلێمانی » و سوپاسە بۆ مامۆســـتای خۆشەویست کاك ڕەئووفـــی ئالانی بەڕێز کە هیوامە لەوە دڵنیابێت کەوا زۆر دڵســـۆزانە « دەســـــتمان داوەتـــە پێنووسەکەمان »و بەپێـــێ توانامان بە وردی « بـــاری کۆمەڵەکەمان هەڵدەسەنگێنین»و قەت لە خۆمانەوە نانووســـین « وابوو ،وایەو وابکرێ»و هەر ئەوەشە وا لە منو هـــەموو ڕۆشنبیرێکی دڵسۆزی کـــورد دەکا بە ئەوپەڕی خۆشەویستی و قەدرو ڕێزو شانازییـــەوە سەیری کۆششی دڵســـۆزانەی پیاوی لێهاتوی وەك ئەندامانی دانانی فەرهەنگۆکی « زاراوەی پارێزگای سلێمانی » بکەین و زیاتر لە دووا ڕۆژی گـــەلی کوردی سەربەرزمان دڵنیـــا بین .. هیوامە ئەم چەنـــد ووشەیەم بە چەپکە گوڵی وەفاو خۆشەویستی لە قەڵەم بدەن و لە هەموو هەڵەیەکم بـــورن کە دیارە خۆم هەستم پێیـــان نەکردووە ، ئەگینا هەرگیزاو هەرگیز مافی ژیانم نەدەدانێ !

ئەم ئەڵقەیە پاشماوەی ژمارەی پێشووە

(٥) بڕوانە : ڕۆژنامـــەی « برایەتـــی » ، ژ ٤٦ ، ٤٧ ، ٤٨ی ساڵی ١٩٧٣ .

ئەدەبی ڕۆمانتیکی ئەدەبێکی شۆڕشگێری بوو ، ڕۆمانتیکیەکان لە ئینگلتەرا ویســـتیان ئەدەبێـــکی نوێ بنووسن و بەرهەمێکی تازە بهێننە کایـەوە چونکە ئەو هۆنراوانـەی بۆیان مابووەوە تامی تیا نەمابوو وە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵی ئـــەو سەردەمەدا نەئەگونجا ، لـــە هەمان کـاتدا ئەو ئەدەبـەی مابووەوە بۆ کۆمەڵێکی تایبەتی نووسرابوو لـە نێو گـــەلی ئینگلتەرادا . کە ئەو کۆمەڵەش ئەوانە بوون کە حوکمـــرانی ئینگلتەرایان ئەکرد ..

شێلی
شاعیری ڕۆمانتیکی

گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە

جمال محمد

ئەم ئەدەبە نوێیە بۆ گـەل ئەنووسرا .. بەتایبـەتی بۆ چینی زەحمەتکێشـانی ولات ،هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە بە زمانی جۆراوجۆری ئـــەوسەردەمە نووسییان ...

شۆڕشی فەرەنسـا کارێکی گەورەی کردە ســـەر ئەدەبی ڕۆمانتیکی ئینگلیزی ، وە ئـەو شتانەی لە بیرو باوەڕی شۆڕشی فەڕەنسایان وەرگرت ئـەوەبوو کـــە : هەموو مرۆڤ برای یەکترین و ئەبێت هەموویان بـە یەکسانی ڕەفتاریان لەگەڵـدا بکرێت ، وە بڕوایان وابوو کە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە کـە هەوڵ بدات ئامانجەکانی خۆی بە دەست بهێنێ و دژی زۆرداری و ســـتەمکاری بجەنگێ ، وسەربەستی بـــە دەست بهێنێ چینی ناوەڕاســـت (الطبقة الوسطى) نوێنەری شۆڕشـی فەرەنسی بووە .. بەلام ئـەوی ڕاستی بێت « هێزو پشتگیری » سەرەکی ئەم شۆڕشە چینـــی کریکارو ئیش کـــەرانی ولات بوون ، وەزۆربەی خەڵکی لەم نهێنی یە نەئەگەیشتن ، لەپاش ئەم ماوەیە بیروڕای شۆڕشگێری لە مێشــکیانا چووە دەرەوە ، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی ناپلیون بۆناپارت » فەرمـــانڕەوایی گرتەدەست لە فەڕەنسادا ، وەچینی ناوەڕاست دژی چینـــی زەحمەتکێشانی ولات ڕاوەستان!

(شیلی) یەکێك بوو لەوانەی بەتەواوی لـەم مەســـەلەیە گەیشـــتبوو بۆیە مەردانـە پشتگیری چینی زەحمەتکێشانی کردو خیانەتی لەگەڵیانانەکـردوە بەدرێژایی تەمەنی لەســـەر بیروباوەڕی خۆی مایـــەوەو وەهەوڵی ئەدا کە نیشـــتمان ڕزگار بێت لە زۆرداری و نامرۆڤایەتی ڕاپەڕن . وەبڕوای وابوو کەوا خەڵك مافی ئەوەیان هەیە کـە بژین و لەبەرۆبوومی ئیش‌وکاری ڕۆژانـــەی خۆیان بخۆن کە بە بازووشانی خۆیان ئەیکەن .

لەساڵی (١٨١٢) ز ـ چوو بۆ ئیرلەندا بۆ بەشداری کردنی ئەو ڕاپەرینەی دژی فەرمـــانڕەوای ئینگلیز ڕووی دا لـە ئێرلـــەندا .. وە دوو هۆنراوەی بەناوبانگی دانا :

١ ـ ڕووپۆشی ئاژاوەو تاوان

٢ ـ سروود بۆ گەل ..

لـــە ساڵی ١٨١٦دا کـــە بزوتنەوەی کریکاران لـەوپەڕی گەرمی دابوو ، شیلی بۆ جاری دووەم دژی ئینگلیزەکـــان ڕاپەڕی ..

لەساڵی ١٨١٨دا دوورخرایەوە بۆ ئیتالیا .. پاش چەند ساڵێ .. مرد ، کاتێ لە ئیتالیا بوو بیستی کە جەندرمەکانی ئینگلیز ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی شاری (مانشستەر) گوللەبارانیان کردوە ، وە لەم کـــاتەدا دوو

بڕوانە ل -٧-

بالە هونەر بگەین

عەبدوڵلا سەراج

هونەرو جوڵانەوە : Kinetics

بێتو سەرنجێکی وردەکاری بەو بەرهەمە هونەری و کـارە نەمرانەدا بگێڕین کە مرۆڤ لەسەرتاپای ژیانیدا پێی هەڵساوە ئەبینین تەنها یەك شت جۆرەکانی هونەری پێکەوە گـرێ داوە ، ئەویش (جوڵانەوەیە) . مرۆڤ لەهەر ژیانگەیـــەکدا بژێت ، هەمیشە نیگـارێك کــــاری تێدەکاو هەستی ئەجمێنێ کـە ئەو بەرهەمە جوڵانەوەیـــەکی نائاسایی تێـدا بێت ، چ بـە هۆی ڕەنگەوە بێ و چ بە هێڵ و کەوان و شتی تر .. هەروەهاش ئەو پەیکەرەمان لا پەسـندەو سەرنجمان ڕائەکێشێ ، کـــە پەیکەرتاش بە قۆڵنگەکـەی جوڵانەوەمان بخاتە بەر چاو . لە مۆسیقادا دیسانەوە جوڵانـەوەمان بەرگوێ دەکەوێت لــە جۆری ئیقاع و ئاوازی هـــەمەچەشـن . هەروەهـــاش خۆ جوڵانەوە لە هەڵپەڕکی و شایی وسەماو بالیەدا ئێجگار لەبـــەر چاوە .

شارەزایانی ستاتیك چەنـدسنوورێکیان دیاری کردووە بۆ جوانی ، لەسەروی هەموویانەوە جوڵانەوە دێت . ئەگەر بێتو لە باسەکەماندا زیاتر بڕۆین ئەوا ئەبینین لە نیگاردا خاڵ (.) کەمتر بەکار دەهێنرێ چونکە هیچ جمـــان و بزوتنەوەیـەك نابەخشێ بە بینایی چاو ، بەلام هێڵی ڕاست لــە خاڵ زیاتر جوڵانەوەی هـــەیە . چونکە خاڵەکە ـ بەلایەکدا ـ جوڵاوەو ـ بۆ ماوەیەك ـ ژیاوە ، لــە پاشان گەڕاوەتە دۆخی جارانی واتە وەستاوە .

بۆیە هێـــڵ زیاتر ئەجمێ ، بەلام هێڵی چەماوەو پێچاو پێچ چەشنی پەپوولەیـەکی ئازاد ،زیاتر لە گیان کار دەکات چونکە جوڵانەوەکـــەی بەر بلاوترەو بەهەر لایەکدا گەشت دەکـــاو لەهەر سووچێك خۆی دەنوێنێ هەروەهاش ئەم ڕاستیە ، لــە ڕەنگدا خۆی ئەچەسپێنێ ،واتە ڕەنگی بنەڕەت (الاساس) (زەردو سوورو شین) لەگەڵ ڕەنگی بێلایەن (سپی و ڕەش) کاریان لە چـــاو هەستـودەروون کەمترە لەو ڕەنگانـەی کە لە تێکەڵکردنی ئەو ڕەنگانە پێك دێن . بەم جۆرە ڕەنگ لە ڕەنگەوە پەیـــدا ئـەبێ وەك زنجیرەیەکی لەدووا نەهاتوو .

تێکەڵکردنی ڕەنگ و شارەزایی لە (خواصی) هەریەکـــەیان و گونجاو نەگونجانیان ـ بەلای منەوە ـ جوڵانەوەی ئەو ڕەنگانە دیاری دەکات . لە پەیکەریشدا ئەم بەراووردییە لەنێـــوان تاشراوێکی شەشڕوو (مکعب)و پەیکەرێکی مرۆڤ یان هــــەر گیاندارێك دەکەین . ئـــەوەی یەکسەر سەرنجمان ڕادەکێشێ شەشڕووەکە کەمتر پەیکەرتاش پێوەی ماندوو بووە ، واتە کەمتر جوڵاوەو قوڵنکی وەشاندووە . هەروەهاش ڕوویەکی پێچـــاو پێچ هەمیشـــە جوانترە لــــە ڕوویەکی سافی بێ گرێ .

ئەم ڕاستییەی سەرەوەرامان ئەکێشێت بۆ : بەراووردکردنی جوانی ی لە ئەندازیارییدا ، ئایا سێ گوشـــەو چوارگۆشـــەو لاکێشـــەو جوغز (دائرە)و لاتەریب کامیان جوانن ؟

لەم ڕووەوە سەرنجی خوێنەر ڕائەکێشم بۆ (الاطروحـــة الفنطازیة)ی (علی الشوك)کە (لاکێشـــــەی زێڕینـــــی) Golden Rectangle بەجوانترین کێشراوی ئەندازیاری دانـــاوە بەو مەرجەی پانایەکـــــەی بەگوێرەی درێژاییەکـــــەی ١ـ١ر٦ بێت ، واتە ئەگـــەر پانایی ئەو لاکێشەیە (١٠)سم بوو ئەبێ درێژاییەکەی(١٦)سم بێت . بۆ نموونەش پەرتووکی دیاریکراو نیگارێکی (لیۆناردو داڤنشی) کە بەناوی (قدیس جیروم)ەوەیە دەست نیشـــان ئەکات ، کە قدیسی ناو براوی لەناو لاکێشـــەیەکی زێڕیندا کێشاوە ، ئەمەش بێ گومـــان بەرێکەوت نییە ، کە ئەوەشمان زانی (داڤنشی) ســـەرەڕای نیگارکێشان زانایەکی مانماتیك و ئەندازیارو کارزان بووە .

لە کۆتاییدا دەڵێم هەر ئەم بەراووردکردن و وردبوونەوەیە ڕێگەی خۆش کرد بۆ (هونەری (چاوی) Opart وەگەلێك داهێنان لە ئەندازیاری بنیات و پردو پەیکەر لەم سەردەمەماندا

بۆ دلداری
شاعیری کورد

کمال مصطفى

لەگرمەی جەنگی جیهـــانی یەکەمدا ، لەوکاتەدا کەشەڕێکی تەماعکاری بەهۆی داموەزگـای ئەمپریالیستەکانەوە هەموو گێتی گرتبۆوە ، ئەو شەڕەی کە ســـودو قازانجی ولاتـە ئەمپریالیستەکـانی ئەوروپای تێدابوو ، ئەویش بە مەبەستی دابەشکردنی میراتی دەوڵـەتی عوسمانی بوو لەنێوان ئـــەو دەوڵەتانەدا ، کە ئاشکرابوو لەسەر حیسابی گەلانی بێـــوە بوژاوەو لاوازە جەنگ کۆتایی هات و زۆرداران کەوتنـە فڕان فڕانی هەر مەپرسـە چ ڕۆژێ بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا دەیەها بانگەوازی دیموکراتی و مافی گـەلانی ژێر دەســـت دەدرا بەگوێی خەڵکیدا بۆ هەڵخەڵەتاندن تاوەکو بگەنــە مەرامی خۆیان ئا لەو کاتەدا دڵـــداری شاعیر پێی نایە جیهانەوە لـــە ٢٠ی شوباتی ١٩١٨ کاتێ کە فامی کردەوەو خۆی بینـــــی هەستی کرد مرۆڤی نەتەوەیەکە ناوی نەتەوەی کوردە ، ئـــەو کوردەی کە لە زۆر کۆنـــەوە خاوەنی شارستانێتی بووەو جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەست خۆیەوە بوو لەگەڵ ئەوەی کە نەتەوەیەکە لەو نەتەوانـــەی هێشتا چارەنووســـی خۆیـان نەکـــەوتۆتە دەست خۆیان دڵداری شاعیر لەناو نەتەوەیەکی وادا دەکەوێتە شـــیعروتن و خەیاڵ کردنەوە .

بۆیە شیعرە نەتەوەیەکـــانی ئاوێنەی خەباتی شۆڕشـگێری کوردەو هەوڵی داوە لاوانی کورد لە بەدبینی و بڕوا بەخۆ نەکردن ڕزگار بکات و هانیـــان بدات بۆ تێکۆشان لەپێناوی ڕزگاریدا هەروەها بە هــەموو لایـــەکی ڕاگەیاندووە کە کورد نەتەوە یەکی خاوەن شـــارستانێتی و خەباتەو لە فەوتان و نافـەوتێ وەکو لە « ئــەی ڕەقیب »دا ئەڵێت ..

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
نای شـــکێنێ دانەیی تۆپی زەمان

: ● :

هەروەهـا دڵـــدار باوەڕی وابووە کە پەروەردەکـــردن کۆمەڵ زۆر بەرەو پێشــکەوتن ئەبات بۆیـە زۆر بایەخی داوە بە منداڵ و داینـاون بە هیـــوای پاشەڕۆژی گەل وەکو دەڵێ ..

منداڵی هیوا کۆتەکەی ژیان
تازە خونچەکـەی نێو باخی گوڵان
هەرچەندە سەبری نیـــو چاوت دەکەم
نابینم گەردێ نە زۆرو نەکەم

هەروەکو شـاعیرێکی باوەڕ بە دوارۆژ کردوو هـەوڵ داوە تۆزی نائومێدی و سســـتی و کەمتەرخەمی لە شانی خەڵـــکی بکاتەوە کە ئەڵێت ..

ئەرێ ئەی کورد لە نێو گەلدا
هەتاکەی ماتو داماوی
کە عالم سەر بەخۆن گشتی
ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی

هەروەها بڕوایەکی پتـــەوی هەبووە بە نووســـین و بڵاو کردنـــەوە ، وە لـــە مەیانی

بڕوانە ل -٧-

●●● پۆستەی خوێنەران

● **کاك جهان بەخش مصطفى:**

ببوورە .. ، ئەمانتـــوانی شیعرە دوورو درێژەکەت بڵاو بکەینەوە ، پیشنیاز ئەکـــەین ڕووبکەیتـــە ئامادەکردن و چاپ کردنی ئەو کتێبە بەنرخانـــەی باست کردبوون ..

● **کاك ناظم عبدالله کۆیی:**

« ووتەکانم » هێشتا ماوێتی بگاتـــە رادەی بلاوکردنەوە ، بەردەوام بە لەسەر هەوڵـــدان .. چاوەڕێی دوارۆژێکی باشت لێ ئەکرێ .

ئەمەی خوارەوە پارچەیەکـــە لە « ووتەکانم » :ـ

ووتەکانم ..
باڵداریکن ..
گشت ئەسوڕین بە ئاسمانا
چاوەکانیـان ناچوقێنن ..،
واچەکانیان فوڕێن نابێ ..،
لە گەردەاوول ..
لە تفەنگی ڕاوچییەکانا ..
ئەپەڕنەوە ..!

● لە کاك ـ پێشڕەو ـ ەوە گلەیی نامەیەکمان بۆ هاتووە .. تیایا گلەیی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ئەکـــات و ئەڵێ :

من کە مامۆستایەکم لەشاری هەولێردا .. ئەمەوێ ئـــەو کەمتەرخەمیـــانەی لە بـــەڕێوە بەرایەتی پەروەردەی هەولێردا هەیە ، بیانخـــەمە ڕوو ، بۆ ئەوەی لێپرسراوان بتـــوانن چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە :

١ ـ ڕەچاونەکـــردنی تواناو تاقەت و پلەی ســـەرکەوتنی مامۆستا لە پێکهێنانی لیژنەی پشـــکنینی پەڕاوەکانی تاقی کردنەوەی بەکالۆریا .

٢ ـ کە پارەو حیســـاباتی موحاسەبەی بەڕێوەبەرایـــەتی کەم ئەکات زۆرجار ئەم پارەیـــە لـــە موچەی مامۆستاکـــان ئەبڕرێت .

٣ ـ زۆرجار قوتابخـانە ئەبێتە بازاری کتێب فرۆشتن ، وە مامۆستاکان ناچار ئەکرێن کە ئەم کتێبانە بکڕن .

٤ ـ بێبەشکردنی مامۆستا لە حەسانەوەی پشووی هاوین .. بە کردنـــەوەی دەورەی تەدریب .

لە کۆتاییدا ، کاك پێشڕەو ئەڵێت ، تکامان وایـــە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بجوڵێتەوەو چاوێك بە کـــە ڕوباری خۆیا بگێڕێتەوە بۆ چارەسـەرکردنی ئەم لایەنانە .

● **کاك فائز محسن ئاوات :**

کاکەگیان .. شـــیعرەکە (بیرەوەری ئێوارەیەکی زستان) لە ڕووی کێشەوە لەنگ و لە ڕووی زمانەوە لاواز بوو .، هیوادارین زیاتر بایـــەخ بە هونەری شیعر بدەیت ئەویش بە خوێندنەوەو خۆفێرکردن ئەبێت .

هۆنراوەیەکی ناظم حکمت

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

- شنۆ -

کاتێ لە دەرگای قەڵاتەکە
... ئەچینە دەرەوە ...،
بۆ ئەوەی تاماشای مردن
بکەین ...

خۆشەویستەکەم !
ئەتوانین .. بۆ دواجار..
سەرنجی شارەکەمان بدەین و پێی بڵێین :
(هەرچەندە .. پێکەنینێکی زۆرت پێ نەبەخشین ..،
بەلام .. ئێمە .. ئەوەندەی لە توانامان‌دا هەبوو ..
لەپێناوی کامەرانیت‌دا .. کردمان .)

× ×

ئەســـتەموڵ ! ئەستەموڵەکەم !
ئەڵێن : خەم و پەژارەو کوێرەوەری .. تیاتا ..
لافاو ئەکا ..،
ئەڵێن : برسێتی .. خەڵك ئەدورێتەوە ،
دەنگوباسی ناهـەموارو جەرگ بڕ ..
دەربارەی شارە دوورەکەم
شاری ڕەش‌ورووت و هەژارەکان .!
.. ئەگێڕنەوە
شاری ڕاستەقینەم !
ئەو شارەی تۆی تیایە ..
ئەو شارەی ..
لە دوور وولاتێکەوە .. بۆ دوور وولاتێکی تر ..،
لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تر ..،
لەسەر پشتما .. لە هەگبەکـــەما .. هەڵمگرتووە ..،
ئەو شارەی .. وەك چۆن کێلان .. خەنجەر هەڵئەگرێ .
لە دڵما .. هەڵمگرتووە ..،
وەك وێنەکەت لـــە چاوما .. هەڵمگرتووە ،
ئەی دلدارەکەم !
لەوێدا .. دەرگـــا .. داخراوە
بۆئەوەی بتبینم ..
پێویستە بـــە پاڵەپەستۆ .. بیکەمەوە ..،
با ژیان وەکو تۆ .. جوانو خنجیلانە بێ ..،
با ژیان وەکو تۆ .. هاوڕێ و دڵدار بێ ..،
من .. ئەزانم ..
هێشتاکە .. ئاهەنگی کوێرەوەری کۆتایی نەهاتووە
بەلام لەو بڕوایەدام ..
کە ڕۆژێك دێ ..
کۆتایی بـــەم کوێرەوەریە بێت !

***

Institut kurde de paris

مامۆستا صدام : ئەرکی سەرشانی دەزگاکانی ئاسایش خزمەت کردنی گەل و پاراستنی دەسکەوتەکانی جەماهیرە

ئێوارەی ٥-٧ مامۆستا صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی دا لەگەڵ لێپرسراوو کاربەدەستانی دەزگای گشتی ئاسایش و مخابەراتی گشتی و ئیستخباراتی عەسکەری کۆبۆوەوە ، وە لە کۆبونەوەکەدا کاك مرتضى سعید عبدالباقی ئەندامی سەرکردایەتی قطری و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئامادە بوو .

مامۆستا صدام وتارێکی بۆ لێپرسراوانی دەزگاکان خوێندەوە تیایدا وتی : هەمووتان خزمەتی نیشتمان ئەکەن بۆ ئەوە گەشە بکات .. خزمەتی گەل ئەکەن بۆ ئەوەی سەربەرزبێ وە بۆ ئەوەی دەورێکی پێشڕەوانەی ببی لە خەباتی عەرەبدا .. جا کە ئەمە ئامانجتان بێ ئەبێ بەدەستی خۆتان مۆم داگیرسێنن بۆ روناك کردنەوەی رێگای گەل . ئەرك و فەرمانی ئێوە تەنگ کردنەوەی زیندان و بەندیخانەکان نیە بەڵکو پاراستنی شۆڕش و حزب و دەسکەوتەکانی جەماهیرە . هەروەها وتی : ئێوە تێکۆشەرن و ئەرکی سەرشانتان پاراستنی ئاسایشی شۆڕشە وە نابێ رەفتاری هەندێکتان بگاتە ئەو رادەیەی بڕو بیانو بخولقێنن بۆ گرتنی خەڵکی و تاوانیان بەرامبەر بکەن .....

هەروەها وتی : لە سایەی سێبەری شۆڕشدا ئەبێ دەزگای گشتی ئاسایش بە سایکولوجی و گورجوگۆڵی و چالاکی و پراکتیکێکی تر رابهێنرێ ، سایکولوجی بە تەنگەوە هاتنی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی جەماهیر ، چالاکی و پراکتیکی پاراستنی شۆڕش دژی جموجۆڵی بەکرێ گیراوو کۆنەپەرستان ..

ئەبێ ئەم دەزگایە لە پراکتیك و گورجوگۆڵیا سیاسەتی حزب و شۆڕشی لەبەرچاوبێ لە بنیات نانی بەرەی نیشتمانی و پێك هێنانی هاوپەیمانێتی نێوان هێزە نیشتمان پەروەرو بەنەوەییە پێشکەوتنخوازەکانی وڵات بە پێی ئەو بنچینانەی بەرنامەی کاری نیشتمانی دەست نیشانی کردون .... بەرەنگاری کردنی ئەم گیروگرفتەی ئیستا بەوپەڕی خۆبەستنەوە بە حزبەوە ئەبێ ... خۆبەستنەوە بەشەرعیەتی حزب و پراکتیکی دیموکراتیانەو بەرژەوەندی و ئامانجەکانی جەماهیر .

ئیتر ئامۆژگاریەکانی بەم جۆرە کۆتایی پێهێنا : هەر یەکێك لە ئێوە چەند لە جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانیا دڵسۆز بێ وە چەندە لە راپەڕاندنی ئەم ئەرکانەدا سەرکەوتو بێت نابێ وا بزانێ کە ئەو لە سەرووحزب و گەل و شۆڕشەوەیە .. نابێ لە بیرتان بچێ کە دەزگاکەتان دەزگای شۆڕشەو خزمەتی گەل ئەکات ... نابێ لەخۆتان بایی بن ، چەندە سەرکەون ئەوەندە زیاتر ئەبێ فێر بن وە خۆتان بەو بیرو باوەڕانە را بهێنن .

لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەربارەی ئۆردوگای قوتابیان ئەدوێ

فەهمی قەرەداغی
پەیامنێری – هاوکاری –
لە سلێمانی

ئەمە سێ ساڵە یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئەندامەکانی لە پشووی هاویندا لە ئۆردوگای ئیش کردندا لە دێهاتەکانی کوردستاندا کۆ ئەکاتەوەو لەگەڵ جوتیارو دانیشتوانی لادێدا تێکەڵ ئەبن تا لە ژیان و گوزەرانیان بگەن و رادەی لە خۆبوردنی قوتابیان و هەست بە ئیش و ئازارو زەحمەتی خەڵکی چەوساوەی کوردستان تێبگەن .

دیدەنی یەکی بارەگای لقی سلێمانیمان کرد . ئەوەی راستی بێ ئەو لاوە خوێن گەرمانە لە چالاکی و ئیش کردنێکی بەردەوامدا بوون و بێوچان بەتایبەتی پاش ئەوەی تاقی کردنەوەی سەری ساڵ کۆتایی پێهاتووە .. خەریکی خۆ ئامادە کردن بۆ جماندنیان بەرەو ناوچەی (ئاغجەلەر) لە کەرکووك .

لەو بارەیەوە چەند پرسیارێکمان لە کاك سەلام عبدالرحمن لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان – لقی سلێمانی کرد :

پ : باسێکی گشتی ئەو شوێن و ئۆردوگاکانی ئەمساڵمان بۆ بکەن .

و : ئۆردوگاکانی ئەمساڵ لە دووی تەمموزەوە دەست پێ ئەکات تا حەقدەی تەمموز واتە ماوەی پانزە رۆژ لە سێ ناوچەی کوردستاندا : کەرکووك و هەولێرو دهۆکدا ئەخاێنێ . ساڵانی پێشو لە خانەقین و سنجارو کەرکووك ئۆردوگاکانمان گرد ئەبوونەوە بەڵام ئەمساڵ ئێمە (قوتابیانی سلێمانی) ئەچین بۆ ناوچەی کەرکووك .

پ : مەسەلەی خواردن و نوستن و دارایی ئۆردوگاکان چۆنە ؟

و : نزیکەی هەزار دینارێکی بۆ تەرخان کراوە . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارەیە لە زیادی یا لە کەمی ئەبێ بەپێی ژمارەی قوتابی یەکان و بە نیسبەت خواردەمەنی یەوە بە پێی توانا ئەیبەین و ئەوەی شایانی باسە (معلبات) مان هەیە کە قوتابی یەکان لە قوتابخانە پیشەییەکاندا پاشەکەوتیان کردوە لەوێ سوودی لێ وەرئەگرین .

لەوێ دوای بەرچایی خواردن لە ئۆردوگاوە ئەچین بۆ ناو دێهاتەکان بۆ ئیش کردن . نیوەڕۆ لەگەڵ ئەو ماڵە جوتیارانەدا نان ئەخۆین کە ئیشیان لەگەڵدا ئەکەین وە

براونە ل ٧

گۆشەی تەندروستی

– دکتۆر نەوزاد –

زەردوویی

● نامەیەکمان لە کاك نوری محمود لە سلێمانیەوە بۆ هاتووە ئەپرسێت نەخۆشی زەردوویی هۆی چی یەو چۆن چارەسەر ئەکرێت ؟

● زەردوویی لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی رەنگی (بیلی روبین) دروست ئەبێ کە لە رێگای گورچیلەوە لەگەڵ میزو هەروەها هەندێکی لە ریخۆڵەوە لەگەڵ پیسایی دا فرێ ئەدرێ .. زێ گیرانی ئەم رەنگە لە زراو یاخود لە جگەردا لە ئەنجامی بەرد یاخود هەوکردنی جگەر یان زراوەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناو خوێن و هەندێ جاری تر ئەم نەخۆشیە بە هۆی زۆر لەناوچوونی خڕۆلکە سورەکانی خوێنەوە بەهۆی هەندێ هۆی زگماکی یاخود بە هۆی (تسمم) یا هەندێ ژەهرەوە کە ئەچێتە ناو خوێنەوە ، ئاتێ خڕۆلکە سوورەکان دڕان ئەو (هیمۆگلۆبین)ەی کە لەناویدا دێتە دەرەوە وە ئەبێتە رەنگی (بیلی روبین) کە بەناو خوێندا ئەسووڕێتەوە ئەبنە هۆی ئەم نەخۆشی یە .

● چارەسەرکردنی : لە هەمو شتێك گرنگتر بۆ چارە کردنی ئەم نەخۆشی یە دەست نیشان کردنی هۆیەکەیەتی وە چارە کردنی ئەو هۆیە زەردوویی یەکە یەکسەر چاك ئەکاتەوە ، خۆ ئەگەر لە ئەنجامی بوونی بەردا بوو لە زراودا ئەوە بە عەمەلیات چارە ئەکرێ و ئەگەریش بەهۆی هەوکردنی جگەرەوە بوو ئەوە بە نەخواردنی چەوری و زۆر خواردنی شیرینی و حەوانەوە چارە ئەکرێت .

تاوانباران لە ناوبران

نیوەڕۆی یەك شەممەی رابووردو (١-٧-١٩٧٣) ناظم گزاری تاوانبار بەڕێوەبەری گشتی پێشوی ئاسایش لەگەڵ یەکەم رۆستەی تاقمە تاوانبارەکەی لەناو بران ، کە دادگا تایبەتیکە بریاری لەسەر دابوون و سەرۆك کۆمار پەسندی کردبوو .

ئەمەش تەواوی بریاری دادگا تایبەتیکەیە :

لە رۆژی ٧-٧-١٩٧٣ دادگایەکی تایبەتی بۆ محاکەمە کردنی تاوانباران ناظم گزارو تاقمەکەی پێك هات بەسەرۆکایەتی کاك (عزت الدوری)و ئەندامێتی کاك طاهر احمد امین وکاك خلیل ابراهیم العزاوی ، وە بە ناوی گەلەوە ئەم بریارەی خوارەوەی دا :

١ – بە پێی بەندی (١٩٠)و دەلالەتی بەندی (١٥٦) لە یاسای سزادان بریاری لەناوبردن (اعدام) درا بەسەر تاوانبار ناظم گزار بەڕێوەبەری گشتی پێشوی ئاسایش و ملازم سعد محمد علی ثابت و ملازم ئەمن محمد شهاب احمد العبیدی ومفوض ئەمن محمد حسین عبدالامیر الجبوری ومفوض ئەمن نیسان عبدالعزیز محمدو مفوض ئەمن هاشم سویدان و مفوض ئەمن عبدالمطلب هادی مهدی و مفوض ئەمن عبدالخالق احمد رمضان ومفوض ئەمن لوی عباس رضا ومفوض ئەمن موید ابراهیم حاتم و رئیس عرفاء صاعقه عبد حاشوش حسین و رئیس عرفاء صاعقه سوری زامل ضمدو رئیس عرفاء استخبارات زهیر حسن حسین وعریف استخبارات صلاح حسین حسن و عریف استخبارات محمود خلف محمد ونائب عریف ممتاز عبدالحسین جری صالح وئەمین یەکەمی ممتاز عبدالکریم شناتی و هشام جلال اسماعیل وصبیح عبدعلی وعبدالباقی غفور کریم زهاوی ومجید عارف مجید وحکمت ابراهیم محمد وخالد حسین السامرائی .

٢ – ئەو پارەو ماڵەی لە تاوانبارەکان گیراوەو ٤٧ هەزارو ٧٨٥ دینارو ٧٥٠ فلسی بووە دەستی بەسەرا بگیری و بخریتە سەر داهاتی خەزینەی دەوڵەت .

٣ – دەست بەسەراگرتنی ئەو شتەباسکراوانەی تاوانیان پێکراوەو بەپێی یاسا (تصرف)ی پێبکریت .

٤ – ئەو تاوانەی تاوانبارەکان کردویانە بەتاوانێکی ئاسایی دائەندرێ .

بە تشتی دەنگ بریار دراو وبەئاشکرا پیان راگەیاندرا .

عزت الدوری
سەرۆکی دادگای تایبەتی
ئەندام
خلیل ابراهیم العزاوی
ئەندام
طاهر احمد امین

دوابەدوای ئەمانە رۆستەی دووەمی تاقمە تاوانبارەکەی ناظم گزار دران بە دادگا تایبەتی یەکە ، ئەمەی خوارەوە بریارەکەیە :–

رۆژی ٨-٧-١٩٧٣ دادگای تایبەتی بەسەرۆکایەتی کاك عزت دوری و ئەندامێتی کاك طاهر احمد امین و کاك خلیل ابراهیم عزاوی پێك هات و بەناوی گەلەوە ئەم بریارەی دا .

١ – بە پێی بەندی (١٩٠) و بە دەلالەتی بەندی (١٥٦) لە یاسای سزادان بریاردرا ئەم تاوانبارانە لەناو ببرێن (اعدام) .

١ – عبدالخالق ابراهیم سامرائی
٢ – محمد فاضل
٣ – داود حمید
٤ – نەقیبی ئەمن لطیف رشید التمیمی
٥ – ناجی حسین دلیمی
٦ – ناصر فنجان سعودی
٧ – ملازم حسن ابراهیم المطیری
٨ – ملازمی ئەمن محمد مطر حسین
٩ – ملازمی ئەمن سعدی صادق نصیف
١٠ – مفوض ئەمن موفق ناجی صالح
١١ – مفوض ئەمن اسماعیل عبد محمد احمد
١٢ – فؤاد محمد حمید کە بەناوبانگە بە فؤاد الاعور
١٣ – امین عبدالله امین کروی
١٤ – مفوض ئەمن عبدالهادی علی عبدالله

٢ – وە بە پێی بەندی (١٩٠) وە بە دەلالەتی بەندی (١٥٦) لە یاسای سزادان بریاردرا تاوانبار مفوض ئەمن محمد حسن حمدانی هەتا هەتایە بەند بکرێت .

٣ – وە بە پێی بەندی (٢٤٧) لە یاسای سزادان بریاردرا تاوانبار علی رضا باوە ماوەی دوو ساڵ بە توندی بەند کرێت .

٤ – وە بە پێی بەندی (٢٤٧) . لە یاسای سزادان بریاردرا تاوانبار سالم حماد الشکرە ماوەی ساڵێك بە توندی بەند بکرێت .

٥ – وە بە پێی برگەی (ج) لە بەندی (١٨٢)ی یاسای اصولی محاکمەی جزائی ئەمانە بەرەلابکرێن ئەگەر هۆیەکی تری بەندکردنیان نەبێ ..

نەقیبی طیار مثنی رشید عبدالرزاق جبوری و ملازمی امن کریم متعب و مفوضی امن عبدالوهاب صالح درویش و مفوضی امن سامی محمود نجرس و مفوضی امن عبدالرزاق حمید صالح و مفوضی امن خالد محمد صالح و مفوضی امن عبدالرحمن مطلك دوری و رەئیس عرفای أمن فالح عثمان حمید و أمین ممتاز راضی صالح کمر و أمین ممتاز حمید ناصر احمدو مفوضی أمن وجیه ذاکر وافی و نشمی صریصر حسین و نایبی عریف أمن صالح حمید جبارە ومفوضی أمن عباس حمزە محمدو مفوضی أمن محمد عبدالرزاق محمد و مفوضی أمن وضاح ابراهیم أدهم و مفوضی عبدالرزاق وهیب ابراهیم و مفوضی أمن خلیل ابراهیم لطیف و أمین طالب جلاب أخو برشە .

٦ – دەست بەسەر ئەو شتانەدا بگیرێت کە تاوانیان پێکراوەو بە پێی یاسا (تصرف)یان پێبکرێت .

٧ – ئەو تاوانی ئەم تاوانبارانە بە تاوانی ئاسایی دانرا . بەگشتی دەنگ بریاری لە سەر دراو بە ئاشکرا تێگەیەنرا .

عزت الدوری
سەرۆکی دادگای تایبەتی
طاهر احمد امین
ئەندام
خلیل ابراهیم العزاوی
ئەندام

شارەزووری دوێنێ و ئەمرۆ

– برهان قانع –

شارەزوور ئەو دەشتە بەرینەیە کەوتۆتە ئەمبەروبەری ئەو شەقامە رێیەکە لە سلێمانیەوە ئەچێ بۆ هەڵەبجەو بەری رۆژهەڵاتی بە زەوی و زارەکانی هەڵەبجەوە لکاوە ، دانیشتوانی شارەزوور تاکو چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر کوچەربون و بەخێو کردنی مەڕو ماڵاتەوە خەریك بون زستانان لە شارەزوور ئەبون و هاوینان ئەچون بۆ کوێستانەکانی شلێرو ناوخوان لەسەر سنوری ئێران وە لەوێ مەڕومالاتیان ئەلەوەڕان .

لەو رۆژگارەدا کشتوکاڵ لە شارەزوورا نەك هەر لە شێوەیەکی سەرەتایی دا بوو بەڵکو ئەتوانم بڵێم هەر پشت گوێ خرابو .. بەشێکی زۆرکەم لەو فەلاحانەی شارەزوو نزیکەی تەغارێك (١) تۆویان بە جوت و گا دائەچاند .. هەر لە ناوەڕاستی کەژەی بەهارەوە خەڵکەکە دەستیان ئەکرد بە کۆچ کردن و شەبینەکانی خۆیان بەجێ ئەهێشت و ئەچون بۆ کوێستان ، بەڵام ئەوانەی کە دەغڵیان ئەچاند هەرماڵەی یەکێکیان بەلای دەغڵەکەوە گلی ئەخواردەوە کە درووێنەی بکات و بیهێنێتە بەرهەم ، وەکو ئەڵێن نەخوشی لەرزوتا و دەردو داوی تر ئەوەندە زۆر بووە لەوکاتەدا کەکەس خۆی لەبەریا نەئەگرت وە ئەو کەسانەی بۆ درووێنەی دەغڵ وەدان گلیان ئەخواردەوە هەریەکە چەند گەزێك «خام»یان لا بەجێ ئەهێشت بۆ ئەوەی ئەگەر لەبەر نەخوشی یان لە گەرمانا یان مار پێوەیدا .... بیکەن بەکفنی و بیشارنەوە چونکە دوکان و رێگاوبان زۆرکەم بوو ..

لەوکاتەدا شارەزووریەکان بە شارەزووریان ئەوت (چاڵی گەنم و گۆڕی مەردوم) واتا زەویەکانی گەنمی باش دێنێتە بەرهەم بەڵام دانی پێ ئەکەن .

کەسی تیا نان و هەوای ناسازە..

شارەزوور لە هەوینا رۆژانی زۆر گەرمەو شەوانی زۆر سارد ، پێی ئەڵێن (دوو هەوا) ..

ئەو شارەزوورە کە چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر بەو شێوەیە بووە کە باسمان کرد ، ئیستا بیرو سەلیقەی دانیشتوان و هاتنە پێشەوەی ئمێری تازەی کشتوکاڵ و دابەش کردنی زەوی وزارو دروست بوونی کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی کشتوکاڵ و رێگاوبان ... ژیانی کۆمەڵایەتی ناوچەکەی لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە ، ئیستا کە ساڵی بە هەزاران تەن لۆکەو گەنم و جۆ و چەوەندەری شەکرو دانەوێڵەو گوڵە بەڕۆژەو میوەو تەماتەو سەوزەی لێ دێتە بەرهەم و ... جگە لەمانەش قوتابخانە لە لادێکانا کراوەتەوەو زۆربەی نەوەی نوێی ئیستا فێری خوێندەواری بون و خەڵکەکەش بەتەواوی نیشتەجێ بون و پێیان ناوەتە سەرەتای ژیانێکی نوێی پێشکەوتوانەوە ..

١ – بریتی یە لە پێوانەی (د:) ت.ن.تە گەنم کە دانیشتوانی لادێ حیسابی پێوانەی دەغڵی پێ ئەکەن

ئەم هەفتەیە

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ١٤ تا ٢٠ی تەمموز ئەگرێتەوەو رێکەوتی ٢٣ تا ٢٩ی پووشپەڕی کوردیە ئەم رووداوە گرنگانەی تیادا قەوماوە :

رووداوی کوردی :

لە ١٥ی تەمموزی ١٩١٩دا شاری (ئامێدی) دژی بەریتانیای داگیرکەر راپەڕی .

لە ١٥ی تەموزی ١٩٥١دا میر جەلادەت بەدرخان کۆچی دوایی کرد .

لە ١٩ی تەموزی ١٩٢٤دا سوپای عیراق پێی نایە شاری سلێمانی یەوە .

لە ١٩ی تەموزی ١٩٥٧دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هیوا) لە بەغدا بڵاوکرایەوە .

رووداوی عیراقی و عەرەبی :

لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا سوپاو گەلی عیراق شۆرشیان تیاکردو هەرەسیان بە رژێمی شاهانە هێناو عیراق بوو بە کۆمار .

لە ١٥ی تەموزی ١٩٤١دا بەریتانیا شاری (بیروت)ی داگیرکرد .

لە ١٦ی تەموزی ١٩٧٢دا کۆنگرەی گشتی کرێکارانی جیهانی بۆ پشتگیری کردنی عیراق لە بەغدا کۆبووەوە .

لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨دا پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی دژی دیکتاتۆریەتی عارف شۆڕشی کردو حوکمی گرتە دەست .

لە ١٩ی تەموزی ٧١١دا قارەمان (تارق کوری زیاد) لەشکری (تەرەفولئەغەر) زال بوو بەسەر سوپای ئیسپانیادا .

رووداوی جیهانی :

١٤ی تەموزی ١٧٨٩ جەژنی نیشتمانی فەرەنسا . سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی فەرەنسا ئازاد کردنی گیراوەکانی بەندیخانەی باستیلە .

لە ١٥ی تەموزی ١٩٠٤دا چیکۆف نووسەری رووسی بەناوبانگ مرد .

لە ١٦ی تەموزی ١٩٤٤دا ستالین و چەرچل و ترومان لە شاری (پۆتسدام) لە ئەڵەمانیا کۆبونەوە .

لە ٢٠ی تەموزی ١٩٦٩دا (ئارمسترۆنگی) ئەمریکی یەکەم جار لە مێژووی ئادەمیزادا پێی نایە سەرمانگ پاش ئەمە (ئەڵدین)ی هاوڕێشی دابەزیە سەرمانگ .

ئەنجامی تاقی کردنەوەکانی سەری ساڵ

لە کۆلێجی ئاداب – بەشی دیراساتی کوردی لە زانستگای سلێمانی

ئەم ساڵ کە بەشی دیراساتی کوردی لە کۆلێجی ئاداب لە زانستگای سلێمانی سەرکەوتووانە ساڵی دووەمی لە تەمەنی بایەخداری خۆی تەواوکرد ئەنجامی تاقی کردنەوەکانی بەم جۆرەی خوارەوە بوو : لە ٤٠ قوتابی پۆلی دووەم ٣٧ قوتابی دەرچوون لەوانە :

یەکەم – مەهدی حەمید عەزیز .
دووەم – حامید محەممەد غەریب .
سێیەم – نازدار ئەکرەم ئەدهەم

لە ١٢٢ قوتابی پۆلی یەکەم تەنیا ٤٣ قوتابی دەرچوون لەوانە :

یەکەم – دلشاد عەلی محەممەد دووەم – ئەمیرە محەممەد ئەمین ئیبراهیم .
سێیەم – نەسرین سەمین عەبدوڵڵا .

لە کۆڕێکی ئەدەبی فراواندا لە هەولێر

یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر ، لە ئێوارەی ١-٧-١٩٧٣دا لە باغچەی یانەی مامۆستایانی کوردستان ، کۆڕێکی فراوانی سازکردو کاك مەغدید سۆزان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر باسێکی ئەدەبی فراوانی بەناوی (ئازادی و ئەرکی نووسەر) پێشکەش کردو دەستی بۆ هەموو سەرچاوەکانی ئەم باسە درێژکردو برایان جەمیل رەنجبەرو هۆگر گۆران لە هەڵسوراندن و وەڵامدانەوەی پرسیاری بەشدار بووانی کۆڕەکەدا بەشداریان کردوەو لە دوایی دا برایان : ممتاز حەیدەری و مستەفا پەژارەو حەمەکەریم هەورامی و احمد شریف و محمد مەنگوڕی هەریەکە راو تێبینی خۆیان لە بارەی زانیاری باسەکەو بیرورای یەکتری یەوە دەربڕی و ئەوەی شیاوی باسە گەلێك مامۆستایان و ئەدەب دۆستانی شاری هەولێر بەشداری یان لەو کۆڕەدا کرد کە دوو سەعات و نیوی زیاتر خایاند .

بانگەوازێك

تکا لەو مامۆستاو رۆشنبیرانە دەکەین ، کە بریاراوبو وەڵامی (حەوت پرسیارو نووسەرو رۆشنبیرانی کوردستان)ی بدەنەوەو تاکو ئیستا وەڵامەکانیان بۆ نەناردوین .. بە زووترین کات بۆمان رەوانە بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو وەڵامانەی بڵاوکراونەتەوە لە کتێبێکدا چاپیان بکەین .

ممتاز حیدری

خەباتی قوتابیان لە ئۆردوگای باوەگوڕگوڕەوە

● سەر لە بەیانی رۆژی دووشەممە ٢-٧ لەبەر بارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە – لقی سلێمانی بەوپەڕی خۆبوردن وبە بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕی وهەستی کوردایەتیەوە دووصەد قوتابی بەرەو ئۆردوگاکانی ئەمساڵمان کەوتنەڕێ ، لەپێناوی خزمەت کردنی هەژاران وجوتیارانی گوندەکانی کوردستاندا .

● صەدو پەنجا قوتابی تێکۆشەر رویان کردە ناوچەی ئاغجەلەر وتێکەڵاوی قوتابیانی ناوچەی کەرکوك بوون و ئۆردوگای باوەگوڕگوڕیان پێکهێنا ، وەپەنجا قوتابی رویان کردە ناوچەی چۆمان بۆ ئۆردوگای هەندرین .

● لقی چوارەی پارتی دیمکراتی کوردستانی بەرێز، وبەڕێز پارێزگاری سلێمانی و سەرۆکی زانکۆی سلێمانی وڕێکخراوە کوردستانیەکان وبەڕێوەبەری خەستەخانەی سلێمانی دەستی یارمەتیان بۆ یەکێتیمان – لقی سلێمانی – درێژکرد بەئامادەکردنی سیارە وخواردەمەنی وبەتانی ودەرمان وبرینپێچ بۆ قوتابیان .

● دائرەی بیطرەی سلێمانی هاوکاری تەواویان کرد لەناردنی پزیشکی بیطری ویاریدەدەری شارەزا بۆ قەلاچۆکردنی نەخۆشی ئاژەڵ لەناوچەکەدا لەگەڵ هەموو جۆرە دەرمانێکی پێویست کە بەهاوکاری قوتابیە کوردستانیەکان پێی هەڵئەستن لەماوەی ئۆردوگاکەدا .

● تیپی مۆسیقاو نواندنی

براونە ل ٧

institut kurde de paris

زمانێ کوردی «فونەتیک»

صادق بهاءالدین

دەنگێت پێشیا ئەزمانی ئەون پێت کو بهاریکاریا پوی‌یا ئو سەرێ ئەزمانی پەیدادبن • ئەو دەنگ ئەفەنە:

۱ – دەنگێ (ت): دپەیدابوینا ڤی دەنگی با لناف دەڤی بدرستی رادوەستیت ، دەمێ کو سوی‌یێ ئەزمانی ئانکو سەرێ وی بپوی‌یا ئو پەهنکا ژۆری یان سلال دکەڤیت ، دبلندبوینا ئەرزینکێ ژی رێ نامینت کو با بچیتە دفنێ • پاشی گەهشتنێ دیسا سوی‌یێ ئەزمانی ژێ ڤەدبیت ژنشکەکی‌ڤە ئو دەنگەکێ تبنێ ژێ دەردکەڤیت ئانکو پەیدا دبیت • ژبەر ڤێ یەکێ دبێژنە ڤی دەنگی دەنگێ نزمێ ددانا یێ تەکینی(۱)

۲ (د) دەنگێ (د) : ئەڤ دەنگە وەک دەنگی (ت) یە بەلێ تێڤەلی ئوجودایا ڤی هەر ئەڤەیە کو چێکیت گەرویێ یان گشتەکیت دەنگی ڤەددەن درارکرنێدا • ژبەر ڤێ یەکێ دەنگی (د) دەنگێ دەنگداریێ بلندێ ددانایە • دەنگەکێ بێڤەل و نەوەکی ئێک ددەت نەگەرچی هەر دو دەنگ ژی فونێمەکن بەلێ هندە جودایی هەیە کو سەرێ ئەزمانی دگەهتە دویماهیا پەخگا دەڤی ئو نیڤا ئەزمانی کویر دیت و دەنگێ (ت) وەکی (ط) بزمانێ عەرەبێ تێتە بهیستن • بەلێ دەدەنگێ دووێدا ئەزمان بدرستی ناگەهتە پەحنکێ بەلێ هەر نێزیک دبت • ژبەر ڤێ یەکێ دبێژنێ دەنگێ دەنگداریێ نزم بدادانانڤە :

۱ – دەنگێ (ت) یێ نزم وەکی دەنگی (ت) دزمانێت هندو ئوروپی‌دا تێتە زارکرن : تو • تیر • ستیل • تەر • رویت • تل • تێر •

۲ – دەنگێ (ت) یێ ستویر و بلند : تەم • توپ • تاف • هـ • د •

۳ – دەنگێ (د) • دەرد • مەرد • دیوان • دان • دار • در • شاندن • دەمەمی • دەراندەر •

دەنگێت سەرنیڤەکا ئەزمانی دەنگێت سەر نیڤەکا ئەزمانی ئەو دەنگن یێت کو لنیڤا پشتا ئەزمانی پەیدادبن • ئەو دەنگ ئەڤەنە : ك ، گ •

۱ – دەنگێ (ك) گافا بایێ ژسمان دەردکەڤیت و زارێت خوجهێت زمانێ کوردی، وەکی دەنگی (ج) دزارێ خوجهێ هەڤلێرێدا کو بدرستی وەکی دەنگێ (ج)یە دهنده زارێت خوجهێت دەڤەرا هەکاری لرۆژهەلاتا کوردستانا تورکی • هەر وەسا ددەنگێ پ • ت • ز • ر • ل • ك • گ • س •

دەنگێت پێشیا (بەری) ئەزمانی یێت نەرم و سڤک ئەو دەنگن یێت کو بهاریکاریا سەرێ ئەزمانی ئو نیڤەکا وی پەیدا دبن کو ئەڤەنە : (ر) ، (ن) و (ل) •

ر : زمانزان ڤی دەنگی یا دەنگدێرێ بناڤێ دەنگدارا گرێل بناڤ دکەن • ئەڤ فونێمە ژڤێک کەڤتنا دو هەدامێت نەرمێت زارگرنێ وەکی سوی‌یێ ئەزمانی ، یان نیڤا پەچنگێ تێتە زارکرن ، کو ژڤێک کەڤتنا دویەکی یا سوی‌یێ ئەزمانی لسەر پوی‌یا • هەر ژبەر هندێ‌یە ژی دبێژنێ دەنگێ لدوێک یان دوجارکری • ئەڤ دەنگە دزمانێ کوردی‌دا نەرم و زراف هەیە وەک بەر • دەر • دار • زراف • شەرم • هویر هـ • د • هەر وەسا ستویر و گر ژی هەیە کو پێترینی دەنگێ (ر) یێ سەرێ بێژەیان دگرت : وەک : ران • راف • رەف • (رەڤین) • رەز • رەپ • رپ • رك • رهـ • رژیان • ریژ • رێژ • رێل • ریهـ • ریز • رۆژ • رویس • بەر • گەر • شەر • کر (کربون) گر • هـ • د •

زمانرانێت کورد لعیراقێ کو نێزیک عەرەبی دنڤیسن بگەلەک رەنگ و ئاوایا دەنگێ هەر دو (ر) یا ژێک جودا دکەن هندەک وەکی سی • سجادی بدو(ر)یا دنڤیسن ،هندەکێت دی چوکولەکی لبن (ر) بفی رەنگی (ڕ) دادئن ، هندەکێت دی کو ئەکادمیا کوردی ژی (گوری زانیاری کورد) بریار دایە لسەر کو لسەر چوکولێ سلال (ژۆری) چوکول بێتە دانان یڤی ئاوایی (ر) کو دگەل دەنگێ (ژ) تێکەل دبت • بو نڤیسەڤانێت بزاریٚ کرمانجی دنڤیسن هەر دووان بئێکی بنڤیسن وەکی زمانێ عەرەبی ، دخوێندنێ‌دا دێ هێنە ژێک جوداکرن • هەر وەسا دەنگێ (ل) ژی نەپێتڤی دانانا چو چوکولانە لسەر زێدەبار دزاریٚ کرمانجی‌دا (ل) یا بلند دچەند زارێت بچوکیێت خوجهدا هەیە ژبەر هندێ زمانزانێت بزاریٚ کرمانجی دنڤیسن ئەو چەند بسەر گوهڤە هاڤێتیە •

(۱) گرامەتیکا زمانێ کوردی ق • کوردو ۱۶۰۰ یەرقان

ژنەدەبێ کەڤن

نڤیسینا : ع • ن

یێ هزرێت‌خو لشۆلێ‌نەکەت‌عاقلێ‌خو بکارنەئینیت ، باوەریا وی تاقەت و دەست‌گەرمیا وی بتنێ‌بیت ، دێ وەکی‌شێری و کێڤرشکێ لێ‌هێت •

دبێژن شێرەک کەتبوبیشەکی‌گەلەک حەیوانێت ژ وی کێم تاقەت‌تر لێ قەجەمیابون ، ئیجاداشێری ئەوبو وەکی دما برسی‌دا لمللەتێ‌خو هایەدەت‌ئەوژی دا (بیستێ لسەر خوخوینن) کی‌یێ بیستڤێدکەفت دا چنگلیت وی‌گرنی و ڕا خرینن بەنە بەردەڤێشێری بۆتێشتاوی •

جارەکی دبێژن بیستبکێڤرشکێ کەت •• کێڤرشک زور ترسا و نەزانی دێ چکەت‌و دێ چاوا خو ژ ڤی (فورعەێ خلاس‌کەت) هەکە بدلەکسی ئانبهزارا ، ڕێکا بیشێ‌شێری گرت ، چ حەیوانێت دی دگەل‌گێڤرشکێ نەچون ، چنکو گوت کێڤرشکا ڕەحەتەیافەقیرە چ ژ حیلەوجەمیازیا نزانیت ، کێڤرشکی بڕێڤەهزریت خو جەمانەدن و تەخمیناخوکر کو ڕێکەکێ بخوببینیت خو ژ مرنێ خلاس‌کەت، هاتە بەرهزری •• چوگەهشتەنک شێرێ ، شێری بخوگوت : تێشتا من پیچەکەبەلێ یا چەورە •

کێڤرشک بئەدەب لبنێ‌دیوانا شێری ڕاوەستا و دەستێت‌خر دەینانە سەرێک و گرت :حاکمی خوشبیت هەڤالا ئەز دگەل تیشتاتە هنارتبوم ، شێری گوتێ : ئێ •• و زیپەڕاخو گژکر •

کێڤرشکێ گوت : ئەزهاتمە نیڤەکا ڕێ شێرەکێ‌دی هاتە درێکامەدا و تێشتاتە ژ من‌ستاند ، ئەزا بێ‌دەستە هەلات یا بچیک نەشیام چ بەرەڤانیێ بکەم •• هەر باشبە من خو قورتالکری ، دەمێ شێرێ مژیل بخارنێ‌ڤە ،وەختێ کێڤرشکێ وەگوتیە شیرێ ، هویت شێری بو زخت وڕابو سەرەدەستو پێد خو و گوتێ : ئەو حەیوان لکیرێیە ، ما نزانیت ئەزحاکمێ ڤی جهی‌مە !

کێڤرشکێ گوتێ : من گەلەک هیڤی بخو ژێ کرن و من گوتێ ئەڤە تێشتا حاکمیە خودێیە دێ لسەر مللەتی هێتە دابەشکرن •

۳ – دا هەمی کەس بزانن سەرکەفتن بتاقەتا خودێ‌یە ئو بفیدا کارباملللەتیە ••• نە بزیرەکا تیامروفەکی بتنێ‌یە هەر چەندێ بچەرگو زەلەک ستویربیت • چنکو گەلەک هەبون دگوت ! هەگە خالد نەبا لەشکرێ بوسلمانا دسەرنەدکەفت • ڤێجا، من ئەڤە کر دا خەلك هەمی بزانن کو ناڤبتنێ هەمی تشت نینە (أبو عبیدە) کرە سەر لەشکر ، یێ زیرەک نەبو وەکی (خالد)ی ، بەلێ یێ بڕەحم (خالد)ی ، بەلێ یێ بڕەحم بو یێ عاقل •

ڕاوستانێت درست

نڤیسینا : چەپەر

دەمێ (خالد بن الولید) هاتیە ئێخستن ژ سەر لەشکریا بوسلمانا ، مروڤێت وی عاجزبون ، و گەلەکا پسیارکر کا ژ بەرچ سیچ خەلیفەی وەکر خالد یێ زیرەکبو یێ بجەرگ ژ دوژمنی نەدترسا • هندی بهوستەکێ دئەشێ‌وی دا نەمابو تیرەک ئان شیرەک ئان ڕومەک ڤێنەکەفتی خەلیفەی جابا پسیار کەرادا ئو گوت :

۱ – دا وی ڕزگارکەم ژ دوژمنێت دو ڕوی •

۲ – (۲۰،۰۰۰) هزار دیناریت زێدە لنك دەرکەفتن (بیت المال) پێدڤی تەرە ژ بەرکا وی ، مال – مالێ خودێیە دێ لسەر مللەتی هێتە دابەشکرن •

۳ – دا هەمی کەس بزانن سەرکەفتن بتاقەتا خودێ‌یە ئو بفیدا کارباملللەتیە ••• نە بزیرەکا تیامروفەکی بتنێ‌یە هەر چەندێ بچەرگو زەلەک ستویربیت • چنکو گەلەک هەبون دگوت ! هەگە خالد نەبا لەشکرێ بوسلمانا دسەرنەدکەفت • ڤێجا، من ئەڤە کر دا خەلك هەمی بزانن کو ناڤبتنێ هەمی تشت نینە (أبو عبیدە) کرە سەر لەشکر ، یێ زیرەک نەبو وەکی (خالد)ی ، بەلێ یێ بڕەحم (خالد)ی ، بەلێ یێ بڕەحم بو یێ عاقل •

ئێ ژی بخرینە

نڤیسینا : شالوك

لژوریا ڕوژهەلاتێ (چینامللی) گزیرتەکێ‌هەی بەرینیاوی کیلومێترە کە ، بهزارا مارێت‌بژهر لێت‌ژین ، ژ بەر زەحفیامارا لوی‌گزیرتەی دبێژنێ (گزیرتێ‌مارا) ، هندیکەماڕە جناوەرکە دژیت لجهێت‌گەرمین و لعەردێت سڕوسەرما •

ژهرامارایا دژوارە هەکە زێدەبچیتە لەشێ‌مروڤی دێ‌کوژیت دەملەدەست •

دبێژن نێزیکی نصف ملیون مارا لوی گزیرتەی دژین ، مار حەز ژ جهێت بن‌شهدکەت ، دێ‌خوکەتە گەڕی دکونێ‌ڤە بەلێ دێ‌سەرێ‌خو ئینیتەدەرڤە، ژ بەر دوتشتا :

۱ – ژ ترسادا دائاگەهـ ژ دوژمنی هەبیت دمما نێزیکی‌وی دبیت •

۲ – چاڤڕێ نێچیرێیە دا بخوت ئان پێڤەدەت •

کەس‌نەشێت مارێت‌عەردەکی ئان جهەکی بهژمێریت ، چنکو هەمی‌مار دەرناکەڤن ژ کونوکەلشتا ، د دەمەکی‌دا باهراپتر ژمارا دەردکەڤن سپێدەیازوی دگەل (صەو گورگ) ئو ئێڤاریا دەێ‌ڕوژ ئافادبیت ، کێمار بشەڤێ دەردکەڤن (کورەمار نەبیت) •

دگەل وێ‌چەندێ ژەهرامارا بو هندەک ئێشا دەرمانە ئەگەر پیچەکبیت •

لوی گزیرتەی گەلەکمار لێ دژین چنکو کونو کونجێت بەرا لێت زورن ، مار ژیارەکا خوش‌لێت‌بەن ، ئەو گزپرتەیێ بقیقیە یێ‌بداروبارە ، یێ بکولیلکوئافە •

ئەو گزیرتە دکەڤیتە ژوریا (چینێ) جهێ سڕوسەرمایێ ، بەلێ بایێ (بەحرێ) لێد دەت گەرمدکەت •

مارێت وی‌گزیرتەی خو لبەر چیچکو طەیرا ڤەدنویسینن د چنە سەردارا و سەر سەرێت کەڤرا ، دڕەنگ دارن دڕەنگ کەڤرو ئاخ ، دینی – پنی‌نە ، زوی بزوی مروف وان‌دیار ناکەت حەتا خو نەلڤینن •

ئەو مارێت لوی‌گزیرتەی دژین وەکی مارێت دێمی‌یە یێت جهێت‌دی ، دیارە ئەو گزیرتە د وەختێ خورا بسەر دێمی ڤەبو ، بەلێ ئاڤێ‌یا دایە سەر عەردێ بلند یێ جودا کری یێ بویە گزیرتە ، مارو حەیوانو طەیرو چیچک یێت

دەنگێت پێشیا ئەزمانی ماینە لێ ، و یێت زیدەبوین ، چنکو دویری دەستێت دوژمنانە •

طەیرەکی هەی لوی‌گزیرتەی دوژمنێ سەرێ مارانە ، دەما وی طەیری ماردیت دێ‌خو شوڕکەتێ و دێ بدمێ‌خو هەلگریت و دێ‌بلندکەتە بەر عەسمانی ، دێ لوێ بلنداهیێ بیتە شەڤێ وان ماردێ خوتێنالینیت داخو رزگارکەت ژ پەنجو دمێوی ، بەلی طەیرژێ دێ پەنجێت‌خو لێ شدینیت ر دێ دانیتێ بدما ، هەکە ماری بطەیری‌ڤەدا دێ ژ وێ بلنداهیێ طەیر بمارڤە فعەردی کەڤیت ، و دێ مریت ، هەکە مار مر دێ طەیر خوت ژ بەر بهوستەکێ ژ سەرێ مارو پێدا ، چنکو طەیر ژی دزانیت زەهر وا دسەرێ ماری‌دا •

شالوك

ئەفسانەیەک بو هەرەمانا لاواو قوتابیا

مصدق توفی

هەقالێن •••
هەلگرێن بیرو باوەرا
نوێنەرێن •••
ئاشتی لهەر پێنج کەرا
سوتی‌یێن •••
دەستی ئەهریمەنا
ئاوازێن •••
دلسوزو شوڕشگێرا
زارۆ وەکێ کورد •••
لکوردستانێ
قەلەمەک مەرد
ژناف ژیانێ
نامەکا بێدەنگ •••
بۆ وە دنێریت
پەیڤەکا بڕەنگ
بۆ وەدبێژیت
هیڤی‌یە ئو هەوار
نالینەو ئازار
ئەف چەرخێ بیستێ
لێ ناکەت پسیار
شەووتی‌یە ژ هندەک •••
ژ هندەک دەستێن گەنی
هەلگرین لێ زەندەک •••
ژ بەدەنی
د میژیت خوینێ
ژ دەمارا
ژ خوڕا پێ ئاقددەت •••
ئەو بەیارا •
دکەت چار کانی
بو ناڤ بیستانا
ژەنگا زەمانی •••

بو دکەت فنجانا
زێڕێ ڕەشتێ وی
وەک ژەهرەمارێ
ددەت گەویا وی
تەرزێ گرارێ
جهێ خویندنگەهـا
لەشکر ئگەهە
فامە مان بێ بەها
چەکا گەڕە
ئاشتی جەنگە •••
یەقین زەنگا دێرێ
فیشەک سەنگە
دهوزانێن قێرێ
لاووکو حەیران
بەیتو داستان
نەمان •••
ژین بو ژیان
ئەو بونە ژان
ئەمان •••
هەقالین •••
پەیکێن کوردا هاتن
هەژارین •••
ژ شکەفتێن ڕوژ هەلاتن
پالەنە و جوتیار
ماندی خوهـ ناڤ چاڤ
بێ کەسپوکار •••
برسی‌کرین زراڤ
خەلاتێن وان •••
هەستیکێن مروفن
چاڤێن کور ئان •••
سوتی‌یێن ناڤ گوڤن
داوەتا کوردی

ناکەینە خەلات
تابلوێ گوندی
سوتی بو وەهات
هەقالێن زانا
لاوو ئو خوێندەکار
دەرمانێن زاما
برایێن هشیار
وەرنەهاری •••
خەلکێ کوردستانێ
بینە زاری
بیرا ڤێ جیهانێ
مللەتەک •••
دحەفتێ چەرخێ بیستێ
جاندارەک •••
دەمێ هەیڤو زانستی
دویرە ژ طاڤێ
چار کەرە و بن دەست
تێن ڤێ گاڤێ
یێ گەستی ژ قەست
هەڤالین •••
ناهیینە جەهو ئاری
دخازین •••
هوبن بێگڤە بێنە هاری
باوەرا •••
دگوڤارو ڕووژنامە
بەردەرا •••
بکارو نقشتیێن فامە
بکەن کاری بهەستو ئەندیشە
ڕاکەن طاری
بنێڕنە ئەف کلیشە
چەندێ ڕەنگینە عەداڤو خوینە
کون کونە سینە هەر لێ بڕینە

institut kurde de paris

دەربارەی خوێندنی کوردی لە کۆڕی شەقلاوەدا چی چاوەڕوان دەکرێ؟

ممتاز حیدری

-١-

وەزارەتی کاروباری ژوورو لەم ڕۆژانەدا، ئاشکرای کرد کە کۆڕێکی فراوان – حلقـەدراسیە – لەمانگی ئابی داهاتوودا ڕێك دەخا، بۆئەوەی لە گیروگرفتەکانی خوێندنی کوردیو کتێبەکانی بدوێن‌وچارەسەرێکی ڕاست لەپێناو پێشخستنی کوردیدابدۆزنەوە.

– هاوکاری – ش بەپێی ڕێبازی خزمەتگوزاری ژیانی ڕۆشنبیریو زمانو نوسینی کوردی، زنجیرەیەك گفتوگۆو لێکۆڵینەوەیەکی بەر لەبەستنی کۆڕەکە، لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرو نوسەرو دەرچوانی بەشی کۆلێجی ئەدەبیات کرد یەك لە دوای یەك بڵاوی دەکاتەوە، بەنیازی هاوبەشی‌کردن لەئەرکی کۆبونەوەکەو خستنەروی ئەو گیروگرفتانەی لە خوێندنی کوردیو کتێبەکانیا هەیە، تاکو بەهەوڵو کۆششی هەمو لایێك ڕێگایەکی ڕاست بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانە دەس نیشان بکرێو هەروەها زەمینـەیەکی چاك بۆ جێبەجێ‌کردنی دابمەزرێت.

(هاوکاری) پێشـەکی هیوادارە کۆڕەکە، سەرکەوتنێکی گەورە وەدەست بهێنێ.

ئەمەش پرسیارەکەیە، ئاراستەی ئەو کەسانەکراوەکە وەڵامەکانیان یەك لەدوای یەك بڵاو دەکەینەوە :–

پ – ئەوەی زانراوە لەمانگی ئابی داهاتوودا، کۆبونەوەیەکی فراوان دەربارەی خوێندنی کوردیو کتێبەکانی، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی لە شەقلاوە ڕێك دەخرێ. جا بەرای ئێوە چ باشەبکرێو چۆن‌کۆبونەوەکە دەربارەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خوێندنی کوردیو کتێبەکانی سەرکەوتن بەدەست‌دێنێ؟

وەڵامی مامۆستا ئەحمەد دلزار

بەڕای من لێدوان لەبەستنی ئەو (حەلقەی خوێندن)ە دوو لقی لێ دەبێتەوە :

یەکەم :

چۆن ببەسترێ و کێ بن ئەوانەی بەشداری تێدا دەکەن؟

دووەم :

بەشداربووانی ئەو حەلقەیە باسی چی بکەن‌و بریار لەسەر چی بدەن؟

یەکەم :

بۆ سەرخستنی بەستنی ئەو حەلقەیە پێویستە هاوکارییەکی



– ئەحمەد دلزار –

بەهێز لەنێوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی و کۆڕی زانیاری کوردو یەکێتیی نووسەرانی کورد و بەشی کوردی لە کۆلێجی ئادابی بەغداو زانکۆی سلیمانی و ڕێکخراوە نیشتمانیەکان لە کوردستاندا ببێ بۆ ئەوەی هەر لایەی کادری بەتوانای خۆی بنێرێ بۆ بەشداری کردن لە گفتوگۆ و دەبرینی پێشنیازی باش و بڕیاری پتەو بۆ پێشخستنی خوێندنی کوردی و کتێبەکانی لە هەموو ڕوویێکی پەروەردەیی و زانیاری و ڕۆشنبیرییەوە.

دووەم :

من بەش بەحاڵی خۆم ئەم پێشنیازانەی خوارەوە بەگوێی بەشدارانی حەلقەکەدا ئەچرپێنم بە هیوای ڕوون کردنەوەی هەندێ لەو گیروگرفتانەی کە هاتوونەتە پێش خوێندن بە زمانی کوردی و دۆزینەوەی ڕێگەی چارەسەرکردنیان :–

١ – دانانی بنچینەیێکی ڕاست و تەواوی یەکگرتوو بۆ ڕێنووسی کوردی و بەکارهێنانی لە نووسینەوە و چاپکردنەوەی کتێبەکانی خوێندنی کوردیدا.

٢ – پێشنیاز دەکەم کە کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردی لە هەموو پۆلەکاندا دانان بن نەك وەرگێران و باری ژیانی زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانی گەلی کورد بنوێنن و گونجاو بن لەگەڵ شوێنەوار و سایکۆلۆجیەتی دانیشتوانی سەرتاپای کوردستان.

٣ – کتێبەکانی مێژووی کوردو پەروەردەی نیشتمانی لەسەر بنچینەیێکی زانستی پێشکەوتن‌خواز دابڕێژێن‌و هیواو ئاواتی چینی چەوساوەی گەلەکەمان و بەربەرەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی دەربڕن و ڕێگەی تێکۆشان و فیداکاریان لەلا شیرین بکەن.

٤ – زیاتر موتوربە کردنی ئەو شێوە کوردیەی کە ئێستا پێی دەنووسین بە ووشـەی بادینیو لوری بە مەرجی وشەکان سووکو ڕەوان بن بۆ ئەوەی ئەمکارە ببێتەهەنگاوێکی گرنگ بۆ زمانی یەکگرتووی کوردیمان.

وەڵامی مامۆستا عبدالخالق علاءالدین

لەم چەند ساڵانەی دوای بەیانی ئازارا جمو جۆڵو چالاکییەکی ئەدەبو نووسینی

– عبدالخالق علاءالدین –

کوردی زۆر هاتەکایـەوە، بەگیانێکی پاکی دڵسـوزانە نووسەرو ئەدیبەکانمان کەوتنە هەوڵو تەقـەلادان بۆ پەرە پێدان‌و پێشخستنی زمانـی کوردی وە بە خۆگرتنە باوەشی زاراوەی زانیاری و زانستی ئەم سەردەمەمان.. وە هەر چەندە هەنگاوی بەرزی بەرەو پێشەوە ناوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشا گەلی کەمو کوڕی و ناتەواوی بەتایبەتی لە کتێبەکانی خوێندنی کوردیدا بەرچاوو دەکەوێ، بێگومان ئەو کۆبوونەوە فراوانەی کە لە شەقلاوە دەبەسترێ دەربارەی خوێندنی کوردی و کتێبەکانی قوتابخانە کارێکی پەسندو جێگای هیوایە کە بتوانێ ئەو تەگـەرەو ناتەواویانەی کە لەکتێبەکانی خوێندنی کوردیدا هەیە لای‌باو بەسەریا زاڵ بـێ.. دووبارە بە شێوەیەکی دروست‌و نووسینێکی تەرو پاراوو سودبەخش بینێتەوە بەرهەم وە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە پتر سەرکەوتووبێ و بە دەوری خۆی هەڵسێ ئەم چەند تێبینیو پێشـنیارە ڕەچاوو بکا باشە :

١ – لام وایە ئـەو باشاگەردانیو داتاشینی ووشەو زاراوەی نابەجـێی کە لە زمانی کوردی دوورن هەمووی سەر ئەنجامی ئەوەیە کە کتێبەکانی خوێندنی کوردی لەزمانی عەرەبییەوە وەر دەگێردرێنە سەر زمانی کوردی.. جا چارە ئەوەیە کە هەوڵ بدرێ کتێب بۆ خوێندنی کوردی (دابندرێ) و چەند لێژنەیەك بۆ ئەم مەبەسە پێك بێت لە شارەزاکانی پەروەردە و نووسەرو ئەدیبو زمانزانەکانی کوردی.

٢ – باسی وانەکانی خوێندنی کوردی زۆربەی لەناو جەرگەی کوردەواری و شوێن‌و جێگای قوتابی بێت‌بەگوێرەی توانا و لێوەشانەوەی باسەکە.

٣ – هەوڵ بدرێ شێوەی نووسین بە کوردیەکی پەتیو سادەو بیستراوو بێ وە بەدەر (شێوەو زاراوە) بنووسرێ چونکە تێکەڵاوو بوونی زۆر چەشنە زاراوە دەبێتە هەوێنی سەر لێ شێوانی قوتابی.. وە وابزانم بگرە هەر نەتەوەیەك زاراوەی جیاوازی هەیە بەڵام شێوەیەکی تایبەتی گردووە بە زمانی ئەدەبو نووسینی خۆی وە هەموو پەیرەوی دەکەن‌و شارەزا دەبن‌و لێ‌ڕادێن.

٤ – ئەو کۆبوونـەوەیە پێویستە زۆرترین لە نووسەرو ئەدیبانی کورد بەشداربن و تێبینیو پێشنیازیان وەربگیرێ..

ئیتر بەکاری دڵسۆزانەی هەموو لایەك هیواداری کار دروستی و پێشکەوتن دەکەین..

وەڵامی مامۆستا کەریم شارەزا

بەلای منەوە ئەوەی پێویستە بکرێ بۆ ئەوەی کۆڕەکە سەرکەوتووبێ و ئەنجامێکی باشی ببێ ئەوەیە :–

١ – دەستەیێکی باش لە شارەزایانی زمان و خوێندنو



– کەریم شارەزا –

نووسینی کوردی بانگ بکرێن، ئەمە جگە لە بەشداربووان لە دانان و وەرگێڕانی کتێبەکانی خوێندنی کوردی لە قۆناغەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی لە ماوەی ئەوچەند ساڵەی ڕابردوودا.

٢ – بەشداری کـردنی ژمارەیێکی باش لە مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی خوێندنی کوردی چونکە ئەوانن یەکەم کەس بە گیروگرفتی خوێندنی کوردی دەگەن و هەست بە ناتەواوییەکانی دەکەن.

٣ – بۆ سەرخستنی ئـەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە گرنگـە پێویستە هاوکاری کردنێکی باش هەبێ لە نێـوانی بەڕێوەبەراتی خوێندنی کوردیو کۆڕی زانیاری کورد و یەکێتیی نووسەران و بەشی کوردی لە کۆلیجی ئاداب لەبەغـدا و زانکۆی سلیمانی و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بۆ ئەوەی هەرلایە کادری توانای خۆی بنێرێ بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی ئەو کۆبوونەوەیەو خستنە رووی پێشـنیازی بنیات‌نەرو بڕیاری سـودبەخش لەم بارەیەوە.

٤ – دانانی هەندێ ڕێگەو بنچینەی چەسپاو بۆ ڕێنووسی کوردی بۆ ڕزگارکـردنی مامۆستاو قوتابیـان لە باشاگەردانی چۆنیـەتی نووسینی کوردی بەپیتـی عەرەبی.

٥ – جێبەجێ کردنی ئـەو پێشنیاز و بڕیارانەی کە لە کۆڕەکەدا ئەدرێـن گەلێ گرنگترن لە خستنە سـەر کاغەزیان، ئەمەش بەندە بـە باری داراییو بۆدیـژەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردیو وەزارەتی کـاروباری ژووروو، بۆراست کردنەوە و گۆڕینی ناتـەواوی‌یـەکانی خوێندنی کوردی و کتێبەکانی، بۆ ئەوەی بڕیارەکانی ئـەو کۆڕە گرنگەمان وەك بڕیارەکانی پێشوو هەر مەرەکەبی سـەر کاغەز نەبن و بەس.

وەڵامی مامۆستا جەمیل ڕەنجبەر

ڕێکخستنی ئەم کۆبوونەوەیە شتێکی نوێی لـەدوا دێت.. بەڵام ئەم شتە نوێیە چـی دەبێت؟ بێگومان شـتە نوێیەکە ڕێگای گۆڕینـی پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردی لە دوا دێت. ئەوەش کـە پرۆگرامی زمانو مێـژوو



– جەمیل ڕەنجبەر –

جوگرافیاو دەرسە زانستیەکانە کە پەیوەندی بە هەموو پلەکانی خوێندنەوە هەیە.. ئـەوەی دەمەوێ بەکورتی ڕای تێـدا دەربرم لە بارەی پرۆگـرامی پلەکانی سەرەتاییو ناوەندیە :

١ – لەڕووی زمانـەوە : پێویستە ڕێزمانی کوردی لە قوتابخانەکانی سـەرەتایی لە بنەڕەتەوە بگـوردرێتو بابەتەکانی وەك (ئیعراب) و (پاڵپشت و پاڵدراو) ی لێ هەڵ بهێنجێ و پیتەکانی زمانی

بڕوانە ل –٧–

سەرنجێك...

تکا لــە هەموو برایەکی نووسەرو شارەزا ئەکەین، هەر نووسین‌و لێکۆڵینەوەیەکیان دەربارەی ئەو کۆڕەی خوێندنی کوردی کە لە شەقلاوە ڕێك دەخری هەیە، بە زووترین کات بۆمان بنێرن تا بە زوویی بڵاوی بکەینەوە تا خوێنـەران سودی لێ‌وەرگرن.

– هاوکاری –

شانۆگەری فالچی

ڕەخنەو لێکۆڵینەوە

نووسینی : عزیز گەردی

– ٢ –

دەرکەوتنی هەزار فاقـی (شەمسەقیتە) لەو دەمـەوە دەست پێ‌ئەکاتو بـــۆتەماشاکەر ئاشکرا ئەبێ کـە لە مزگەوتی خانەقاوە بانگی بزربوونی ملە لیرەیـەك ڕائەهێشترێو (شـەمسە) لەگەڵ بیستنیا گوێ مـووت ئەکاتەوەو ئومێدی ئـەوەی‌ئەکەوێتە کەللە کە خاوەنـی ملە لیرەکە بۆ نووشـتەودوعایەك بێتە لای، لە هەمان‌کاتا بەدەم قسەکردنەوە – لەبەرخۆیەوە – وێنەی ئەو ئافرەتە بە خەیاڵ ئەکێشێ کە خاوەنی ملەلیرەکەیەئەمە ڕسواکردنی تعلقی ئەو جۆرە کەسـانەیەبە ئافرەت‌و جنسەوە دەرکەوتنی دوو فاقـیو دووروویی (شەمسە) ئەو کاتە ئەگاتە پۆپەکە لە دەرگا ئەدرێ، ئـەوخۆی ڕێك‌دێخێو جبەو عەمامە لـەبەرئەکات‌و تەسبیحی سەدویەك دانە ئەگرێتە دەسـتو بەویردو ئەوراد خوێندنـەوەئەچێ دەرگا ئەکاتەوە..

ئاتەی خێزانی دێتـــەژوورەوەو زیرە وون‌بووەکەی هێناوەو زەمبیلەیێ نـانوکەبابیش سەربار.. گفتگۆی نێوانیان دەربارەی زێـڕوپەڵ‌کێشانو قۆڵو برینەکەو شێوەی قسەکردنیان‌و جۆری بیرکردنەوەیان بە تـەواوی دزیو درۆزنیو شـەیتەنەبازییان دەرئەخاو (هەورامی) زۆر بەووردی پەردە لەسـەرژیانی ماڵەوەی ئەم جـۆرە کەسانە دائەدرێ کە لە دەرەوەخۆیان بەسەد بۆیە ئەنەخشێنن‌و خەڵك فریوئەدەن، بەتایبەتی‌کە ئەم دیمەنەی نێوان ژن‌و مێردە پێشان ئەدات :–

شێخ : حەم، حەم، حەم — ئاتە : میاو، میاو، میاو

شێخ : خرم، خرم، خرم — ئاتە : چز، چز، چز

شێخ : کەب، کەب، کەب.. فالچی ل ٤٢

لێرەوە هەردووکیان دێنەسەر گێڕانەوەی پاڵەوانێتی خۆیان‌و پەڵ‌کێشانیان لـەبەرژەوەندی خەڵکی چەوساوەی بێ‌تاوانەوە، (ئاتە) ئـەوەئەگێڕێتەوە چۆن ملەلیرەکەی لە منداڵەکانی سەرشەقـامسەندووەو چۆن لە ماڵی (علی حاجی محمدی کەبابچـی)ی‌ڕەحمەتی پاش شین‌و شەپۆڕو سەردوولکە ووتنێکی ڕیاکارانەحیلەیەکی لێ‌دامەزرانـدوون‌و ناچاری‌کردوون کە بۆ مـاوەی‌سێ ڕۆژ کەبابخانەکە بکەنـە خێرو بێرو بەسەر خەڵـکابیبەشنەوە، هەربـۆ ئەوەی ئەوانیش نانو کەبابێکیـان بەرکەوێو ژەمێـك دوو ژەم وورگیان هەڵلایێسـێنن .شێخیش بەرامبەر بەمـە چیرۆکی قالەکۆری بـرادەری ئەگێڕێتەوەو ئەڵێ :–

« دوێنێ کە ڕۆژی هەینـی‌بوو، لە دەرگای مزگەوتـی خانەقا ،وەك جاران دانیشتبووم‌قالەکۆر هەیە، ئەویش هەموو ڕۆژێکی هەینی دێتە بەردەرگای‌مزگەوت، بۆئەوە شتێـکی دەست بکەوێت، خەڵکەکە کەچوونە ژووری مزگەوتـەوە، نوێژ دابەسترا.. فالچی ل٥٦ » لێرانەدا پیاو هەست بە ناتەبایی‌و یەك‌نەگرتنەوەیـەك ئەکات لە بەینی ئەم قسەیەی شێخ (شەمسە)و کردەوەکانی.. شێخێك وەك شێخ شەمسە بێت‌و چاك خۆی بناسـێت‌وشێخایەتیەکەی بەرگێـکی دەست‌کردبێت بۆ خۆشاردنەوەدروستی کردبێت تا خەڵـك فریو بدات‌و هەردەم بەتەنگ ئەوەوە بێت کە خەڵك هـەر بەجوببەو عەمامـــــەوویردخوێندنەوە بیبینن‌و کە لە دەرگای ماڵەوەیان بدرێ وا بەم‌جۆرە بشێرێو بشـلەژێ‌و پێستی بەری بگـــۆڕێ‌ودەست‌بەتەسبیحەوە هەڵکوتێتە سەر بەرماڵ‌و دەلائیلولخەیرات‌بخوێنێو خەڵکی بە پیاوێـکی دیندار تێ‌بگەن‌و دەسـکی‌موبارەکی زیارەت – مـاچ – بکەن« من شێخ شەمسەدینم .ڕۆژ نی‌یە چەندەها کـەس دەستی من ماچ نەکـەن.. فالچی ل ٢٤ »وە ناوبانـگی هەمـوو شوێنێکی داگرتبێ‌وسەراپای شارەکە هەمـوو بیناسن (کێ هەیە لەم شارەدامن نەناسێت.. من.. من.. فالچی ل ٢٤) ئەم ناسـینەی‌کە خۆی ئەیزانێ – چۆن ئـەم جۆرە کەسە ڕۆژی هەینی لـەکاتی نوێژی نیوەڕۆ کە هەمو کەس خەریکی جومعـــەوجەماعەتن، چۆن ناچێتە ڕیزی نوێژکەران‌و چۆن دێ وەکـودەرۆزەکەرێك لە بەر دەرگای مزگەوتەوە هەڵئەتووتێ..؟!بەتایبەتی کە (شەمسـە) ڕابووردوویەکی پیسی هەیەوئەیەوێ ئەم ڕابووردووە پیسە لە پەنای پەردەوە بشارێتەوە ،دیارە ئەم جۆرە کەسـانەش زیاتر لەوانەی تر خەریکـیئەوەن خەڵك بیان‌بینن خەریکی نوێژو تاعەت‌و سـوننەت‌وشەونوێژن، نـــەك وەك نوێژنەکەر خۆیان پێشـانی‌خەڵك بدەن !! بێجگە لەمەش دانیشتنی شێخ شەمسـەبەرۆژی هەینی لەبەر دەرگای مزگەفت ئەوە پێشان ئەدا کـەشێخ دەرۆزەکەرەو بۆ دەرۆزە لەوێ دانیشتووە، بەڵام دیارەیەکی وەکو شێخ (شەمسـە) بە هەرمێن بێت‌و پارەو زێـڕوسامانی وەك بارانی بەهـار بەسەردا بباری، جگـە لەدزین‌و قۆڵ‌بڕینێ بەم جـۆرە هەڵتووتانە ڕازی نابێ‌و دەست‌لەبەر ئەمو ئەو پان‌ناکاتـەوە :

« ئەوەندە سەرم قاڵە ئاگـام‌لە خۆم نی‌یە.. کورە خـۆ لەمە چوومە دەرەوە، سـاتێك‌بەرخۆم ناکەوم.. یـەکێ دێ مامە شێخ شتم بۆر کردووە.. یەکێك مامە شێخ منداڵمان نابێ، یەکێك ژنم تۆراوە.. یەکێك بێ‌تالعم.. یەکێـك هەوێم هەیە.. فالچی ل ١٦٠» دیارە شێخێك ئەمە حاڵی بێ نە خۆی بەوە ڕازی ئەبێ کـەدەست لەبەر ئەمو ئەو پـان بکاتەوە؟ نە خەڵکیش لـێی‌ئەگەڕێن وەك دەرۆزەکەرێـك لەبەر دەرگـای مزگـەوتەوە بکەوێ؟

قاڵە چیرۆکێکی بۆ شـێخ گێڕاوەتەوە، شێخیـش چیرۆکەکە بەشێوەیەکـی

بڕوانە ل –٧–

بەبۆنەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزەوە

سەرنجێك لە خەباتی ڕەوای درێژخایەنی جوتیاران

عبدالله بەرزنجەیی

ئەگەر بێتو سەرنجێك لـەمێژوی ڕابردوی عیراق بـدەین ئەو ڕاستیانەمان باش بـــۆدەرئەکەوێت کە حکومەتـی پاشایەتی چون دەستی ڕەشـی‌ڕاکێشابو بەسەر دیهاتەکـانی کوردستان بەتایبەتی و عـیراق بەگشتی، بەهێزی ئاگرو ئاسن وەڵامی جوتیـاران‌و بیشتمان‌پەروەرانی ئەدایەوە، هـــەر ڕۆژە چەندین خەڵکی ڕاوئەناودەربەدەری ئەکردن. چینـی جوتیاران لەهەمو بەشەکـانی‌تری گەلی عیراق زیاتریان بـەر ئەکەوت.. ســەرەرای‌دەسەلاتی جەندرمەکـانی حکومەتی پاشایەتی ئاغـاودەرەبەگەکانیش لە هەرێـمو ناوچەو دێیەکانا خراپەکارییان‌بەجیا دەربارەی جوتیـاران ئەکرد. دەستیان بەسـەرهەمو زەوی‌و زارا گـرتبوو جوتیارانیان ئەچەوسـانەوەو بەسەد ناوەوە باجیان لـێ ئەستاندن.. بەربەرەکـانێ‌هەموو جۆرە بزوتنەوەیەکـی جوتیارانیان ئەکردو بەنەخشەوپلانی گڵاوی خۆیان ناکوکیان ئەخستە ناو جوتیارانەوە.

سەرەڕای ئەو هەمو دەست‌درێژی‌یەی حکومەتی پاشایەتی گۆر بەگۆرو دەرەبەگـەکان، جوتیاران بێ‌وچـان خەباتی خۆیان سەخت‌تر کردو چاونە‌ترسانە یەکتریان گـرت‌و بەتایبەتی جوتیارانی دەشـتی‌دزەیی لەپەنجـاکاندا وەك شورەیەکی پۆڵاین ڕوبەرویی‌دەست درێژی دەرەبەگەکـان ڕاوەستان‌و داوای‌مافە ڕەواکانی‌خۆیانیان ئەکردو شان‌بەشانی پارتی‌یە سیاسیەکان خەبات‌وتێکۆشـان بوبە پیشـەی ڕۆژانەیان، وەچەند دروشمێکی‌دیموکراتیانەیان بەرزکـردەوە وەکو :–

زەوی بۆجوتیاران. مردن‌وزوخان بۆشایەتی. کۆمەڵی جوتیاران بەرەسمی ڕیگابـدری.. ئەوەبو حکومەتی ئەوسا بەزەبری هێـزە ڕەشـەکانی پەلاماری جوتیارانی‌دا کەوتنە گرتنی جوتیاران‌و دەربـەدەرکردنیان‌و گرتنی هەمو نیشتمان پەروەرێکی دۆست بەجوتیـارجوتیاران بـەو خـەباتەیان لاپەرەیەکی ڕۆشنیان لە مێژوداتوماركردو پایەی بزوتنـەوەی خۆیان بەرز کردەوەو بەتەوژم بەرەوپێشـیان برد وەزیاتر کەوتنە خەبات‌کردن دژی زوڵم‌وزۆر داریو بزوتنـەوەی جوتیاران تەشەنەی‌کرد تاسەرا‌نسەری کوردسـتان‌و عیراقی گرتەوە.

تـا لەبەرەبـەیانی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨دا وەلـە ئەنجـامی تێکۆشانی ڕوڵـەدلسوزەکانی گـەلی عیراق بەکوردو عەرەبـەوە قەلای زۆرداریو تاوان‌و نۆکـەرانی ئیمپریالیزم ڕوخاو شورشی١٤ی تەمموزی تیاسەرکەوت، وەگەلی عیراق بەکوردو عەرەبـەوە بۆهەموو گەلانی ژێردەست‌و نیمچە ژێردەسـتی دەرخسـت کـە بەخەباتی یـەکگرتوو ئەتواندری گەل ڕزگار بکرێت‌و کونەپەرستان‌و داگیرکەران‌شار بەدەربکرێن‌و جوتیاران‌و چینـەچەوساوەکان بە ئامانج بگەن.

شۆڕشی ١٤ی تەمموزی‌ساڵی١٩٥٨ چەندین هەنگـاوی گەورەی نا وەکو یاسـای‌چارەسەرکردنی کشـت‌وکاڵی ژمارە ٣٠ی سـاڵی ١٩٥٨ وەهەرچەندەش کەم‌و کوری لـەم یاسایەدا هەبوو بەڵام بنچینەی‌ڕژێمی دەرەبەگایەتی لەعیراقدا هەڵتەکاندو بەشێك‌لەجوتیارانی‌عیراق بوون بەخـاوەن زەوی. لەبـەر ئەوە شـۆڕشی ١٤ی‌تەموز خەباتی شـۆڕشگێڕانەی جوتیارانی کوردستان‌و هـەموو جوتیـارانی عیراقی بەرەوپێش برد ئەم چینە چەوسـاوەیەی هوشیار کردەوە بۆیەکەم جـار بەئاشکرا خۆیان لـەڕێکخراوی جوتیاری ڕێك‌خست‌و ئـەم کۆمەڵانە بون‌بە ڕێگایەك کـە جوتیاران خۆیانی تێدا کۆبکەنەوەو یەك بگرن‌و هەندێك لـە ئامانجە دیموکراتیەکانیـان وەدی بهێنن، هەرچـەندە ئەوساکەیەکێتی‌و سەرکردەکانی یەکێتی جوتیاران لـەم جورە ئیشکردنە بەتەواوەتی شارەزانە بوبون بەڵام بەپێی ئەوکـاتە سەریان بەدەرەبەگەکان‌و خاوەن زەوی‌یەکان دانەواندو بەکردەوە ژێردەستی دەرخست بـەتوانن خۆیان‌بەڕیوە بەرن‌و دەریان‌خست کەوەك چینێـك ئەوەدەسکەوتە دیموکراتیـانەی کەدەستیان ئەکەوت بیپـاریزن وەدرێژە بەخەباتی عادیلانـەی خویان بدەن نەك هەر لە پێنـاوی

بڕوانە ل –٧–

پاشماوەی : شانۆگەری فالچی

گالتەبازی‌و قسەشـــــەری و پلارهاویشتن‌و تەمسیل‌کردنەوە بۆ (ئاتە) ئەگێڕێتەوەو خۆی ئەکا بە قالەو (ئاتە) ئەکـا بەخۆی‌و لە بەرگێکی خیــواری شانۆگەرییانەوە باسەکــــە ئەخاتە بەرگوێی (ئاتە) گوایە قالەی کەلەکەوێت رۆژی هەینی کاتی نوێژی جەماعەت ـ کــە خەلك هەمووی خەریـــــکی نوێژن‌و ئاگایان لە هیچ نییە ـ چەند پێلاوی نوێژکەران هەیە هەمووی گلداوەتەوەو بردوویە بە کابرایەکی پینـــــەدۆزی فرۆشتووە ، کە خەلکەکە لـــە نوێژ بلاوەیان کردووە ئـــەم هاتووە بە عاجزی‌و ســـەرکزی قاپقاپەی مزگەوتی بۆ داناون بە تایبەتی بۆ (حاجـــی مــەلا رەسوول) کە (بە کەشـف‌و کەرامەت ناوبانگی دەرکردبوو» ئەگەر مەسەلەی کەشـــف‌و کەرامەتەکە راستبوایە نەبوایە (حاجی مەلا) لەم بەزمـــــە ئاگاداربێت ، کەچی ئـــەو لەگۆی گادا نووســـتووەو « ئاگای لەم کێشەیە نییە ٠٠ فالچی ل ٦٠ » ٠ سەیر ئەوەیە قالە لەباتی کرێی پێـــلاوە دزراوەکان کە فرۆشـــتوونی هەندێ گەنم وەرئەگرێ‌و هەندێ لە گەنمەکە بە (حاجی مــەلا رەسوول)ی کەشـــف‌و کەرامـەدار ئەفرۆشێ ، واتـە مالی دزیاری ئەکاتەوە بــــە قورگا ، سەرەرای ئەمــەش هەرچەندە (حاجی مەلا) چاوی بەقالە بکەوێ وائەزانێ چاکەی لەگەلا کردووەو دوعای خێری بۆ ئەکات‌و دزۆین بە دزەئەدا٠ فالچی ل ٦٠ ٠٠ جا تۆخـــوا یەکێ ئەمە حالی بێ ، چــۆن شیاوی ئەوە نییە قالە پــێی پێبکەنێ و گالتەی بە کەشف‌و کەرامەتەکەی بێ ؟!

ئەم بەسەرهاتەی فـــالە ئەیگێڕێتەوە نوختەیەکی زۆر بەهێزو گرنگی تیایەو تیشکێکی زۆر رووناکە ، ســــەرەرای شانۆگەرییەکە گەش‌ئەکاتەوە یا هەمان رەگەزو هەمان تیشك بە دەماری هەموو بەشـــەکانی شانۆگەرییەکـــەدا هەلئەگەڕێ‌و مۆرکی خۆی پێوە ئەلکێنــــێ ئەمیش سەرنجدانی چینایەتییە نووسەر باوەڕی زۆری بــــە چینی زۆرلێ‌کراوو چەوساوەو رەتێنراو هەیەو ئەمەیشـــی لەوەوە دەرخستووە کە قـــالە پێلاوە دزراوەکان ئەباتــە لای پینەدۆزێك‌و پینەدۆزەکە ئەزانێ ئەمە مالی‌دزیارییە پارەی‌هەموو قۆندەرەکان بەسەر هەزاراندا بەش‌ئەکات ـ ئەگەرچی پـارەو گەنمی خۆیشی لەباتی ئــــەو پێلاوانە بە قالە داوە ـ رەنگە تەماشاکەر یا خوێنەر بلـێ ، کە پینەدۆزەکە ئەیزانی ئەمە مالی دزیارییە نەئەبوو ئـــەم مالی دزیارییە بکڕێ‌و نەئەبوو دزی تشجیع بکات ـ چونکە بەمەوە دزەکە پێبەپــێ لـــە دزی‌کردن ئەچێتە پێشـــەوە ـ ئەمە وایە بەلام نوختەیەکـــی لە ژێرەوەیە ئەویش ئەوەتـــا نووســــەر ئــەوە پیشـــان ئەدات کـــە ئەوانـــــەی پێلاویان دزراوەو ئەو کاتە لە مزگەوت بوون بریتی بووینە لە « حاجی‌و چەلەبی‌و مەلاو پیـاو ماقوولان ٠٠ فالچـــی ل ٥٩ » دیارە ئەوانەش هیچ کاتـــێ بەرژەوەندی چینی چەوساوەو زەش‌و رووتیان گەرەك نـییەو بەردەوام کێشەیەکی سەخت‌و توند لە نێوان بەرژەوەندی ئەم چینەو ئەم کەسانەدا لەلایەك‌و بەرژەوەندی چینی چەوساوەو زۆرلێ‌کراو لەلایەکی تردا هەیە! و سەرکەوتنی خەتمیش هــەر بۆ چینی چەوســــاوەیەو رسوابوونیش هەر بـــــۆ ئەوانەیە کە شـــــەق لــە پەرژەوەندی رەشەوەندی خەلك ئەدەن‌و لەسـەر ورگــــی ئەوانەوە ئەلەوەڕێن‌و خوێنـی دەمارێ لەش‌و ئارەقەی رەنجی بازوویان ئەمژن ٠٠ لێـــرەدا ئاگاداربوونی پینەدۆزەکـــە لەوەوە کە پێلاوەکان دزیارین‌و سەرەرای ئەوەش قایل‌بوونی بە کرینی ئەو پێلاوانە ئــەوە دەرئەخا کە ئەوانـــــەی چەوساوەو رەنج‌خوراون پێکەوە تێ‌ئەکۆشن‌و یارمەتی یەکتر ئەدەن بۆ لێدانی پەرژەوەندی چینەکەی دژ بەوان کە چینی ئاغاو بەگلەروپیاو ماقوولانەو٠ لە هەمان کاتا بەشـــینەوەی پارەی قۆندەرەکان بەســـەر هەژارانا لە لایەن پینەدۆزەکەوە ئەوە دەرئەخا کە ئەم چینـــە چینێکی پاکەو نایەوێ لەســەر وورگی خەلکا بلەوەڕێ‌و بـــە رەنجی شان‌و ئارەقی ناوچەوان بژیوی خۆی پەیدا ئـەکات ٠٠

لەم بەشەی یەکەمەدا هــەر لەو کاتەوە کە (ئاتە) بەخۆی‌و بە ملە زێڕەکەوە دێتـــەوەو چیرۆکی دەستکەوتی ئەم زێڕە بۆ (شەمسە) باس ئەکـات‌و (شەمسە) بە پەرۆشـەوە ، زۆر بە پەرۆشەوە ئەپرســـێ نەوەك یەکێ یەکێ ئاگای لــەم بەرمە بووبێ‌ر شتەکەیان لــێ ئاشکرا بێ ، کە ئاتە ئەلـــێ پیاوێکی بازاڕی نەبێ لـــەس ئاگای لێ‌نەبوو !! ئیتر تاپۆی ئەم کابرایە ئەداتە کەللـــەی (شەمسە)و هەر دێتەوە بـەر خەیالی کە پیاوێکی چوارشانەی داکوتراو بووە ، هەر لە یەکەم لەحزەدا ئەلێ : « وەك بلـــێی خورپەی دلم وا پێم ئەلێ : ئەو کابرایە ئەبێ بە مێملمان‌و کێچ ئەکاتە کۆلمانەوە ٠٠ فالچـی ل ٣٨ ، لەم ســـەرەتایەوە نووسەر ئەیەوێ رێگا خـۆش بکا بۆ ناساندنی (سەعیـــد) بە تەماشاکەرو بۆ خولقاندنـــی کێشەو مەراقێکی نهێنـــی لە دلی شەمسەدا ، کە ئەم مەراقە رۆژبەرۆژ بەرەو زیادبوونـــی ئەچێ‌و وەك قیروبنێشـــت پێیەوە نووساوەو بەری نادات، ئیتر ئەم تاپۆیە چەند زیاتـــر ترس باوێتە دلی (شەمسە)و هەراسانی بکات ئەوەنـــــدە تەماشاکەر زیاتر ئومێدی بەوە ئەبێ کە ئەم کابرایە چوارشانە ژنەی ناسیبێ‌و فرت‌و فیلەکەیان رسوابکات ٠٠ تارمایی کابـرا تادێ رەشتر هەلئەگەڕێ‌و قەپی تیژ لە ناخی (شــــەمسە) ئەگرێ تا وای لـێ‌دێت رق‌و بێزی لە هەموو باســـــێك ئەبێتەوە کە لە باسی زێڕەکە بچێت : « تکات لێ‌ئەکـــەم چیرۆکی زێڕەکەم زۆر بـەلاوە سامناك بووەك ئەو مەیگێڕەوە ٠٠ فالچی ل ٤٥ » کە سوعادەو دایکی بۆ دوعـاو نوشـــتەو فالگرتنەوە دەچنــــە لای پرسیارێکی مێردەکەی سوعادە ئەکات ، کە وەسفی کابـــراو وەسفی مێردی سوعادە لەیەك نزیك دەرئەچــێ ئەوەندەی‌تر مێردەزمەی ترس لینگی لەسەر دل‌دادێنێ !! پرسیارکردنەکەی (شەمسە) لە مێردی سوعادە دوو هۆی لە دواوە ئەوەستێ:ـ

١ ـ بۆئەوەی بزانێ مێردی سوعادەو چۆنەو بــــە دلی سوعادەیە یان بە دلی نییـــە ، تا هەرچۆنێـــــك بێت لەلای سوعادە بێزەوەری بکات‌و دلێ سوعادە بۆ خۆی رابکێشـــێ ، تابتوانێ ئەویش تاقی‌بکاتەوەو لە دەریای شەهوەتی خـــۆیا نقوومی بکات ٠٠

٢ ـ بۆئەوەی دلنیـــا بێت ئاخۆ کابرای ئەولا مێـــردی سوعادە بووە یان نا ؟ ئەمەش رادەی هاروهاچی ترسەکـــەی دلی دەرئەخا ٠٠

ـ ماوەیتی ـ

پاشماوەی : دەربارەی خوێندنی کوردی ٠٠٠

کوردی یەك جێ بکرێت‌و بــە گوێرەی بڕیارەکانی (کۆڕی زانیاری) هەلەکانـــی نــاو نووسین‌و رێزمان پاك بکرێتەوە لە گەل زیادو کەم کـــردنی سەر ئاپای کتێبەکــــان‌و نووسینەوەیان بە ئیملاییەکی دروست‌و دانانی پرۆگرامێکی سەرەتایی رێزمان بۆ پـــۆلی چوارەمـــی سەرەتایـــی و چەسپاندنی ئەیدۆلۆجیەتیەکی خاوێن لە نموونەکانی باسەکاندا

٢ ـ لە بارەی (ئەلف و بێی نوێ) : هەنـــدێ وێنـــەو کەسی دوپات لە کتێبەکەی پۆلی یەکەمدا هەیە لەگەل پتـــــر پێویستی روونکردنەوە بـــو قوتابی کە دەبێ چاوی پێــدا ـ بخشێندرێتەوە بۆ ئـــەوەی چاکتر لەگەل واقیعـــــــی کۆمەلایەتی کوردەواری بگونجێ

٣ ـ بۆ دانانی هــــــەر پرۆگرامێك ٠ پێویستە لە ناخی میللەتەکەمانەوە هەلقـــولابێت ئەوەش پاکترو ئاسانتر دەبــێ تابۆ تێگەیشتنیش بۆیە دوور کەوتنەوە لە (تەرجەمە)ی زەق لـە زمانێکی ترەوە بۆ زمـــانی کوردی کارێکی پێویستە ٠

٤ ـ کتێبەکانی پرۆگـرامی خوێندن ، پێویستە پێش دەس پێکردنی وەرزی خوێندن دابەش بکرێن بەسەر قوتابخانەکـــان بەپێی پێویست

٥ ـ چاو گێرانەوەیەکـــی قوول بەکتێبی جوغرافیــــەو مێژووی قوتابخــــانەکانی سەرەتایی‌و پلەکانی تـــری خوێندن ، ئەوەش بە سەرەتای مێژووی کوردو جوغرافیـــای کوردستانەوە نەخشە بکێشرێن بۆ ئەوەی قوتابیان ، جــاری شارەزای باری ژیانــــــی کۆمەلایەتی‌و ئابــــووری‌و بزووتنەوە نیشتمانیـــەکانی خۆیان بن ٠

٦ ـ ئەو کتێبە زانستیانەی کە دەکرێنە کوردی جگەلەوەی بەزمانێکی سادەو یەکگرتوو لەگەل وێنەو کەرستەو هـۆی روونکردنەوەی پێویســــت‌و بەچاپێکی جوان پێشـــکەش بکرێن‌و (زاراوە) کانیش لە پەراوێزەکاندا روون بکرێنەوە وەك لـە (کیمیا)و (فیزیا)و هتد نەك هەر قوتابیان بەگران دەچێتە مێشکیان بـەلکـــو مامۆستا تایبەتیەکانیش لە سەرچاوە عەرەبیەکـــەیەوە (التحضیر)ی ئەرکی رۆژانەیان نەکەن باش لە کوردیە رەقەکەی ناگەن ٠

بۆ سەرکەوتنی ئــــــەم کۆبوونەوە ناوبــــراوەش ، پێویستە زۆربەی ئەو کەســــە شارەزاو پسپۆرانە بەشداری تێدابکەن کە لەناخی ممارسەی عەمەلی دەرس ووتنەوەدا دەژین بۆ ئەوەی ئەنجامی لیکۆلینەوە ـ کان هەر ناوەرۆکـــی تیۆری نەبێ تاوەك (فەرەزیاتی هەندێ پشکێنەر بەسەر مامۆستـــای دەرسدا) کرچ و کـــال دەر نەچێت واتە ئەو مامۆستایانەی بەشداری راستەو خــــۆی پیشەییان هەیـــەو لـە قوتابخانەکاندا ، هەر ئـــەوان بخرێنە ناو لیژنەکـــانی دانانی پرۆگرام ٠

پاشماوەی : خەباتی قوتابیان ٠

یەکێتی‌مان ـ لقی‌سلێمانـــی ـ خۆی بۆ ئۆردوگا ئامادە کردبو وەلەگەل‌قوتابیاندا کەوتنەرێ هەتا لە ئاهەنگی ئۆردوگاکاندا بەشداری بکەن ٠

● قوتابیانی ناوچـــــەی هەلەبجە وقەلادزێ ورانیــەو تەوێلە وقەراغ و پێنجوێن هاوبەشی ئۆردوگایان کرد ٠

لیژنەی رۆشنبیری لقی‌سلێمانی
یەکێتی قوتابیانی عیراق

پاشماوەی : سەرنجێك لـــە خەباتی ٠٠٠٠

ئامانجەکانی خۆیاندا بەلکـو لەپێناوی ئامانجی هەموو گـەلی عیراقدا ٠

بەلام وەکو ئاشــــکرایە عبدالکریم قاسم وردە وردە خۆی لەگەل دور خســـتەوەو شۆرشی لەرێگا دروستەکـــەی ترازاند کەئەمەش وەکـو زیانی لە هەموو گەلی عیراقدا هەروەها زیانێکی زۆریشی گـــەیاند بە چینی جوتیار ، وەدەرەبەگەکان پاشەکشێی عبدالکریم قاسمیان بەهەل زانی‌و بولـــەناوبردنی دەستکەوتەکانی جوتیـــاران‌و تێكدانی کۆمەلەکانیـــان‌و لاواز کردنی بزوتنە شورشگیرەکەیان بەلام پاش هاتنی حکومــــەتی نیشتمان پەروەری ئیســـــتا یاسای ژمارە ١١٧ی ســـالی ١٩٧٠ی دەرکردو بەشـــیکی زۆری ئەوناتەواوییەی پرکردە ـ وەو جارێکی تر جوتیاران زال بونـــەوە بەسەردەرەبەگ‌و خاوەن زەوییەکانی دەرەوەداو بزوتنەوەی جوتیاران کەوتـەوە گەشەکردن‌و پەرەسەندن ٠

ئێستاش لـەبیرەوەری ١٤ی تەمموزی ئەم ســـالا ئەبێ جوتیاران یەکێتـــی خۆیان بەهێزتربکـەن‌و زیاتر خۆیان کۆبکەنەوە لەناو یەکێتـــی یەکانیـــــان داو هەول‌بدەن کۆمەلەکانیان بەهێزتربکەن‌و ریزەکانی پتەو تربکەن‌و گیانی برایەتی‌و هەرەوەزی‌و هاوکاری لەنیوانیان بلاو بکەنــــەوەو یەکێتی خۆیان‌و بەشەنیشتمان پەروەرەکانی تری گەل بەهێز ـ تربکەن ٠ وەخەبات بکــەن بۆ لـــەناو بردنی پاشـــماوەی دەرەبەگایەتی تاکو جارێکی تر سەر هەلنەدەنەوەو دوستکەو ـ تەکانیان لەکیس نەدەنـــەوە ٠ هەروەها پێویستەلەسەر هەموو نیشتمان پەروەرێك یارمـــەتی جوتیاران بدات بۆنەهێشـــتنی نەخوێندەواری‌و کردنــــەوەی خەستەخانەو قوتابخانەو کۆمەلی هەرەوەزکاری‌و کردنـــــەوەی پرۆژەی ئاوو کــــــارەباو دامەزراندنی کارگەی کشــت‌و کالی لە کوردستانا تابەخەباتی خویان‌و کۆمـــەلی جەماوەری خەلکی کـــــاروانی خەباتی جوتیاران بەمەنزلگای مەبەست بگات ٠

پاشماوەی : شیلی شاعیر ٠٠

هۆنراوە ناودارەکەی وت :
سروود بۆ گەل ٠
ئەی نیشتمان پەروەرەکا قەساب
ن !
ئەی چینی هەژارو چـەو
ساوەکان !
بۆچی زەوی‌و زار ٠٠
بۆ دەسەلاتدارەکان ٠٠
ئەکێلن ٠؟
بۆچی زەوی‌و زار ٠٠
بۆ دەسەلاتدارەکان ٠٠
ئەچێنن ؟
بۆچی بڕوچـان بۆ ئـەو
کەسانە ٠٠
خۆتان ماندوو ئەکەن ٠٠
کە لەناو لەشتانا بوونەتە
مێکرۆب ؟ ،
بۆ ئەو کەسانەی کە ٠٠
ئەگەر ٠٠
دەستیان بروات وەکـو
چۆن مەر بگورێ ٠٠
ئەتان‌گورن ٠
● :
لە رۆژهەلات‌و رۆژئاوادا
٠٠
لە مندالیەوە تاکو گەورە
بوون ٠٠،
لە بێشکەوە تاکو چوونە
ناو گۆڕ ٠٠،
لێیانەوە دووربن ٠٠
نەوەکا لە پڕ ٠٠ بتانکوژ
ن ٠٠
نەوەکا لـە پڕ ٠٠ لەناو
خوێنی سووری گەشا ٠٠
بتلێنەوە ٠

پاشماوەی : بۆ دلداری شاعیر

خوێندواری‌و زانستی‌دا ئەلێت:

رووناکی ناوت چــەندە لام
خۆشە
عالەم لە سایەت پڕ جۆشە
تاریکی رۆیی دەرکـــەوت
رووناکی
بە عیلم‌و فـەن‌و رووخساری
پاکی

دلداری شــاعیر دوژمنـی بێ‌کاری‌و سستی‌و تەمەلی بووە، وە ئەو راستییەی بە خەلکی راگەیاندووە کە بەکارکــردن چارەسەری دواکەوتن ئەکرێت‌و هەر بەوە لائەبرێت :

مردنت ژینت بە بێ‌کاری ،
لە سستی لابدە !
هەر بە رەنجی لاوی وەك تۆ
نیشتمان ئاوا ئەبێ

دلدار لـــە زۆر بابەتـەوە شیعری ووتووە لە وەســـفی کوردستان چەند بــە جوانی بۆی چووە دیمەنە جوانەکـانی کوردســــتان خوورەو هاژەی رووبارەکانی تێکەلی خوێنــی گەرمی دلدار بوون :

دەنگی شەشالی شوانەکانت
زریق‌و باقی جوانـــەکانت
قاسـپەی کەوانی قـەد
کێوەکانت
ئەمانە هەمـوو گـوێیان
کردمەوە
هەوێنی شیعری دلیـــان
گرتەوە

پاشماوەی : میکیس تیودۆراکیس ٠٠٠

هەیەو من گۆرانی ، لەبێ‌بەختی ئێوەیە ئائێستەش ئەمەریکـای ئاغاتان نەیتوانیوە تانکێــکی وا دروست بکات کە بتـوانی گـۆرانی پێ بکوژێ ، من لــە ئێوە بەهێز ترم ، چونـــکە رۆژگار تانك لەناو ئـەبات‌و گۆرانی بەهێز ئەکات ! » ٠

تیودۆراکیس ، شیعرێــــکی شاعیری ناسراوی یونـــان « یانس رستوس »ی کـردوە بە گۆرانی کە تیایا ئەلێ :

کاتێ یونان ئەکەوێت ،بۆی
مەگرین ٠٠
کاتێ یونان چوك دائەدات ،
بۆی مەگرین ٠٠٠
ئەو کاتەی پەتی ســێدارە
ئەگرێتە ملی ٠٠٠
لەناو ئێسفانە کانیا ، چەقۆ
لەدایك ئەبێ ٠٠
بۆ یونان مەگرین ٠٠٠
سەیرکەن تەکان ئەدات ٠٠
سەیرکەن تەکان ئەدات ٠٠
ئەکەوێتە خۆی ٠٠
لەگەل هەلاتنی رۆژا
دڕندەکان لەناو ئەبات

ئــەم جۆرە گورانیـــــەی تیودۆراکیس لەتانك‌و فرۆکەی فاشستەکانی یونان کاریگەرترە

گۆڕینی : ع٠ن

پاشماوەی : لێپرسراوی لقی ٠

ئەبێ چی‌یان هەبێ ئێمەش هەر ئەوە بخوێن ٠٠ ئێوارەش کە هاتینەوە چێشت بۆ خۆمـــان لێ‌ئەنێین ٠

پ : ژمارەی بەشداربووان چەند ئەبێ‌و شوێن‌و پایەیــان چی‌یە لە لاتان ؟

و : نزیکـەی ٢٠٠ قوتابی بەشداری ئەکەن لە قوتابییانی پۆلی سێهەمی ناوەندی تیایە تا قوتابییانی زانســـتگاکان ٠ ئەوەی شایانی باسە هــــەر کەسە بە ئارەزوو وە رەزامەندی خۆی دێت‌و بە هیچ جۆرێك زۆر لە قوتابی ناکەین چونکە مەسەلەکەبیروباوەڕەو هوشیاری سیاسی‌یە هەر کەسـێك خۆی بڕوا بە مەسەلەی جوتیـاران‌و رزگارکردنیان نەکات‌و لە دلی خۆیدا ئەوەی نەسەلماندبێ کە مەسەلەی کورد مەســــەلەی جوتیارانەو پێویستە بـەوپەڕی تواناو وزەیەوە خەبات بکـات بێ‌گومان نابێ‌زۆری لێ بکرێت‌و بخرێتە ریزی ئۆردوگاکانەوە ٠

پ : بەرنامەی ئیش‌کردنتان چی‌یە ؟

و : لەهەر ئۆردوگایـــەك لیژنەیەکی بالا هەیە بۆ سەر ـ پەرشتی ئیش‌و کارو هـــەر لیژنەیەکیش ئەکرێ بـە چوار دەستەوەو هەر دەســتەیەکیش سەردەستەیـــەکی لێپرسراوی هەیەو بەپێی بەرنامەی دیاری کراو بەسەر دێهات‌و مالەکاندا بۆ ئیش‌کردن دابەش ئەبن ٠٠ هەموو ئێوارەیەك کە لـە ئیش ئەگەڕێنەوە هەر دەســـتەیەك راپۆرتی خۆی دەربارەی ئیش‌و کاری ئەو رۆژەو گیروگرفتـــی جوتیارەکـان‌و چۆنێتی ئیش ـ کردنیان ئەخوێنێتەوە ٠

بە شەوانیش کـۆڕ ئەگیرێ ٠٠ چ سیاسی بێ ، چ ئاهەنگ‌و موسیقاو شانۆگەری کــــــە پەیوەندی بە چەوســـاندنەوەی ژیان‌و گوزەرانی جوتیارانـەو بێت ٠ وە ئەو باسانەی کە بۆ جوتیارانی ئەکەین بریتین لـە مەسەلەی چارەســـەر کردنی کشت‌وکال‌و مەسـەلەی زەوی‌و بەرهەم‌و بزووتنەوەی سیاسی بە گشتی‌و کوردایەتی‌بەتایبەتی ٠٠ بە کورتی باســـی باری چینایەتی خۆیانیان بۆ ئەکەین کە بە دەستی دەرەبەگ‌و ئاغاوە ئەیچێژن ٠

هەروەها ئەمسال لەگـەل خۆماندا پزیشك‌و داوو دەرمان ئەبـەین بۆ تیمــارکردنی نەخۆشەکانی ئەو ناوچەیە ٠٠ هەروەها پزیشـکی بەیتالیش ئەبەین بۆ چارەســــەرکردنی نەخۆشی‌یەکانی ئاژەل لــــە ناوچەکەدا ٠

پ : بایەخی ئەم ئۆردوگایانە چی‌یە ؟

و : زۆربەی‌ئەو قوتابییانەی کە ئەچن بۆ ناو جوتیارەکـان هەر لەرووی (نظـری)یەوە دەربارەی گیروگرفت‌و ئاکاری چینایەتی جوتیاران شارەزاییان هەیە، بەلام لەرووی (عملی)یەوە ئەو شارەزاییەیان نیە بۆیە ئەم تێکـــەل‌بوونە هـــــەردوو شارەزاییەکە بە یەکـــــەوە ئەبەستێت‌و زیاتر هۆشیاریان ئەکاتەوەو لەمەسەلەی‌جوتیاران شارەزا ئەبن کە بێگومان بو پاشەرۆژی خۆیان‌و جوتیاران‌و ولات باشە ٠ وە هەروەهـــا هەستی چینایەتی قوتابیان بەرز ئەبێتەوە هەروەکو چۆن هەستی چینایەتی جوتیارانیش لــــەو ناوچانەدا بەرز ئەبێتـــەوە وە ئەمە پال بە هەردوو لاوەئەنێت کە خەباتیان توندو تیــــژو بەهێزتر بکەن بۆ لادبردنی ئەو نەرێت‌و رژێمانەی دژ بەچینی جوتیارو هەموو رەنجبەرانی کوردستان ٠

پاشماوەی : گاورباغی‌و ...

ـ سلاو ٠٠٠
× لەو خوێنەی ئابلـوقەی
ئازادیەتی و مەردی گرێکانی
لە گاورباغی تۆمار کرد ٠٠
× لەو شۆڕشەی رێگای
هەنگاوی ئەمرۆی ئاسمان‌کرد ٠
× لە خەباتی درێژ خایەنی
گەلانی ئازادیخوازی ســەر
رووی زەمین ٠٠
× لەگیانی غەســـان
کەنەفانی ٠٠

ـ بەهرە ـ

پاشماوەی : قەراردادی تارەی

پەرستانی ناوچـــە دەردەخا ، بەلام گرنگ ئەوەیــە بزانین ئیمپریالیــــزم بەرنامەیەکی درێژخایەنی بۆ چەکدارکردنی ئەو مەلبەندەو بەرەنگاربوونی خەباتی گەلانی رۆژهــــەلاتی ناوەڕاست دەست پێ‌کردوە کە شای ئێران نەخشی سـەرەکی پێ‌ئەسپێردراوە ٠٠٠ رۆژئاوی تریش وەك ناکۆکـی ئیمپریا ـ لیستەکان‌و سوڤیەت ، ناتەبایی ناوخۆی ئیمپریالیســـتەکان‌و رازی کردنی توێژی بۆرژوکـرات ئیمپریالیستەکان بۆ پڕچـەك کە تەئسیریان لەســـــەر بڕیاری ئیمپریالیستەکان بۆ پڕچـەك کردنی ئەو ناوچەیـە هەبووە ، بەلام مەبەستی ئەساسی ئامادە بوونی نیزامی بۆ بەرهەلستی خەباتی پەرەگرتووی گـەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بووە ٠

ـ ماوەیتی ـ

پاشماوەی : غەسان کەنەفانی ٠٠

پێش‌کەوتن خواز لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی فەلەستین‌دا دەرکەوت‌و دەورێکی گـەورەی لەدامەزراندنی بەرەی گـــەلی رزگاریخوازی فەلەســـتین‌دا بینی‌و سالی ١٩٦٧ بوو بـــە سەرۆك نووســــەری گۆڤاری (الهدف)ی زمانی حالی بەرەی ناوبراو ٠

● لەبـــەر ئـــەو دەورە گەورەیەی ئەم تێکۆشەرە لـــە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی فەلەستین‌دا ئەیبینی ، سەهیو ـ نیەکـان زۆر لێی‌ئەترسـان‌و هەمیشە هەولی لەناو بردنیان ئەدا ، بۆیە لەبـــەیانی رۆژی ٨ـ٧ـ١٩٧٢دا ، بەشێوەیەکی دڕندانە ، ئوتومبێلەکـــەیان پڕکرد بو لە تەقەمەنی لەکاتی لێخورینیا تەقیەوەو لاشـــەی غەسانی پارچەپارچەکرد ٠

● بەم تاوانە نامرۆڤایەتیە کە هەموو تێکۆشەرانی دنیـــا نارەزایی توندیان بەرامبـــەر دەربری ، بزوتنەوەی رزگاری ـ خوازی گـــەلی فەلەســـتین‌و بزوتنەوەی شۆڕشـــگێڕانەی هەموو دنیـــا کـــــە باوەڕی بەتێکۆشانی درێژخایەنی گـەل هەیە ، پێشرەوێکی لێ هاتوی پێش‌کەوتوی لـەدەست چوو ٠

● غەسان لەپال خـــەباتی بێوچانیـــا لەرووی کاروباری سیاسیەوە لە پێنـــاوی مافی رەوای گەلەکەیدا ، نووسەرێکی شۆڕشگێڕی گەورەش بوو کە دوژمن زۆر لە پێنووســـــە نەترسەکەی تۆقیبوو ٠

پاشماوەی : خەباتی گەلیکی بچوکی ٠٠

عەرەب ئەبێ شۆڕشی گەل بێت کەرەسە بنچینەییەکەی ئـەبێ جەماهیر بێت ، ئەو جەماهیرەی کە دروست‌کەری پێشکەوتن‌و مێژووی هەر کومەلگایەکــــەو قەلای ئاسنینی هەر شورشیکی راستەقینەیە ٠

لەبەرامبەر دوژمنــــی وادا ، وەلەپێناوی بەزاندنی تەواویاندا شۆڕش لەعومــان‌و خەلیجی عەرەب ئەبێ درێژخایەن بێت‌و ئەبێ هەموو ستراتیج‌و تاکتیکە سیاسیەکانی شۆڕش لەســـەر ئەم بناغەیەدا برێژرێن ٠

وە لەبەرامبەر جۆرە دوژمنی وادا شۆرش لە عومان‌و خەلیج ئەبێ شورشیکی چەکدارانـــە بێت‌و بە شێوەیەکی راســـت توندوتیژی شۆڕشگێرانە بەکار بهێنێت بۆ تێکشـــکاندنی توندوتیژی ئیمپریالیســـتانەو کۆنەپەرستانە ٠ چونکە بەبێ ئەم توندوتیژیەشۆڕشگێرانەیەو بەبێ کارکردن لەپێناوی پێك ـ شکاندنی هێزو داوودەزگـــا ستەمگەرەکانی بەهیچ جۆرێك ناتوانین دەسەلاتی سیاسی لە هیچ هەرێمێکی‌عومان‌و خەلیجدا بگرینە دەست‌و شـــۆرش بپارێزین ٠

بێ گومان دوژمنەکانمان بە تیرور لەگەلی هەژارو چەوساوەو بێ‌چەکی ئیمە بالادەست‌ترن ، بەلام ئەم بالادەستیە بێ‌گومان دەوام‌ناکات‌و ئیمـــە وردە وردە ئەتوانین لەســــایەی تەقەللای شۆڕشگێرانەو دان بەخــۆدا گرتن لەخەباتی درێژخایەنماندا نەیهێلین » ٠

ئینجا بەرنامەکـــە ئـــەوە روون‌ئەکاتەوە کـــە درێژەدانی شورش بە خەباتی چەکدارانـــە هیچ مانای ئەوە نیــە کــــە شیوەکانی تری خەبات شـان بەشانی چەك بەکار بەیەت‌وە هەروەها ئــــەوەش روون ئەکاتەوە کە دەست پێ‌کردنی شورش لەلادێ‌و دامەزراندنـــی بنکە شورشگیرەکــــان لەوێ مانای ئەوە نیە کە شار بخرێتە پشت گوێ بەپیچەوانەوە ئەبێ خەباتی شورشگیرانە شارەکان‌و هەموو قوژبنێکی تــری ولات بگرێتەوە ، چونکە بەبـــــێ پشتگیری بنکەکـــــانی لادێ لەلایەن شارەوە شـــــــورش ناگاتە سەرکەوتن ٠

سروشتی مێژوویی شۆڕش

سروشتی شۆرشی عومان خەلیجی عەرەب لەم قۆناغــەدا چیە ؟

« لەبەرئەوەی دوژمنەکانی شورش ئیمپریالیـــــزم‌و دەربەگایەتی‌و کـــۆمپرادۆرن کەواتە :

١ ـ شورش ئەبێ نیشتمانی بێت ، بۆئەوەی ئیمپریالیـزم دەرپەڕێنێت‌و سەربەخـۆیی بەدی بهێنێت ٠

٢ ـ شورش ئەبـــــــی لەرەگوریشـــەوە دیموکراتی بێت بۆ ئەوەی رژیمی حوکمە عەشایری‌و ئوتوکراتیەکـان‌و دەربەگ‌و کـۆمپـــرادۆرە هاوپەیمانەکانی ئیمپریالیــزم لەناو بەرێت ٠ »

ئەمەش مانای ئەوەیە کــە شورش لەعومان‌و خەلیجــی عـەرەب شورشیکی نیشتمانی دیموکراتیە ، وە بەبێ بـەجێ هێنانی ئەرکە دیموکراتیــــە میللیەکان بەشیوەیەکی راست شورش ئەنانەت جەنـــگە نیشـتمانیەکەشی بۆ نابرێتەوە ئەو دووئەرکە شورشگیرانەیە زۆر بەتوندی بەیەکـــەوە بەستراون‌و وە ئــــــەو دیموکراسیەی شـــــورش لەپێناویدا تێ‌ئەکۆشـێت‌و جەماهیری گەل چاوەروانێتی ئەبێ شێوە دیموکراسیەکـی نوێ بێت ، دیموکراسیەکی نوێی شورشگیرانە ٠

وەلەهەمان بەرنامـــەدا بەوردی ئەرکەکانی شورشی نیشتمانی دیموکراتی دەست نیشان‌کراوە چ لەناو ولاتــو یان لە ئاستــی عەرەبـــی‌و هەموو جیهـاندا ٠

بەم جۆرە شورشی عومان‌و خەلیجی عەرەب زۆر بەرووونـی ریبازی شورشگیرانەی خـۆی لەهەمـــــوو روویـەکـــەوە دەست‌نیشان کردوەو لەسەری ئەروات ، وەبەپێی ئــــەو بەرنامە رۆژانەیە ئەرکـەکانی شورش لەولاتا جێ‌بەجـــێ ئەکرێت‌و گۆڕینە بنچینەییەکان ئەکرێت ٠ وەیەکێك لەوگۆڕینە گرنگانەی کە لەســــایەی شورشەوە کومەلگای عومـان خەلیجی دیونی ، مەســـەلەی ئافرەتە کە بەشـــێوەیەکی شورشگیرانە چارەسەرکراوەو لەرێی هۆشیار کردنـــەوەو قال‌کردنی شورشـــگیرانەی خەلکەوە ئافرەت ئێستا لـــە تاریکایی شەوەزەنگی پەیوەندیە دەربەگایەتیەکان رزگاری بوەو وەکو براکانی دەوری سەرەکی خۆی لەشورشدا ئەگێڕێت ٠ ئافرەتانی ئەوێ نەك هـــەر لەهەموو مەیدانەکانی بەرهەم هێناندا چالاکانە بەشـــداری ئەکەن ، بەلکـــو لە خەباتـە چەکدارەکەی گەلیشدا هەروەکو پیاو بەشدارن‌و چەکیان کردۆتە شان‌و دژی دوژمن ئەجەنگێن ، شورشێکی‌وا کە لەناوچەیەکی وا زۆر دوا کەوتودا سەرکەوتنی وا گەورەی بەدەست هێنـــاوە شایانی ئەو پەری پشتگیری‌و یارمەتی دانەو شایانی ئەوەیـە کە چاوی لێ‌بکرێت‌و گەلانی شورشگیری تر دەرســــی لێ‌وەربگرن بەتایبەتی ئــەو گەلانەی لەروی کومەلایەتی‌و چینایەتی‌و ژێردەســـتەیی‌و ئابوورییەوە لەئاستی ئەواندان یاوەزعیان لەوان ئەچێت ٠

تابلۆ

-١-
ـ پیرێکی ماندو ـ

دەست کردی هونەرمەند « ڤانسنت ڤان کوخ » کە لەسالّی ١٨٥٣ لەدێی ـ زوندیرت ـی هولەندە هاتۆتە دنیاوەو لە سالّی ١٨٧٥دا چۆتە پاریس ، لە سالّی ١٨٩٠دا خۆی کوشتووەو ٦٠٠ تابلۆی جۆر بەجۆری لەپاش بەجێ ماوە .

-٢-
« بەیادی خەیام »

دەست کردی هونەرمەندی کورد ـ دلشاد نجیب ـ ئەم تابلۆیە هونەرمەند دلشاد لە سالّی ١٩٧٢ دا دروستی کردووە ، لەگەلّ چەند تابلۆیەکی تردا لەو پیشانگایەدا پیشاندرا کە سەرەتای ئەم مانگە لەشاری کویە کرایەوە .

تێکوشەرو مۆسیقا زانی گەلی یۆنان
میکیس تیودۆراکیس
رۆژگار تانگ لەناو ئەبات و گۆرانی بەهێز ئەکات

هەرکاتێك وە دەربارەی هەرشتێ قسە لەگەلّ مێکیس تیودۆراکیس بکەی « لای ئێمە ، لەیونان » لەقسەکانیا زیاتر لەجارێ دووبارەو سێ بارە ئەبێتەوە ، بەلای ئەم هونەرمەندە نیشتمان پەروەرەوە یونان نەك تەنیا لەوێژدانیا ، بەلّکو لەعەقلّ و دلّو بیرووەمارەسەی ئیشوکاریشیا ئەژی تیودۆراکیس لەیونانا مێـری خەبات کردن بوو وە هەر لەوێ دووچاری سزاو بەندیخانەش بوو سەرەرای ئەوەی مەیدانی فراوانی ژیانیشی تیا دۆزیەوە .

لەم دواییەدا ، کتێبێک بەناونیشانی (تیودۆراکیس : رۆشنبیرو سیاسی) بلاوکرایەوە « گارۆدی » لەپێشەکی ئەم کتێبەدا ئەلّی (تیودۆراکیس ، شۆرشی رۆشنبیری لە ئەوروپادا ئاراستە کرد .) وە ئەلّی : ئەم ئاراستە کردنەی لەیونانەوە دەستی پێ کرد ، بەوە لەگەلّ گۆرانیە میللیەکانی ئەم هونەرمەندە ، کە گەلی یونانی بۆ پارێزگاری سەربەخویی هان ئەدا ، تێکوشانی گەلی یونانیش دژی دەسەلاتی داگیرکاری نازی لەدایك بوو ، دوای دژی دەست درێژی بەریتانیاو ئەمڕۆش دژی دەسەلاتی فاشستی رژێمی عەسکەری یونان ، بەم جۆرە تیۆدۆراکیس نەك هەر بەمۆسیقا ژانێکی مەزن ناسراوە ، بەلّکو تێکوشەرێکی گەورەش دژی نازیو بەریتانیایەکانو رژێمی فاشستی ئێستەو لەماوەی ئەم تێکوشانەدا گەلێ سزاو ئازاری چەشت ، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە رێگای بلاوکردنەوەی هوشیاری سیاسی لەرێگای هونەری مۆسیقاو گۆرانیەوە گرتەبەر. خۆی بە قەناعەتەوە ئەلّی :

« گۆرانی ، لەجەوهەردا ، لەرەوتیا ، لەبەردەوامی مێژوویدا ، گەلە » .

لەبەر ئەوەی بیروباوەری وایە ، کەرژێمی کولۆنیالّی لە سالّی ١٩٦٧دا دەستی گرت بەسەر حوکما ، دەستوبرد هەموو مۆسیقاو گۆرانیەکانی تیۆدۆراکیس ـی قەدەغەکردو گوێ لێ گرتنی بە تاوان دانا ، لەوکاتەوە ئەم هونەرمەندە تێکوشەرە چوە خەلوەتی خەباتی نهینیەوە ، بەرەیەکی نیشتمانی دامەزراند کە یەکەم بزوتنەوەی بەگژاچونی دیکتاتۆری عەسکەری یونان بو ، بەلام زۆری پێ نەچوو ئەو رژێمە توانی ـ تیۆدۆراکیس ـ بگرێو لە بەندیخانەی توندکات ، تا لەنیسانی ١٩٧٠دا بەزۆری تەوژمی نارەزایی و تورەی رای گشتی جیهان ئەو رژێمە ناچار بو ـ تیۆدۆراکیس ـ بەرەڵلابکات و لە یونان دوری خاتەوەو ئەمیش ولاتی فەرەنسای کرد بەبنکەی خەباتی نوێی خۆی .

« ئەگەر گۆرانی بابەتێکی رەوشت خوازی « اخلاقی » هەبێت ، پێش هەموو شتێك بەهوی رەوشتی هونەرمەندی داهینەری گۆرانیەکەوە دێتە کایەوە ، ئەگەر من ئازایەتیم لەدەست چوو ، گۆرانیەکانیشم گیانی ئازایەتیان تیا ئەمرێ » .

ئەمە باری سەرنجی (تیودۆراکیس)ە بەرامبەر هونەرەکەی ، رژێمی فاشستی یونان ئائیستەش نەیتوانیوە دەنگی ئەم هونەرمەندە گەورەیە لەناو یونانا کپ بکات ، خەلکی بەهەموو رێگایەكو لەژێر گران ترین بارا گوێ لەگۆرانیەکانی ئەگرن . جارێك لەبەندیخانە روو بەرووی کاربەدەستە کولونیالەکان ئەلّی :

(ئێوە تانگو تۆپتان

براونە ل ٧

گولالە سوورە

شیعری : ئان‌های
گۆرینی : مازن

دوێنێ .. کوشتیان ..،
فرێیاندایە نزیك ئاواییەکەوە ..،
بەر لە رۆیشتنیان ..
خەلکەکەیان تۆقاندو پێیان ووتن :
... (نەکەن بینێژن .!
ئەمە کۆمۆنیستە !)
کاتێ روویان وەرچەرخاندو رۆیشتن ..
تابووتێکی سوور هەلّیگرتی ..،
تێکرای ئاواییەکە ..
بەگەورەو بچووکیەوە ..
بەژنو پیاوەوە .. بەدواتەوە بوون ..،
گۆرەکەت لە لووتکەی گردەکەدا ..
لەسەر رایەخێکی سوورداکیشاوە ..،
بۆنی گولالە سوورەکان بەری ئاسمانیان گرتۆتەوە ،
بەلام .. ئەوان ..
کە بەلای گۆرەکەتەوە تێئەپەرن ..،
تەنانەت ناتوانن تەماشایەکیشی بکەن ..
لەسەر گۆرەکەت .. ئەی کۆمۆنیستی پالەوان ..
بنچە گولێکی رەنگ سوور .. ئەگەشێتەوە ..
ئەلێی خوێنەکەتە بۆتەگول ..
وەك چۆن لەسەرکەوتنیدوا جەنگی نیشتمانا
خوێن .. ئەبێتە گول !

● ● ●

بە بۆنەی تێپەربوونی سالێك بەسەر شەهیدبوونی :

غەسان کەنەفانی دا

ئامادەکردنی
سەلاح عەبدول قادر
سلەیمانی

« جەماوەر هێزێکی لەبن نەهاتوە ، شکاندنو خۆبەدەستەوە دانو ورەبەردان نازانێ ، هەرکاتێ سەر کردایەتیەکی راستی لێهاتوو ، پێشرەوی کرد ، ئەوکاتە ئەزانرێ کە جەماوەر خاوەنی چ وزەیەکی بەهێزی بێسنوورە ! » .

شەهید غەسان کەنفانی ، ئاوا بیری لەجەماوەری گەلەکەی ئەکردەوەو بۆ ئەو مەبەستەش ژیاو لەپێناوی ئەوەشدا شەهید بوو .

هەشتی ئەم مانگە سالێکی تەواو رابورد بەسەر شەهیدبوونی نووسەرو تێکوشەری شۆرشگێری گەلی فەلەستین غەسان کەنفانیدا ، بەم بۆنەیەوە ، لەچەندێرێکدا ژیانی ئەم شەهیدە ئەمرە ئەخەینە پیش چاوی خوینەرانی بەریز .

● لە ٩ی نیسانی ١٩٣٦ لە شاری ـ عەکا ـ لەدایك بووە .

● سالّی ١٩٤٨ دوای کوشتارەکەی دێر یاسینو دابەش کردنی خاکی فەلەستین لەگەلّ خێزانەکەیو دەربەدەرەکانی ترا روی کردۆتە خاکی لوبنان .

● خۆیو خێزانەکەی لەوێ ماونەتەوەو پاش ماوەیەك چونەتە شاری حەلەب لەسوریاو ئینجا لەشام نیشتەجێ بوون .

● سالّی ١٩٥٥ لەزانکۆی شام کۆلێژی ئادابی عەرەبی تەواو کردووەو لەوێوە چووە بۆ کوێتو بەدەرس وتنەوەوە خەریك بووە .

● هەر لەوێ دەست ئەکا بەنووسینو لە رۆژنامە عەرەبیەکانا بەناوی (ابو العز)ە وە نووسینەکانی بلاوکراوەتەوە

● دوای شۆرشی ١٤ی تەموزی سالّی ١٩٥٨ هاتۆتە عێراقو ماوەیەکیش لێرە ماوەتەوە .

● سالّی ١٩٥٩ یەکەم چیرۆکی کورتی لەژێرناوی ـ کراسە دزراوەکە ـ دا بلاو ئەکاتەوەکە لەوسالەدا بەیەکەم چیرۆك لەقەلەمدرا .

● لە سالّی ١٩٦٠دا چۆتە بیروتو لەرۆژنامەی (الحریة) ئیشی کردووە .

● لەوکاتەوە ، غەسان کەنفانی وەکو تێکوشەرێکی

براونە ل ٧

چەند وشەیەك لەیادی :

گاور باغی وشۆرش و کەنەفانی دا

-١-

● لەتەموزا ، کە سروشت ، گەرمدایەت ، تورەییو تەکانی بەگژا چونی « زۆردار » لەم ولاتەدا زۆر جار بەرادەی ئەو گەرمایە زیاتر هەلچووە ..

ـ رۆژی ١٢ی تەموزی ١٩٤٦ تەوژمی بەخوێنی کرێکارانی ـ گاورباغی ـ دا

ـ بابە گورگۆر ، ئاگرو خوێنو ئالتونی رەشی لە بازووی کرێکارانا کرد بەتەکانی بەگژاچون ..

ـ گاورباغی .. لەژوورگری ئەزەلی بابەگورگورەوە وە تابلۆیەکی ئازایەتی کرێکارانی لە دوکەلەکەیا دروست کرد ، لەو رۆژەوە ، مۆنۆپولیەکان ، هەموو ١٢ی تەموزێ ، دلیان ئەکەوتە خورپەو ئەیان زانی ئەوتەکانەی گاورباغی ، لەگەلّ نوچ دانیشیا تۆوی سەرکەوتنی پاشەرۆژی چاندووە ..

ـ تەموزو گاورباغیو گری ئەزەلی باوەگورگور بۆ ئێمە .. تویشوی رێگایەکی دووره ..

-٢-

● وە لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا ، تورەیی جارێکی ترو بەشێوەیەکی کاریگەرتر گەرم داهات ، گەلّ جولا .. سەرانسەری ولات خرۆشا .. گولی درەختی گاورباغی گەشایەوە ..

ـ تورەیی سالّی ٢٠و گاورباغیو بەردەرگای سەراو کانون بوون بەو شۆرشە رۆشنە ..

**ئەم عیراقە خۆشەویستە
خاکی گوڵ گون بو بە خوێن
تا حەقی دەست گیرنەبێ
لەو خوێنە دەست هەلناگرێ
دۆستایەتی کوردو عەرەب
زۆر کۆنە تاریخ شاهیدە
دوژمنی ناحەز لەداخا
بابەخەی خۆی دادرێ ..
ـ بیکەس ـ**

ـ وە هەر لە تەموز ، لەدەرەوەی سنووری ئەم ولاتەدا ، تورەیی بو بە سەرکەوتن ، شۆرش لەکوبا رەگی داکوتاو گولی ئالّی گەشایەوە ، لە جەزائیر خوێنی ملیونێك ئالای سەربەخۆیی هەلکرد ..

-٣-

● وە لە ٨ی تەموزی پارا دەستی تاوان ، گەیشتە گیانی ئینسانێك ، گیانی باوەرێك تەوژمی شۆرشی درێژخایەنی گەلێکی تورەی بەرەو پێشەوە هاندا .. غەسان کەنەفانی شەهید بوو .. بەلام ، شەهید بوونی ئەو ئینسانە ، بەپێچەوانەی خواستی دوژمنەکانی سەربەستیو ئازادی گەلانەوە ، توانای بەردەوامی زیاتریدا بەو باوەرەی غەسانی لەپێناویا شەهیدبوو ..

براونە ل ٧

سوپاس نامەی کۆلیجی ئاداب

لەجیاتی عەمیدی کۆلیژی ئادابو سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی دوکتور خلیل حماش سوپاس نامەیەکی بۆ رۆژنامەی هاوکاری ناردوە بەرامبەر بەپێش کەش کردنی ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە بە بەشی زمانی کوردی .

بۆتان وەرگێرمەوە !

ئاغا ئەمەش عانەیەك حیساب ئەکەی ؟

× ×

شەوبو رێمان کەوتە مزگەوتەکەی (وێلەدەر) پیاویکی ئیختیاری سوحبەتچی بۆی گیراینەوە وتی :ـ

ئاغایەك ئەبێ زۆر درۆزن ئەبێو خزمەتکارێکی ئەبێ ناوی خلە ئەبێ ، ئاغا هەر درۆیەکی بکردایە خلە بۆی ئەپۆشیو بەپێی رێکەوتنی نێوان (ئاغاوخلە) هەر درۆیەك ئاغا عانەیەکی ئەدا بەخلە ..

رۆژێکیان باسی هەوای سازگاری لوبنان ئەکەن کە هاوینان فینکەو خۆشە .. ئاغائەلّی : هاوینێك لە گازینۆیەکی تازە لە لوبنان دانیشتبوم خەریکی نان خواردن بوم ، پشیلەیەك هات پارچەگۆشتێکی ناو دەوریەکەی لەبەر دەمما فراندو رای کردو لەپەنجەرەی ژورەکەوە بازیدا .. چاوم لێبو هەر پێی کەوتە ئەودیو پەنجەرەکە سەرما بە حەواوە بەستیو بوو بەسەهۆل .خەلکەکە دەست ئەکەن بەپێکەنین ئاغایش بۆ خلەی خزمەتکاری ئەروانی کە بۆی بسەلمێنی .. خلەش زۆر لەسەرخۆ ئەلّی :

(ئاغا ئەمەش هەر عانەیەك حیساب ئەکەیت ؟!) .

وێنەیەك لە کوردستانەوە

ئەم منالە هەژارە ، چۆن پەروەردە ئەبێت کە بەساوایی چاو بە سوالکردن هەلبهێنێت !

کامێرای م. حیدری

● لەدەرەوەی سنور

● نیکسۆن لەجین فۆندا ئەترسێ !

جۆن دین ، کە یەکێك بوو لە کارگێرەکانی کۆشکی سپی ئەمەریکا ، لە بەردەم ئەو لیژنە پەرلەمانیەی راسپێردراوە لە کارەساتی ـ ووتر گیت ـ بکۆلێتەوە دانی بەوەدا ناوە کە نیکسونی سەروکی ئەمەریکا بەلیستەیەك ناوی دوژمنەکانی کۆشکی سپی دیاری کردووەو فەرمانی داوە بەهەولدان بۆ بەربەستی کردنی ئەو کەسانەو وتویە ، نیکسون زۆریان لێ ئەترسێ .

« جین فۆندا » و «گریگۆری بێك » کە دوو ئەکتەری سینەمایی ناسراون لەو لیستەیەدا لەریزی پێشەوەن وە نیکسون وتویەجموجولی ئەوانە ترسێکی گەورەی بۆ سەر سەلامەتی خۆی و کۆشکی سپی هەیە .

چۆن بۆ خەلکیان سەلماند پۆمپیدۆ نەخۆش نیە

لەم دواییەدا هەندێ لە رۆژنامەکانی فەرەنسا لەوە ئەدوان کە گوایە « ژۆژ پۆمپیدۆ »ی سەروکی فەرەنسا نەخۆشەو لەبەر ئەوە لە هەلبژاردنی داهاتودا بۆ سەرۆکایەتی بەشداری ناکات ، ئەم هەوالە زۆر دامو دەزگای راگەیاندنی فەرەنساو ئەوروپای خەریك کرد هەتا بلاوکردنەوەی ئەم وێنەیەی پۆمپیدۆ لەگەلّ خێزانەکەیاو دوانەکەی ئەمدواییەی خۆی کە بە رەسمی ئاشکرای کرد نەخۆش نیەودوای کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتی خۆی داناوە بۆ هەلبژاردنەوەی داهاتوش ، رۆژنامەکان لەژێر ئەم وێنەیەدا نووسی بوویان :

« پومپیدۆ تەندروستی باشە ! »

١٣٥ لاپەرە بەخوێنی خۆی ئەنووسێ !

« سوتوکو ـی قەرالّی ژاپون کە لە ١١٢٤ وە بۆ ١١٦٤ ژیاوە ، کاتی فەرمان رەوایی کودەتایەکی لەدژ کراو دورخراوەتەوە بۆ دورگەی ـ سانوکی ـ لەوێ سێ سالّ ماوەتەوە لەو ماوەیەدا کتێبی ـ لانکافاراسوترا ـ ی نووسیوەوە ، کە کتێبێکی بەناوبانگی ئاینی هندۆسە ، ئەوەی سەیرە ، ئەم خوێنی خۆی لەنووسینەوەی خوێیی خۆی لەنووسینەوەی کتێبەکەیا بەکارهێناوە ، ئەم کتێبە بریتیە لە ١٣٥ لاپەرەو ١٢١٥ دێرو ١٠٥٠٠ وشە ، قەرالّی دەرکراو ئەم کتێبەی ناردوە بۆ ـ بوزا ـ تا بەزەیی پیا بێتەوەو هەولّی گێرانەوەی سەر تەختی بۆ بدات ، وائەگێرنەوە دوای ئەوە سوتوکو لە سالّی ١١٤٤دا گەراوەتەوە سەر تەختو دوای ئەوە ماوەی ٢٠ سالّ حوکمی کردووە .